WWW.RUDAW.NET
رووداو
RÛDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (303)   دووشەممە 2014/3/31   11ی نەورۆزی 2714   (750) دینار


## لە (رووداو) زۆرتر دەناسرێن

(تۆڕی میدیایی رووداو) ئاگاداری سەرجەم لیست و کاندیدەکانی هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان دەکاتەوە، کە دەتوانن بە نرخێکی گونجاو و کواڵێتییەکی بەرز لە (رووداو) رێکلام بۆ خۆیان بکەن.
پەیوەندی بکەن بە:

رێکلام بکە

07508334433
07508332233
07702521111
agency@sidarholding.com




کوردێک لە گرتووخانەی گوانتانامۆی بچووک

11

سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە سلێمانی:

پارتی لە سلێمانی بە جوملە خەڵک دەکڕێت

18



دەبێ ئەردۆغان بکوژن

22

بەپێی ئاماری پارتی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق:

# یەکێتی دووەم دەبێت و گۆڕان دەبێتە هێزی سێیەم

جەعفەر ئیبراهیم:
لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا پارتی ملیۆنێک و 200 هەزار دەنگ دەباتەوە

« 4





REKLAM

ئاسیاسێل
کۆماندەکاتەوە



ئۆفەرەکەمان هێندەی خۆشەویستیمانە
٦ کاتژمێر پەیوەندی و ٧٥٠ مێگابایت ئینتەرنێت
بـــێـــبـــەرامـــبـــەر

ئینتەرنێتی بێبەرامبەر

ئۆفەری بەهار

ئۆفەرێکی تایبەت لە ئاسیاسێڵەوە بۆ سلێمانی و هەولێر و دهۆک.
• بێبەرامبەر قسەبکە لە ١ بۆ ٤ پاش نیوەڕۆ و ١٢ی شەو تا ٣ی بەیانی لەناو تۆڕی ئاسیاسێڵدا. بۆ بەشداریکردن، نامەیەکی بەتاڵ بنێرە بۆ ٣٠٤٤ تەنها بە ٣٠٠٠ دینار.
• مانگانە ١ گێگابایت بەدەست بهێنە بە ١٢٠٠٠ دینار کە پێشتر نرخی ٢٥٠ مێگابایت بووە، بۆ بەشداریکردن پیتی ب یان B بنێرە بۆ ٣٠٦٦
• ئەم ئۆفەرە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە.

/AsiacellConnect

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان

ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (303) دووشەممە 2014/3/31

## پەرلەمانتارێکی گۆڕان دەبێتە زاوای پەرلەمانتارێکی یەکێتی



**سەهێن موفتی- هەولێر**

ڕێباز فەتاح، پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بووە زاوای ئیسماعیل شوکر، پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی عێراق لەسەر پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ڕێباز فەتاح، کچی ئیسماعیل شوکری خواستووە و بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە دوور لە بیروباوەڕی حیزبی بووە". ڕێباز ڕەتیکردەوە ئەو هاوسەرگیرییە کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی هەبێت و گوتی "هەر گۆڕانم و بە گۆڕانیش دەمێنمەوە و پرۆسەی هاوسەرگیری کاری بە سیاسەتەوە نییە".

### زیندانییەک، کە حوکمی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنراوە:

# لەسەر تاوانێک گیراوم کە بکەرەکانی لە سێدارەدراون

**ڕووداو- هەولێر**

وشیار، 10 ساڵە لەودیو شیشەکانی زیندانەوە شەو و ڕۆژ بەسەریەکەوە دەنێت، بە قسەی خۆی لەسەر تاوانێک گیراوە کەم تا زۆر پەیوەندی بەوەوە نییە "لە ئاسایشی گشتی هەولێر بە زۆر و لە ژێر فشاری ئەوەی دەستدرێژی دەکەنە سەر خێزانەکەم، دانم بە تاوانێکدا نا کە من نەمکردبوو". پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێت "دۆسیەی هاوشێوەی ئەوە لە زیندانەکانی سلێمانیش هەیە".

وشیار سابیر حەسەن، تەمەن 32 ساڵ، کاتێک دەستگیر کرا، خێزاندار بووە و منداڵێکی هەبوو، بەڵام ئێستا خێزانەکەی لێی جیابووەتەوە، منداڵەکەشی ماڵی باوکی هاوسەرەکەی بۆی بەخێودەکەن.

وشیار بە تۆمەتی ئەنجامدانی تەقینەوەیەک کە لە ساڵی 2004 لەسەر شەقامی شەست مەتری لە نزیک وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕوویدا، لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی بەناوی ئەمیر قادر دەستگیر کران، بەڵام بە قسەی خۆی هیچ ئاگای لەو تەقینەوەیە نەبووە و بە "ناهەق" گیراوە و دەڵێت "ئەنجامدەرانی ئەو تەقینەوە دەستگیرکران و لەسێدارەش دران".

وشیار کە ئەوکات دووکانی جوانکاری هەبووە لە نێو بازاڕی قەیسەری، دەڵێت ڕۆژی 2004/8/15 ئاسایش لە دووکانەی بانگیان کردووە و پێیانگوتووە کاریان پێیە "بەڵام دواتر دەستگیریان کردم، بە 7 تاوەکو 8 کەس لێیاندام، دواتر خۆم لە ژوورێکی تاکەکەسی بینییەوە لە ئاسایشی گشتی". هەروەها دەڵێت "بە بەردەوامی دوو کەس لێیان دەدام و دوو کەسیش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردم و دەیانگوت دەبێت بڵێیت تەقینەوەم کردووە".

وەک وشیار دەڵێت، بۆ ماوەی 8 ڕۆژ بە بەردەوامی "ئەشکەنجە" دراوە و تەنیا ئەوەندە خواردنی دراوەتێ پێی بژێت. باسی جۆری ئەشکەنجەکانی ئاسایش دەکات و دەڵێت "هێدفۆنیان لە گوێ دەکرین و گۆرانییان بۆ لێدەدایین بە دەنگێکی زۆر بەرز، بە کێبڵ لێیان دەدایین، هەڵیاندەواسین، چاکەتێکی ئاسنیان لەبەر دەکرین کە زۆر قورس بوو".

وشیار لەودیو شیشەکانی زیندانەوە بەردەوام گۆچانێکی پێیە و ناوە ناوە سەری نزم دەکردەوەو سەیری پێیەکانی خۆی دەکردو دەیگوت "بەهۆی ئەشکەنجەدان و دەرزی لێدانەوە قاچم ئازاری پێگەیشتووە، دەبێت بە گۆچان بڕۆم".

وشیار ئەوکاتەی دەستگیرکراوە تەمەنی 22 ساڵ بووە و دەڵێت لە ڕۆژی هەشتەم لە کاتی لێکۆڵینەوەدا سێ ڕێگەیان خستووەتە بەردەمی بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرێت و دانی پێدا بنێت "گوتیان یان تەقینەوەکەی 60 مەتری، یان یەکی شوبات، یانیش تەقینەوەیەکی دیکە کە بە باشی بیرم نەماوە". هەروەها دەڵێت "گوتیان بڵێ تەقینەوەکەی بەردەم وەزارەتی ڕۆشنبیریم ئەنجام داوە، ئەوەیان هیچ زیانی گیانی بەدواوە نەبوو، حوکمەکەشت کەم دەبێت".




وەک وشیار دەڵێت "هەندێک لەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردین بە قسەی نەرم و خۆش قسەیان دەکرد و دەیانگوت دانی پێدا بنێن، ئەگەر نا ئەوانەی کە دوای ئێمە دێن تەفاهومیان نییە".

وشیار و هاوڕێکەی وەک خۆی باسی کرد بۆ ماوەی 7 مانگ و 20 ڕۆژ لە ژووری ئینفیرادی ماونەتەوە، دانیان بەهیچ شتێکدا دانەناوە. دواتر ناچار کراون ئیعتراف بکەن.

وشیار گوتی "ڕۆژێکیان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا گوتیان ئەگەر ئەمجارە ئیعتراف نەکەن، ئەوە خێزانەکەت دێنین و لەبەرچاوی تۆ دەستدرێژی دەکەینە سەر، منیش ڕازی بووم دان بە تاوانەکەدا بنێم".

کاتێک وشیار دەبەن بۆ ئەوەی ئیعترافنامەکەی بنووسێت و پەنجەمۆری لێوەربگیرێت پەشیمان دەبێتەوە "بەڵام ئەمجارە چاویان بەستم و گوتیان دیارە تۆ ئیعتراف ناکەی، هەر ئێستا ژنەکەت دێنین و دەستدرێژی دەکەینە سەر، لە ناکاو هاوار و قیژەی ژنێک هات، منیش وامزانی خێزانەکەمە پێمگوت کاغەزی سپیم بۆ بێنن بۆتان واژۆ دەکەم، ئەمیریش هەر بەو جۆرە ئیعترافی کرد".

ڕۆژی 2006/5/19 دادوەر سزای لە سێدارەدانی بۆ وشیار و ئەمیر دەرکرد، وشیار دەڵێت "لە دادگایەکی داخراو بەبێ ئامادەبوونی هیچ شایەت و پارێزەرێک سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرکردین".

بە وشیار و ئەمیر ڕادەگەیەنرێت کە دەتوانن لە ماوەی مانگێکدا داوای تەمیزکردنەوەی حوکمەکەیان بکەن. لەو ماوەیەدا هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەبیستن، ئەویش گرتنی ئەنجامدەرانی چەند تەقینەوەیەکی شاری هەولێرە. لەوانەش گرتنی سەعد و هێمن کە لە 2008/4/1 لە بە تاوانی ئەنجامدانی چەند تەقینەوەیەک لە شاری هەولێر لە سێدارەدران، بەپێی قسەی وشیار ئەو تەقینەوەیەی ئەوانی لەسەر دەستگیر کرابوو "لەلایەن گروپەکەی سەعد و هێمنەوە کرابوو".

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 174 لە ڕێککەوتی 2008/12/28 لێبووردنی گشتی دەردەکات و بەو هۆیەش حوکمی ئەو دوو کەسە لە لەسێدارەدانەوە دەکرێتە هەتاهەتایی.

بەڵام وشیار سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لە مانەوەی ئەوان لە زیندان و گوتی "ئەوان دەڵێن گوایە من و ئەمیر ڕێگەمان بەو کەسانە نیشانداوە و ڕێگامان بۆ ئاشکرا کردوون، بەگوێرەی یاساش ئێمە و ئەوان یەک حوکم دەمانگرێتەوە، باشە بۆ ئێمەشیان لە سێدارە نەدا، دواتریش ئەنجامدەری ئەو تاوانە ئاشکرا بوو، ئێمە لە زیندان چی دەکەین؟".

### لە سلێمانیش دۆسیەی هاوشێوە هەیە

وشیار دۆسیەی خۆی گەیاندووەتە لای پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی سۆران عومەر، بە مەبەستی بەدواداچوون. سۆران عومەر ئەوەی پشتڕاستکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "کاک نێچیرڤان بارزانی بەڵێنی داوە بە دواداچوون بۆ ئەو دۆسیانە بکات کە دۆسیەی وشیار یەکێکە لەوانە. بەم نزیکانە دۆسیەکان دەگەیەنینە دەستی کاک نێچیرڤان". سۆران گوتیشی "6-7 دۆسیەی هاوشێوەی وشیارمان لەبەردەستە کە یەکێک لە دۆسیەکان لە زیندانەکانی سلێمانییە، لە نێو دۆسیەکان حاڵەتی مەترسیداریشی تێدایە".

# لەسەر ڕاکێشانی ئاو پیاوێک دەکوژرێ



**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ژنی حاجی یاسین سەرتاپای جەستەی ڕەشکردبوو، بە دەنگێکی نووساوەوە هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی خوێنی مێردەکەی دەکرد کە دراوسێیەکیان تۆمەتبارە بە کوشتنی "هەرچۆنێک بێت لە هەقی مێردەکەم خۆشنابم و تۆڵەی دەکەمەوە".

ئێوارەی 2014/3/29 لە کۆمەڵگای مەلائۆمەر لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر، دوو دراوسێ لەسەر ڕاکێشانی ئاو دەبێتە دەماقاڵێ و شەڕیان، لە ئەنجامدا یەکێکیان بە ناوی حاجی یاسین دەکوژرێت، دوای تێپەڕبوونی 12 کاژێر بەسەر ڕووداوەکەدا تۆمەتبار لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا.

حاجی یاسین عەبدولڕەحمان، 69 ساڵ، کە پیشەی شۆفێرییە، پاش ئەوەی لەسەر کار دەگەڕێتەوە، کاژێر 6ی ئێوارە لەگەڵ دراوسێکەیان دەیکەنە شەڕ و دراوسێکەیان بۆکسێکی لێدەدات و بۆڕیەکیش دەکێشێت بەسەریدا، حاجی یاسین کە باوکی 10 منداڵە هەر لەوێ گیان لەدەست دەدات.

زەهرا مەغدید، خێزانی حاجی یاسین، باسی کوژرانی مێردەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "ئێمە ئاومان لە بیرێک ڕاکێشاوە کە نزیکی ماڵی خۆمانە، 3 جار ئەو پیاوە ئاوەکەی ئێمەی بڕی و ئێمە قسەمان نەکرد، بەڵام ئێوارەی ڕووداوەکە پیاوەکەم هاتەوە ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند و نەهاتە ژوورەوە، پاشان کوڕە بچوکەکەم بانگی کردم، گوتی باوکم لەگەڵ ئەو پیاوەی دراوسێمان کردوویەتی بەشەڕ، کە چووم بینیم پیاوەکەم ددانی شکاوەو خوێن بە دەمیدا دێتە خوارەوە و حەبێکی پێیە دەیەوێت بیخاتە ناو دەمی، چونکە نەخۆشیی دڵی هەبوو".

بە گوتەی زەهرا، ئەو پیاوە بۆڕییەکی بە دەستەوە بووە و بە بۆڕییەکە و بۆکس لە مێردەکەی داوە "کە مێردەکەم بەو شێوەیە بینی بۆڕییەکەم هەڵگرتەوە و ویستم لە پیاوەکە بدەمەوە، بەڵام مێردەکەم حاڵی باش نەبوو، بۆیە لەگەڵ منداڵەکانم بەرزمان کردەوە و هێنامانە حەوشەی ماڵەوە، هەر لە حەوشەکە گیانی لەدەست دا".

کچە گەورەی کوژراوەکەش کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت "ئەو پیاوەی باوکمی کوشت زۆر لە دراوسێکان لێی ڕازی نەبوون، چونکە ئاو و کارەبای بە دزییەوە ڕادەکێشا، کە ئاوی ئێمەشی دەبڕی دەمانگوت بۆ وا دەکەیت دەیگوت هەر بە هەوەس، بۆیە داوا دەکەین هەقی باوکم بدرێت و تۆڵەی لێ بکرێتەوە".

ئەو ئامانژەشی بەوە کرد کە ڕاستە باوکی نەخۆشیی دڵی هەبووە، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە گەڕاوەتەوە هیچ کێشەیەکی نەبووە و باری تەندروستیشی زۆرباش بووە.

پاش ڕووداوەکە، دەستبەجێ تۆمەتبارەکە ڕادەکات و خۆی دەشارێتەوە. ئەو تۆمەتبارە کە ناوی (ا،ا)ەو تەمەنی 30 ساڵە، ماوەیەکی زۆر دراوسێی ماڵی حاجی یاسین بووە.

ڕائید کاروان شێخ عەبدولکەریم، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی لە کۆمەڵگەی مەلائۆمەر لە هەولێر هاووڵاتییەک لەسەر ڕاکێشانی ئاو کوژرا، هێزەکانی پۆلیسی شاوێس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ئەو ڕووداوە کردەوە و هەروەها دەستیان کرد بە گەڕان بۆ دەستگیرکردنی تاوانبار و لە کاتی گەڕانیش بە دوایدا، تاوانبار خۆی ڕادەستی مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی شاوێس کرد، دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری دا بە بەندکردنی بەپێی ماددەی 410 لە یاسای سزادانی عێراقی".

(ڕووداو) هەوڵیدا لێدوانی کەسوکاری تۆمەتبارەکە وەربگرێت، بەڵام لە گەڕەکەکە ڕایانکردبوو بەرەو شوێنێکی نادیار.

# سوڵحێک بە ملیۆنێک و 600 هەزار دۆلار دەکرێت

**ڕووداو- کەرکووک**

لە شاری کەرکووک نرخی خوێنی مرۆڤ لە سوڵحی عەشایەریدا بە 12 هەزار دۆلار دیاری دەکرێت و هێرشکردنە سەر خەڵکیش نرخی خۆی هەیە. بەڵام هەفتەی ڕابردوو سوڵحێکی نێوان دوو بنەماڵە ملیۆنێک و 600 هەزار دۆلاری تێچوو.

ساڵی ڕابردوو بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی شەڕ لە نێوان دوو بنەماڵە ڕوویدا و بەو هۆیەشەوە چوار کەس لەو بنەماڵەیە کوژران کە لەلایەن بنەماڵەکەی دیکەوە هێرشیان کرابووە سەر. هەفتەی ڕابردووش لەسەر دەستی بەرپرسێکی یەکێتی کۆتایی بەو کێشە خوێندارییە هێنرا.

ئەو کێشەیە لە نێوان بنەماڵەی حاجی سەعید و محەممەد نەجم ڕوویدا. بنەماڵەی حاجی سەعید هێرشیان کردبووە سەر بنەماڵەی محەممەد نەجم و چوار کەسیان لێ کوشتبوون، دواتر 7 کەس لە بنەماڵەی حاجی سەعید لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران.

مەلا کەمال کوێخا حەبەش، ڕێکخەری ئەو ئاشتکردنەوەیە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "پارساڵ بنەماڵەی حاجی سەعید هێرشیانکردە سەر بنەماڵەی محەممەد نەجم مەجید و 4 کەسیان لێ کوشتن و بەوهۆیەوە 7 کەس دەستگیرکران، ماوەی شەش مانگە من لەهەوڵدام بۆ چارەسەرکردنی ئەم دوژمنداریە". گوتیشی "لایەنی یەکەم لەڕێگەی نووسینگەی کۆمەڵایەتی گشتی یەکێتییەوە لە کەرکووک هەوڵیاندا ئەم گرفتە چارەسەر بکەن، هەفتەی ڕابردوو هەردوو بنەماڵە لە گوندی حەسار- شوان لە ماڵی سیروان کوێخا نەجم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کۆبوونەوە و ئیمزای ئاشتەواییەکە کرا".

سیروان کوێخا نەجم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرپەرشتی ئاشتکردنەوەی ئەو دوو بنەماڵەیەی کردووە و نووسینگەی کۆمەڵایەتی یەکێتیش لە کەرکووک کۆنووسێکیان لە نێوان هەردوو بنەماڵەکە ئامادە کردووە و سیروان کوێخا نەجم و هەردوو بنەماڵە واژۆیان لەسەر ئەو کۆنووسە کردووە. سوڵحی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیەش بە ملیۆنێک و 600 هەزار دۆلار کراوە.

سەبارەت بە دیاریکردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ ئاشتەوایی، مەلا کەمال کوێخا دەڵێت "لەم ئاشتەواییەدا بڕی 500 هەزار دۆلار لەبری خوێنی کوشتنی ئەو چوار کەسە دانرابوو، بڕی ملیۆنێک و 100 هەزار دۆلاریش لەبری ئەوە دانرابوو کە بنەماڵەی حاجی سەعید هێرشیان کردووەتە سەر بنەماڵەی محەممەد نەجم مەجید بە چەندین کەسەوە". گوتیشی "لەو ناوچەیە خوێنی هەر کەسێک کە بکوژرێت بە 12 هەزار دۆلار دانراوە، بەڵام هەشە سوڵح دەکات و هیچ پارەیەکیش وەرناگرێت".

لەو سوڵحەدا بەرپرسی مەڵبەندی دووی یەکێتی و بەرپرسی ناوچەی حەساری پارتی، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پیاو ماقوڵانی سنووری شوان و بیبانی و ساڵەیی لەگەڵ ژمارەیەک مەلا و زانای ئاینی ئامادەی دانیشتنی کۆتایی ئاشتکردنەوەکە بوون.







دەستوور
بەبێ ئاگاداری یەکێتی، پارتی و گۆڕان کۆبوونەوە
هەموو چوار شەممەیەك!
www.desturnet.com

## بارزانی: دەستوور مافی پێداوین بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا بچینەوە

**رووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژە بە پێداچوونەوەی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق دەدات "ئەگەر دەسەڵاتدارانی بەغدا بەردەوام بن لە پێشێلکردنی دەستوور و پشتگوێخستنی بنەماکانی شەراکەت". بارزانی ئەو قسانەی بۆ ماسیمۆ مارۆتی، باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق کرد لە کاتی پێشوازی کردنی لە پیرمام لە رۆژی 2014/3/30. بارزانی گوتیشی "بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکەین دوای ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانە پاشکۆی عێراق بین".



رووداو
راپۆرت
ژمارە (303) دووشەممە 2014/3/31

### بەپێی ئاماری پارتی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق:

# یەکێتی دووەم دەبێت و گۆڕان دەبێتە هێزی سێیەم

### جەعفەر ئیبراهیم:

### لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا پارتی ملیۆنێک و 200 هەزار دەنگ دەباتەوە

**میڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

پارتی دیموکراتی کوردستان چاوی لەوەیە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا سەرووی یەک ملیۆن دەنگ بباتەوە و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبەش دەڵێ "پارتی ئێستا لە باشترین ئاستدایە". ئەوە لەکاتێکدایە کە پێشبینی حیزبەکانی دیکە بۆ دەنگەکانی خۆیان ناگاتە 600 هەزار دەنگ.

بڕیارە رۆژی 2014/4/30 هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێ.

### پارتی: ملیۆنێک و 200 هەزار دەنگ دێنین

پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا زیاتر لە 30 کورسی بەدەستهێنا، بەرپرسانی باڵای دەڵێن ئەمجارە دەنگی زیاتر لەچاو هەڵبژاردنی رابردوو دەبات.

جەعفەر ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشبینی حیزبەکەی بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەخاتەڕوو "وەکو پارتی لەسەر ئاستی عێراق بەهەرێمی کوردستانەوە ملیۆنێک و دوو سەد هەزار دەنگ دێنین".

جەعفەر ئیبراهیم کە زۆربەی جار ئەو ژمارانەی لەبارەی هەڵبژاردنەکان دەیڵێ لەو ژمارانە نزیکن کە دوای هەڵبژاردنەکان رادەگەیێنرێ، دەڵێ "نازانین ژمارەی دەنگەکانی ئێمە بایی چەند کورسی دەکات، چونکە تاوەکو هەڵبژاردن نەکرێ نرخی کورسی دیار نابێ".

پارتی لە هەڵبژاردنەکانی رابردووی پەرلەمانی عێراقدا کە لە مانگی ئاداری 2010 ئەنجامدرا، 925 هەزار دەنگی بەدەستهێنابوو.

### یەکێتی دووەم و گۆڕان سێیەم

بەپێی ئامارێکی ناوەندی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە دەست (رووداو) کەوتووە، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا پارتی هێزی یەکەم دەبێ لەسەر ئاستی هێزە کوردستانییەکان و نزیکەی ملیۆنێک و 200 هەزار دەنگ دەبات. یەکێتی هێزی دووەم دەبێ و نزیکەی 600 هەزار دەنگ بەدەستدێنێ. بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان ژمارەی دەنگەکانی دەگاتە دەوروبەری 550 هەزار دەنگ. هەرچی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیشە لە پلەی چوارەم دێ بە بەدەستهێنانی 180 بۆ 190 هەزار دەنگ.

لە هەڵبژاردنەکانی 2010ی پەرلەمانی عێراقدا پارتی 925 هەزار دەنگ. یەکێتی 675 هەزار دەنگ. بزووتنەوەی گۆڕان 487 هەزار دەنگ و یەکگرتوو 214 هەزار دەنگیان بەدەستهێنابوو.

### بەرهەم ساڵح داواکارییەکی هێرۆ ئیبراهیم و کۆسرەت رەسوڵ رەتدەکاتەوە

بەرپرسانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەڵێن دۆخی حیزبەکەیان باش نییە، چونکە کێشەی قووڵ هەیە لەنێو حیزبدا و تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە.

هەریەک لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کۆسرەت رەسوڵ عەلی بە فەرمی داوایان لە بەرهەم ساڵح کردووە کە ماوەی دوو مانگە دەستی لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی کێشاوەتەوە، سەرپەرشتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام بەرهەم ساڵح ئەو داوایەی رەتکردووەتەوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە بەرهەم ساڵح بە (رووداو)ی راگەیاند "داوا لە بەرهەم ساڵح کراوە کە واجیهەی یەکێتی بێت لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام بەرهەم ساڵح ئەو پێشنیازەی رەتکردەوە.

هەر بەپێی زانیارییەکان، لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی تێیدا بەشدار ببوون و بەرهەم ساڵحیش لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووە، تێیدا باسی مەسەلەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان کراوە "داوا کراوە کە هیچکام لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن نەیەنە پێش و بەناوی یەکێتییەوە قسە نەکەن، ئەم پێشنیازە لەلایەن بەرهەم ساڵحەوە پاڵپشتی کراوە".

یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا تەنیا توانی 350 هەزار دەنگ بهێنێ.

ئەندامێکی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی گوتی "جگە لە هەرێمی کوردستان یەکێتی دەنگی باشی لە کەرکووک و تاڕادەیەک لە خانەقین و ئەو ناوچانە هەیە، بۆیە پێشبینی دەکەین دەنگەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بگەنە سەرووی 600 هەزار دەنگ".

هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە کە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بووە هێزی دووەم، بەرپرسانی دەڵێن ژمارەی دەنگەکانی ئەوان زیاد دەبێ.

زمناکۆ جەلال، بەرپرسی ئۆفیسی هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "لیژنەیەکی باڵا لەنێو گۆڕاندا پێکهاتووە بۆ سەرپەرشتیکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بە سەرپەرشتی عومەر سەید عەلی".

بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی 2010ی پەرلەمانی عێراقدا 487 هەزار دەنگی بەدەست هێنا، زمناکۆ ئامادەنەبوو پێشبینی بزووتنەوەکەی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئاشکرا بکات، بەڵام گوتی "پلانمان هەیە ژمارەی دەنگ و کورسییەکانمان زیاد بکەین".

### "ریکۆرددەشکێنین"

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2010ی پەرلەمانی عێراق، یەکگرتووی ئیسلامی 214 هەزار دەنگی هێنا. بەرپرسانی یەکگرتوو دەڵێن هەموو هەوڵێک دەدەن ئەو دەنگانە بهێننەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان باس لە شکاندنی ریکۆردی دەنگەکان دەکات و دەڵێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق "ریکۆرد دەشکێنین".

سەمیر سەلیم، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (رووداو)ی گوت "ئەمینداری گشتی یەکگرتوو خۆی سەرپەرشتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەکات".

گوتیشی "ئەمجارە بۆ پەرلەمانی عێراق ژمارەی کورسییەکانی خۆمان لە چوارەوە زیاد دەکەین".

یەکگرتووی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی 2013/9/21ی پەرلەمانی کوردستاندا لەڕووی ژمارەی دەنگدەرانییەوە دەنگی زۆری لەدەست دا، بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی کە کۆی دەنگەکانی 186 هەزار و 741 دەنگ بوو. بەڵام سەمیر سەلیم دەڵێ "دەنگەکانی خۆمان بەزیادەوە دەگەڕێنینەوە دۆخی جاران".

گوتیشی "27 هەزار دەنگمان لەدەستدا کە چوار هەزار لە دهۆک، سێ هەزار لە هەولێر و 20 هەزاریش لە سلێمانی بوو".

### کۆمەڵ: پارێزگاری لە دەنگەکانمان دەکەین

کۆمەڵی ئیسلامی بەپێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە ئەیلولی پارساڵ ئەنجامدرا، خاوەنی نزیکەی 120 هەزار دەنگە و لەهەڵبژاردنی 2010ی پەرلەمانی عێراقدا 153 هەزار دەنگی هێناوە بە پارێزگای کەرکووک و سەلاحەدین و دیالەوە، ئەوان دەڵێن هەر هیچ نەبێ ئەمجارە دەنگەکانی خۆمان دەپارێزین.

ئەنوەر سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی سەبارەت بە رێژەی دەنگەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی داهاتوو گوتی "ناتوانین هیچ ئامارێک رابگەیێنین، بەڵام لەوە دڵنیاین کە دەنگەکانی کۆمەڵی ئیسلامی زیاد دەکات".

سەنگاوی ئەوەشیگوت "زۆربەی کێشەکانی خۆمان چارەسەرکردووە، بۆیە دەنگەکانی خۆمان دەپارێزین و بگرە زیادیشی دەکەین".

### کورد 64 کورسی دەباتەوە

ئەندامێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق باس لەوە دەکات کە ئەگەر ئەمجارە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەژیرانە رەفتار لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن ئەوا کورسی باش بەدەستدێنن.

نەجیب عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "پێشبینی دەکرێ ئەمجارە کورد لە پەرلەمانی عێراق تاوەکو 7 کورسی زیاد بکات و ژمارەی ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی عێراق بگاتە 64 کورسی".

نەجیب عەبدوڵڵا داوا لە لایەنە سیاسییەکان دەکات پێکەوە دابنیشن و بە وردی ژمارەی کورد لە هەر کوێیەکی عێراق بێ تاوتوێ بکەن، بەتایبەتی لە "کەرکووک" و دەبێ ئەمجارە ژمارەی کورسییەکانی کورد لەکەرکووک بۆ پەرلەمانی عێراق بگەیەنرێتە "حەوت"کورسی کە پێشتر لە کۆی 12 کورسی تەنیا شەش کورسییان بردەوە.

لەم خولەی ئێستای پەرلەمانی عێراقدا کورد لە پارێزگای هەولێر 14 کورسی، لە سلێمانی 17 کورسی، لە دهۆک 10 کورسی، لە مووسڵ 8، لە کەرکووک 6 کورسی، لە دیالە یەک کورسی و یەک کورسی کۆتاکانیشی بەدەستهێنا. بەڵام بەبڕوای نەجیب عەبدوڵڵا، ئەمجارە کورد ئەگەر بەجددی کاربکەن لە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەتوانن تاوەکو 20 کورسی ببەنەوە، لەگەڵ کورسییەکانی هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان کۆی کورسییەکانی کورد لەپەرلەمانی عێراق بگاتە نێوان 62 بۆ 64 کورسی.

### کورد 19%ی دەنگەکان بەدەستدێنێ

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە لەم هەڵبژاردنەدا رێژەی کورد لە پەرلەمانی عێراق ناگاتە 20%.

ئێستا یەکگرتووی ئیسلامی چوار ئەندامی هەیە لە پەرلەمانی عێراق، بەبڕوای محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، ئەمجارە حیزبەکەی دەتوانێ کورسی زیاتر بەدەستبێنێ "پێشبینی دەکەین ئەمجارە یەکگرتوو بتوانێ ژمارەی کورسییەکانی خۆی لە پەرلەمانی عێراق بگەیێنێتە 7 کورسی".

جگە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، لایەنە سیاسییەکانی کورد لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا توانییان لە کۆی 325 کورسی 57 کورسی بەدەستبهێنن، واتە 18%ی کۆی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق.

بەڵام ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کە لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق سەرۆکی لیستی حیزبەکەی بوو، پێیوایە ئەمجارە کورد دەتوانێ ئەو رێژەیە زیاتر بکەن و کورسی زیاتر بەدەستبهێنن "چاوەڕێ دەکەین رێژەی کورد ئەمجارە لە پەرلەمانی عێراق بگاتە 19%".

بەپێی یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، سێ کورسی بۆ هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان زیاد کراوە، هەولێر لە 14 کورسی بووەتە 15. سلێمانی لە 17 کورسی بووەتە 18 کورسی و دهۆک لە 10 کورسی بووەتە 11 کورسی. کۆی گشتی کورسییەکانی هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان دەگاتە 44 کورسی لە پەرلەمانی عێراق.

### بەرهەم ساڵح، سەرپەرشتیکردنی کەمپینی یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو رەتدەکاتەوە

### پێشبینی پارتی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق:




### دەنگی حیزبە کوردییەکان لە هەڵبژاردنی رابردووی پەرلەمانی عێراق




# نەیارەکانی ئەردۆغان شکستێکی گەورەیان خوارد



**رووداو — هەولێر**

بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، پارتی دادو گەشەپێدان AKP بە سەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و وەک ئەردۆغان خۆی لە گوتاری پاش راگەیاندنی ئەنجامە نافەرمییەکاندا رایگەیاند، نزیکەی 46 بۆ 48%ی دەنگەکانیان بردەوە.

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان تەحەدایەکی گەورەبوو لەبەردەم حیزبی حاکمی تورکیا، چونکە هەم لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن CHP و MHP لەلایەک و هەم جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن لەلایەکی دیکە شەڕێکی بێوێنەیان لەدژی راگەیاندبوو، بەڵام بەگوێرەی ئەنجامە بەراییەکان لە کۆی 81 شارەوانی گەورەی تورکیا AKP توانی نزیکەی 64 شارەوانی بباتەوە.

هەر لەو هەڵبژاردنەدا، پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP کە بەگەورەترین پارتی کوردی باکووری کوردستان هەژمار دەکرێ، توانی زۆربەی ناوچە کوردییەکان و لە پێش هەموویانەوە شاری ئامەد، مێردین و دێرسیم بباتەوە. بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، BDP دەوروبەری 80 شارەوانی گەورەو بچووکی بردووەتەوە و دەنگەکانی لەچاو هەڵبژاردنی پێشوو زیادی کردووە.

دوای ئاشکرابوونی ئەنجامە بەراییەکان، ئەردۆغان لە کاژێر یەکی شەو لە شاری ئەنقەرە گوتارێکی بۆ ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی خۆی پێشکەش کرد و تێیدا بەتوندی هێرشی کردە سەر ئۆپۆزیسیۆن و جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن و رایگەیاند "گەلی تورکیا خائینە گەورەکانیان ناسی، بۆیە دەنگیان پێنەدەدان".

ئەردۆغان لەو گوتارەدا رووی لە گولەن کرد و گوتی "تورکیا رادەستی پەنسیلڤانیا ناکەین" وەک ئاماژەیەک بۆ فەتحوڵڵا گولەن کە لە ولایەتی پەنسیلڤانیای ولایەتە یەکگرتووەکان نیشتەجێیە.

لە درێژەی گوتارەکەیدا ئەردۆغان باسی پرۆسەی ئاشتی کرد لە تورکیا و گوتی کە سەرکەوتنی حیزبەکەی لەم هەڵبژاردنە سەرکەوتنە بۆ پرۆسەی ئاشتی.

بڕیار وایە لە 2014/4/1 کاژێر سێی دوای نیوەڕۆ ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا رابگەیێنرێ و ئەنجامە بەراییەکانیش کە تاوەکو شەوی رابردوو ئاشکرا کرابوون بەم شێوەیە بوو:

### ئەنجامی جیاکراوەی 87% دەنگەکان

| حیزبەکان | شاری گەورە | شار | شارۆچکە |
|---|---|---|---|
| AKP | 17 | 48 | 588 |
| CHP | 7 | 14 | 174 |
| MHP | 3 | 8 | 108 |
| BDP | 3 | 10 | 73 |

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە (303) دووشەممە 2014/3/31

## کریستیانەکانی ڕۆژئاوا دژی خۆسەری دیموکراتین



**ڕووداو- میونشن**

جاقوس بەهنان هیندۆ، مەترانی کالۆتیکەکانی پارێزگای حەسەکە بە ڕادیۆی فاتیکانی گوت "ئەو کریستیانانەی لە هەرێمی جزیرە دەژین، دژی دروستکردنی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردین". ئەو مەترانە ئەوە یەکەمجاری نییە ناڕەزایەتی خۆی دەربڕێ دژی ڕاگەیاندنی کانتۆنی جزیرە لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان. جاقوس لە دوایین لێدوانیدا بە ئاژانسی (Fid)ی فاتیکانی گوتووە "هەر گۆڕانکارییەک لە هەرێمی جزیرەدا ڕوو بدات، دەبێت بە هەمانگی هەرسێ پێکهاتەی ناوچەکە بێت، کە کورد و عەرەب و کریستیانەکانن".

### ئاڵتان تان، پەرلەمانتاری BDP:

# هاوپەیمانی لەگەڵ HDP هەڵە بوو

**دەنیز سەرنجی**
**ڕووداو- ئامەد**

ئاڵتان تان، پەرلەمانتاری پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP لە باکووری کوردستان ڕەخنەی لە پارتەکەی گرت بەهۆی هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلان HDP لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا و بە بڕیارێکی هەڵە وەسفیکرد.

سروشتی تێکۆشانی کورد لە تورکیا نەبەستراوەتەوە بە ئاین. گەورەترین پارتی کوردی لە تورکیا و باکووری کوردستان کە پارتی ئاشتی و دیموکراتییە، داوای مافە کەلتووری و نەتەوەییەکان دەکات، بەڵام ئەوانیش یەک نین، لە نێو ئەواندا بۆچوون و بیرکردنەوەی جیاواز هەیە.

لە نێو ئەو پارتەدا کۆمۆنیست، فیمینیست، سوننی، عەلەوی، پیاوانی دیندار هەن. بۆ نموونە لە نێو ئەو حیزبەدا کەسانی دینداری وەک ئاڵتان تان هەن. ئەو سیاسەتمەدارە تەمەن 55 ساڵە، هەمیشە وەکو کوردێکی موسڵمان دەردەکەوێت.

"لای من ئاین، یانیش بڵێم ئیسلام گرنگە، لەبەر ئەوەی گرنگەکانی دیکە بەشێکن لە ئیسلام، کاتێک تۆ موسڵمانی، پێویستە مافی پیاو، ژن، کورد و کەسی باوەڕدار بپارێزیت". ئاڵتان تان وا دەڵێت.

کاتێک کۆماری تورکیا لە ساڵی 1923 لەلایەن کەمال ئەتاتورک دامەزرا. خەلافەت و شەریعەت وەلانران. حیجابی ژنان قەدەخە کرا. ئەو قەدەخەکاریانە بە ناوی سکۆلاریزم بوو. بەڵام ئاڵتان تان دژی ئەو سکۆلاریزمەیە و دژی قەدەخەکارییەکانی سەر ئاینی ئیسلامە، بۆیە ئاڵتان تان، لە نێو کوردی باکوور، کە زۆرینەیان موسڵمانن، کەسێکی خۆشەویستە. ئەو هەم بانگەشەی کوردبوون و هەمیش داوا لە خەڵک دەکات پابەند بن بە ئاین.

BDP پارتێکی سکۆلار و چەپ و لیبراڵە، کەچی تان دەڵێت "من نە لیبراڵم، نە سکۆلارم و نە چەپیشم"، بەڵام ئەو چۆن لە نێو BDP دایە. ئەو دەڵێت "دەکرێ ئەو پارتەی کاری تێدا دەکەم سکۆلار بێت، بەڵام من سکۆلار نیم، من موسڵمانێکی باوەڕدارم، بەپێی ئاینی ئیسلامیش کەس ناتوانێت لە یەک کاتدا موسڵمان بێت و سکۆلاریش بێت".

ئاڵتان تان ڕەخنە لە سیاسەتی حیزبەکەی دەگرێت بەرامبەر بە کەسانی باوەڕدار و دەڵێت "BDP سیاسەتێکی هەڵە بەرامبەر بە باوەڕدارەکان پەیڕەو دەکات و بەو هۆیەش AKP سوودمەند دەبێت لەو سیاسەتە هەڵەیەی BDP و دەنگەکانی ئەوان بۆ خۆی دەبات".

زۆربەی کادیرانی BDP کەسانی سکۆلارن، بەڵام زۆربەی دەنگدەرانی کورد کەسانی باوەڕدارن، ئاڵتان تان پێیوایە "ئەگەر BDP لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام بێت، مەترسی هەیە لە ئایندەدا دەنگی ئەو باوەڕدارانە لەدەست بدات".

تان دەڵێت ئەو نایەوێت BDP ببێتە حیزبێکی ئیسلامی، بەڵام دەشڵێت "دەبێت سیاسەتی خۆی بگۆڕێت".

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا BDP هاوپەیمانیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلان HDP کردبوو بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی چەپەکانی باکووری کوردستان، بەڵام تان پێیوایە ئەو هاوپەیمانییە هەڵە بوو "BDP لەو هەڵبژاردنە هەڵەی کرد کە چووە پاڵ چەپەکان، باشتر بوو خۆی لە باوەڕدار و موسڵمانان نزیک بکردایەتەوە، دەنگی زۆرتری بەدەستدەهێنا".

کاتێک تان داوای بەهێزکردنی ڕۆڵی ئاینی ئیسلام لە کۆمەڵگەدا دەکات، هەندێک گرووپی سکۆلاری وەکو کۆمۆنیستەکان، عەلەوی و ئێزدییەکان دەترسن. بەڵام تان دەڵێت ئەوە ترسی ناوێت "من سەت دەر سەت ئازادی ئاینی بۆ کەمینە نەتەوەکانی دیکە دەپارێزم، با هەر کەس مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی بکات".

سەبارەت بە شەڕی 30 ساڵەی نێوان PKK و دەوڵەتی تورکیا و چارەسەری ئەو کێشەیە، بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە ئەوە بەستراوەتەوە بە دەستوورێکی نوێ کە بەپێی ستانداردەکانی ئەورووپا نووسرابێتەوە، پێویستە ئەو دەستوورە نوێیە مافی پەروەردە بە زمانی دایک، مافی هەموو کەمینە نەتەوەکان مسۆگەر بکات.



### هودا پار:

# BDP و PKK زیانیان بۆ کورد زیاتر بووە لە قازانج



**دەنیز سەرنجی**
**ڕووداو- ئامەد**

هودا پار کە لەساڵی 2012 لەسەر جەستەی لێکهەڵوەشاوەی حیزبوڵڵای کوردی دامەزرا، خۆی بە پارتێکی کوردی و ئیسلامی بە خەڵکی باکووری کوردستان ناساندووە، ئەو پارتە خۆی بە یەکێک لە ڕکابەرەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP لە باکووری کوردستان دەزانێت. (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ڤەدات تورگوت، کاندیدی شارەوانی باگلەری ئامەد سازکرد کە باسی تێڕوانینی هوداپار دەکات لەبارەی پرسی کورد.

**ڕووداو: هوداپار دەتوانێ چی بکات بۆ پرسی کورد؟**

**ڤەدات تورگوت:** ئێمە زمانی کوردی دەکەین بە زمانی فەرمیی دووەم لە کوردستان. ئێمە وەکو کورد لە شەڕی ئازادیی تورکیا لە ساڵی 1922 بەشداریمان کردووە و نیوەی شەهیدانی شەڕی چانا قەڵا کوردن. چ مافێک بۆ تورک هەیە، دەبێت هەمان ماف بۆ کوردیش هەبێ.

**ڕووداو: چارەسەری پرسی کورد بەلای هودا پارەوە پێدانی مافی کەلتوورییە یان خۆسەری، یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟**

**ڤەدات تورگوت:** ئەوە بڕیاری گەلی ئێمەیە، ئەگەر گەل کوردستانێکی سەربەخۆ بخوازێت، ئێمە بۆ ئەوە خەبات دەکەین، ئەگەر خۆسەریش بخوازێت ئێمە بۆ ئەوە کار دەکەین.

**ڕووداو: جیاوازی ئێوە لەگەڵ BDP چییە؟**

**ڤەدات تورگوت:** BDP لە دژی بەهاکانی گەل شەڕی هەڵگیرساند، سەرکردایەتی BDP بیرکردنەوەیەکی چەپیان هەیە، وەکو ئۆجەلان.

بەڵام 90%ی گەلی کورد موسڵمانن. گەل پشتگیری لە BDP و PKK دەکات، ئەویش لەبەر سیاسەتی ئەوان لەسەر ناسنامە. ئەو دوو حیزبە شتی باشیان بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد کردووە، بەڵام شتە خراپەکانیان زیاترن. زۆر زەرەریان لە گەلی کورد داوە، لە 30 ساڵی ڕابردوودا 40 هەزار کەس کوژراون کە 75%یان کوردن.

**ڕووداو: زۆر کەس پشتگیری BDP دەکەن، ئێوە چۆن دەتوانن ڕکابەریی ئەوان بکەن؟**

**ڤەدات تورگوت:** لە هەرێمە کوردییەکان دوو هێزی گەورە هەن AKP و BDP. بەڵام سەیری چالاکییەکانی ئێمە بکە. لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکانمان هەتا 200 هەزار کەس ئامادە دەبن، ڕاگەیاندنەکان باسی ناکەن، بەڵام گەل ئەوە دەبینێت. خەڵکی ئێمەی موسڵمان پارێزگاری لە دابونەریت و ئاینی خۆیان دەکەن. لە هەموو تورکیادا ئێمە تاکە پارتین کە مەرجەعیەتمان ئاینی ئیسلامە.

**ڕووداو: تێڕوانینی ئێوە لەسەر حیجابی ژنان چییە؟**

**ڤەدات تورگوت:** ئێمە دەخوازین ژنانمان سەرپۆش بکەن، ئێمە ناتوانین ئەمە بەسەر ژناندا بسەپێنین. بەڵام دەتوانین باسی زیانی نەپۆشینی حیجاب بۆ ژنان بکەین.

**ڕووداو: ئەگەر ئێوە دەسەڵاتدار بن، تێڕوانینتان بەرامبەر کەمینە ئاینییەکانی باکووری کوردستان چۆن دەبێت؟**

**ڤەدات تورگوت:** ئێمە نابێت بەشێوەی سۆزداری بیر بکەینەوە و بڵێین کە هاتینە سەر حوکم مافی کەمینە ناموسڵمانەکان دەپارێزین. من پێموایە کردنەوەی پەرستگای مەسیحی و عەلەوی پەیوەستە بەخۆیان. لەلایەکی دیکەوە بەستراوەتەوە بە ژمارەی ئەو کەمینانە. بۆ نموونە لەوەتەی BDP لەسەر دەسەڵاتە تا ئێستا یەک مزگەوتی دروست نەکردووە، بەڵام بە پارەی میللەت جەمخانەی بۆ عەلەوییەکان دروست کرد. کە هەمیشە بەتاڵە.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبوڵڵا چۆنە؟**

**ڤەدات تورگوت:** وەکو حیزب هیچ پەیوەندیمان بە حیزبوڵڵاوە نییە، بەڵام لە نێو دامەزرێنەر و ئەندامانی حیزبەکەمان کەسانی وا هەن کە پێشتر بەهۆی چالاکییەکانی حیزبوڵڵاوە سزا دراون. ئەندامانی حیزبەکەمان هەمەڕەنگن لە نێو ئێمەدا جەماعەتی ئاینی وەکو سلێمانییەکان هەن و حیزبوڵڵاش هەن.

**ڕووداو: حیزبوڵڵا بە چەند ڕووداوێکی کوشتن لە دژی کورد تۆمەتبار دەکرێن، بە تایبەتی لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو. ئێوە ئەو کوشتنانە ئیدانە دەکەن؟**

**ڤەدات تورگوت:** من نوێنەری حیزبوڵڵا نیم و ناتوانم بە ناوی ئەوانەوە قسە بکەم. لە نەوەتەکان شەڕ لە نێوان حیزبوڵڵا و PKKدا هەبوو. PKK هێرشی کردە سەر حیزبوڵڵا، حیزبوڵڵا سێ نوێنەری نارد بۆ لای PKK کە بۆچی هێرشمان دەکەنە سەر، ئێمە لە مزگەوتان دەرسی ئاینی دەڵێینەوە، ئەوە چ زەرەرێکی بۆ ئێوە هەیە، بەڵام هێرشەکانی PKK بۆ سەر ئێمە بەردەوام بوون لە وان و مێردین و باتمان، لە دواییدا حیزبوڵڵا بەرگری لە خۆی کرد، ئەوەش مافێکی سروشتیی خۆیەتی.

# بەهاییەکانی ئێران هانا بۆ دەسەڵاتی دادوەری دەبەن

**ئاڤا هۆما**
**ڕووداو- کەنەدا**

گروپێکی پێکهاتوو لە چالاکوانی مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەنووس و خوێندکارانی ئێران نامەیەکی کراوە ئاراستەی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران دەکەن تا لێکۆڵینەوە لەو توندوتیژیانە بکرێت کە ئەندامانی ئاینزای بەهایی ڕووبەڕووی دەبنەوە لە ئێران.

لە نامەکەیاندا بۆ سادق لاریجانی، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران، گروپەکە داوا دەکەن کە ئێران ڕێز لەو بەندەی دەستوور بگرێت کە دەڵێت کەمینە ناموسڵمانەکان دەبێت بەڕێزەوە و بەشێوەیەکی مرۆییانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. نامەکە لەلایەن چالاکوانانی بەناوبانگی وەکو ناسر ستودە واژوو کراوە. ستودە بەم دواییە لە زیندانی ئێران ئازادکرا.

نامەکە ئاماژە بە زیادبوونی سەرکوتکردنی بەهاییەکانی ئێران دەدات و داوا لە لاریجانی دەکات لێکۆڵینەوە لە هێرشەکانی ئەم دواییەی سەر بەهاییەکان بکات. زۆربەی شوێنکەوتووانی بەهایی لە ئێران، بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین و هەندێک لە مەلا موسڵمانەکانی ئێران بەهاییەکان بە کافر دەزانن. لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا سزای کافرەکان کوشتنە. لە چەند مانگی ڕابردوودا، بەهاییە ئێرانیەکان ڕووبەڕووی سەرکوتکردنی زیاتر بوونەتەوە. مانگی ڕابردوو باندێکی سێ کەسی دەمامکدار، هێرشیان کردە سەر سێ کەسی بەهایی لە ماڵەکانی خۆیاندا لە بیرجەند.

سەرەڕای ئەوەش، لە پایزی ساڵی ڕابردوودا 14 ماڵی بەهایی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانیەوە هێرشیان کرایە سەر و بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی بەهایی، کتێب و CD و کۆمپیوتەرەکانیان دەستی بەسەردا گیرا. هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە، دەسەڵاتداران بە خێزانەکانیان گوتوون کە ئەگەر لە شار نەچنە دەرەوە ئەوا "منداڵەکانتان لەسەر شەقامەکان بەر چەقۆ دەدرێن".

مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو لە شاری بەندەر عەبباس، کەسایەتیەکی ناسراوی بەهایی بەناوی ڕەزوانی بەر دەستڕێژی گوللە درا. ڕەزوانی چەند جارێک هەڕەشەی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لێکرابوو، هەروەها لەلایەن ئیتلاعاتەوە فشاری لەسەر بوو کە ئەو شارە بەجێ بهێڵێت.

حاڵی حازر 136 بەهایی لە زیندانەکانی ئێراندان. حەوت لە زیندانیەکان کەسانی ناسراوی بەهایین و بە تۆمەتی "تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی" و "بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە دژی ڕژێم" زیندانی کراون. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی بەندکردنی ئەو کەسانەیان شەرمەزار کرد.

مانگی ڕابردوو زیاتر لە 500 بەهایی نامەیەکیان ئاراستەی دەسەڵاتدارانی ئاینیی ئێران کرد و لە هەڵکشانی توندوتیژی بەرامبەر بە بەهاییەکان هۆشداریان دا و هەروەها داوایان کرد کە تاوانباران ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ لە ڕابردوودا چەندین جار ڕاپۆرتیان لەسەر سەرکوتکردنی بەهاییەکان داوە. بەهاییەکان ڕێگەی خوێندنی باڵا، دامەزراندن، مافە مەدەنیەکان و ئازادیەکانیان لێگیراوە. هەروەها ڕووبەڕووی گرتنی هەڕەمەکی و ئەشکەنجە و لەداردان و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵک دەبنەوە.



چەند چالاکوانێکی بەهایی لە دەرەوەی ئێران

## پەرلەمانتارێکی پارتی: کاتی دادگاییکردنی ئەنفالچییەکانە



**ڕووداو-هەولێر**

د.فەرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا، کە وێنەیەکی ناردووە بۆ (تۆڕی میدیای ڕووداو) رایدەگەیەنێت، ئەوانەی ڕێنیشاندەر و بەشداری ئەنفال بوون، ئێستا بەرپرس و خاوەن پۆست و دەسەڵاتن و شەهید و خائین بە یەکەوە لە لیستی شەهیدانی سەنگەر دانراون. هاوکات دەڵێت "کاتی هاتووە ئەوانەی دەستیان سوورە بە خوێن و بەشدارن لە ئەنفال، دادپەروەریان بەسەردا بسەپێنرێت". ئەو پەرلەمانتارە دەپرسێت "لەکوێی ئەم دونیایە ڕووی داوە خائین بە نیشتمان، خاوەنی فەوج و لیوا و سوپا و پاسەوان بێت؟".

# یەکێتی:

# پێکنەهاتنی حکومەت شکستێکە بۆ دیبلۆماسیەتی پارتی

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**



پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی پێکهێنانی حکومەت بەفەرمی سوپاسی هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات، بەڵام یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رەخنەی توند لە پارتی دەگرێ و بە "شکستخواردوو" لە پێکهێنانی حکومەت ناوی دەبات، بەرپرسێکی باڵای یەکێتیش دەڵێ "دیبلۆماسییەتی پارتی شکستی هێنا، چونکە نەیتوانی گرێکوێرەی پێکهێنانی حکومەت بکاتەوە".

شەش مانگ زیاتر بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە، بەڵام لایەنەکان تاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەت. هەموو هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی ئەو کابینەیە قوفڵ بوون.

دڵشاد عەبدولڕەحمان، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پارتی بە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی حکومەتەکە تۆمەتبار دەکات و دەڵێ "یەکەم هەنگاوی پرۆسەی پێکهاتنی کابینەی هەشتەم هەڵە بوو".

دڵشاد عەبدولڕەحمان، پێیوایە سەرەتای گفتوگۆکانی پێکهاتنی حکومەتی داهاتوو نەدەبووایە بە "دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان" دەستی پێکردبایە، بەڵکو "پێویست بوو لیژنەیەکی پسپۆڕ پێکهێنرابا بۆ داڕشتنی بەرنامەی حکومەت کە بەداخەوە ئەوەمان نەبینی". ئەو گوتی "یەکسەر باسی پۆستەکان کرا کە تۆ چیت دەوێ و ئەوی دیکە چی دەوێ، ئەمەش متمانەی بەیەکدی لاوازکرد، چونکە هەندێک لایەنمان بینی گوتیان وەزیرمان ناوێ، بەڵکو وەزارەتمان دەوێ".

ڕاوێژکارەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی رەخنە لە پارتی دەگرێ و دەڵێ "پارتی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا شکستی هێنا و ئەمەش خاڵێکی نێگەتیڤە بۆ پارتی کە نەیتوانی لەماوەی ئەم شەش مانگەدا حکومەت پێکبهێنێ".

دڵشاد عەبدولڕەحمان باسی شکستی دیبلۆماسیەتی پارتیش دەکات "تەنانەت پێکنەهاتنی حکومەت شکستێکە بۆ دیبلۆماسیەتی پارتی، دیبلۆماسیەت چییە؟ کردنەوەی گرێکوێرەکانە، کە گرێکوێرەیەک هەیە لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتدا دیبلۆماسیەتی لێهاتوو و سەرکەوتوو ئەوەیە ئەو گرێکوێرانە بکاتەوە، بەڵام بۆمان دەرکەوت پارتی ناتوانێ بیکاتەوە".

تەنیا یەکێتی نییە کە دەڵێ پارتی شکستی هێناوە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا، بەڵکو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانیش هەمان قسەی هەیە.

بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی نیگەرانیی حیزبەکەی لە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتدا نیشاندا و گوتی "پارتی لایەنی براوەی هەڵبژاردنە و ئەو موکەلەفە بە پێکهێنانی حکومەت". گوتیشی "تاوەکو ئێستا کە حکومەت پێکنەهاتووە، ئەوە پارتی لێی بەرپرسە و پارتی شکستی هێناوە لەو پرۆسەیەدا".

بیلال سلێمان داوای ڕوونکردنەوە لە پارتی دەکات کە "بۆ ڕای گشتی ڕوونکردنەوە بدات لەبارەی ئەوەی بۆچی حکومەت پێکنەهات و کێ هۆکارە و کێن ئەوانەی تەگەرە دەخەنە بەردەم پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت".

بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و هەڕەشەش دەکات کە ئەگەر پێویست بکات ڕوونکردنەوە بۆ ڕای گشتی دەدەن.

جەعفەر ئیبراهیم، ئەندام و گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی "گوناحە باسی شکست بکەین، چونکە خۆمان بە خەمخۆری پێکهێنانی حکومەت دەزانین، لایەنی سەرەکی کە زەرەرمەندە لەوەی حکومەت دواکەوتووە پارتییە، ئایا دەکرێ پارتی بەرژەوەندی خۆی لەبەرچاو نەگرێ، ئایا پارتی بیر لە دەنگدەر ناکاتەوە؟ نازانێ زیانی پێدەگات؟ دەبێ لایەنەکان بە ویژدانەوە و بە ئینساف باسی هەوڵەکانی پارتی بکەن کە چەند جددی بووە لە پێکهێنانی حکومەتدا".

جەعفەر ئیبراهیم ڕەخنە لە یەکێتی دەگرێ و دەڵێ "تاوەکو ئێستا و دوای ئەو هەموو کۆبوونەوانە یەکێتی ناوی کاندیدەکانی بۆ وەرگرتنی وەزارەتەکان پێشکەش نەکردووە".

گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی پەسنی سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕان دەدات و دەڵێ "بزووتنەوەی گۆڕان زۆر جددییانە و خەمخۆرانە هەم لە پرۆسەی پێکهاتنی حکومەتدا و هەم لە پێشکەشکردنی ناوی کاندیدەکانی بۆ پۆستە وەزارییەکان هاتوونەتە پێش، کە ئەمە جێگای دەستخۆشییە".

سەبارەت بە داواکەی کۆمەڵی ئیسلامی کە داوای ڕوونکردنەوە لە پارتی دەکەن، جەعفەر ئیبراهیم پێیوایە ئەو داوایەی کۆمەڵ "لەجێی خۆیدایە" چونکە وەک ئەو گوتی "پارتی لایەنی مەعنییە ڕوونکردنەوە بدات بۆ ڕای گشتی، بەڵام دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە بۆ ڕوونکردنەوەمان نەداوە، چونکە موراعاتی دۆخی هەرێمی کوردستان دەکەین، بە حوکمی ئەوەی پارتی ئەرک و بەرپرسیارێتی قورسی لەسەرشانە بۆ پێکهێنانی حکومەت، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە تەحەددیاتی زۆر گەورە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان هەن". گوتیشی "دیارە هەندێ لایەن هەن ئەو تەحەددیاتانە نابینن، پارتیش مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ ئەو تەحەددیاتانە دەکات".

گوتەبێژی پارتی هەڕەشەی کرد کە حیزبەکەی "لەکاتی پێویست ڕوونکردنەوە بۆ ڕای گشتی دەدات".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، پارتی پرۆژەی هەبووە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ یەکێتی پێکبهێنێ و ئەم پێشنیازەش خراوەتە بەردەم بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام یەکێتی خۆی هاتووەتە پێش و داوای کردووە کە بەشداربێ لە حکومەت.

جەعفەر ئیبراهیم ئەو زانیارییانەی ڕەتنەکردەوە، بەڵام گوتی "بژاردەی یەکەمی پارتی ئەوەیە کە گشت لایەنەکان لەنێو حکومەتدابن و حکومەتی کۆدەنگیی نیشتمانی پێکبهێنرێ". گوتیشی "بەڵام پارتی باسی هەموو ئەو بژاردانەشی کردووە و بڕیاری کۆتایی دەبێ لەم زووانە بدرێ".

تەنیا یەکێتی و کۆمەڵی ئیسلامی نین کە ناڕەزایی دەردەبڕن لە مەسەلەی دواکەوتنی حکومەتدا، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش ڕەخنە لە پارتی دەگرێ.

محەممەد ڕەئووف، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی ڕوو لە پارتی دەکات و دەڵێ "حکومەت ئاوا دروست ناکرێ". گوتیشی "کە هەمووما ڕێککەوتبین لەسەر ئەوەی حکومەتێکی بنکە فراوان پێکبهێنین و کێشەکە تەنیا لەسەر یەک دوو وەزارەت بێ و پێکنەیەت، ئەی چۆن حکومەتی عێراق پێکدەهێنرێ کە هەموو گیانی قەیرانە".

محەممەد ڕەئووف، بێ ئومێدی خۆی لە پێکهێنانی حکومەت نیشاندا و گوتی "ئیدی دەبێ فاتیحە بۆ هەڵبژاردنی کوردستان بخوێنین کە کراوە، فاتیحەیەکیش بۆ ئەو حکومەتە بخوێنین کە بڕیار بوو دروستبکرێ".

ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی یەکێتیش پێیوایە خەڵکێکی زۆر لەسەر مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت قسەیان کردووە، بۆیە دۆخەکە وای لێهاتووە.

دڵشاد عەبدولڕەحمان دەڵێ "ئەوانەی قسەیان لەسەر پێکهێنانی حکومەت کردووە شارەزاییان نەبووە، چونکە نازانن چۆن لە حکومەت بڕیار دەدرێ". هەروەها ڕەخنەی لە لایەنەکان گرت کە چۆن بڕیاریان دا کۆبوونەوەکانی پەرلەمان "بەکراوەیی" بهێڵنەوەو گوتی "لایەنەکان بە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە هەڵەیەکی مێژوویان کرد کاتێک دانیشتنی پەرلەمانیان بە کراوەیی بەجێهێشت".

دادگای کارگێڕیی هەولێر لە 24/3/2014 بڕیاری دا چیدی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەکان بە کراوەیی نەهێڵنەوە و دەبێ لە زووترین کاتدا دەست بە کۆبوونەوەکان بکەن. بەڵام سەرۆکی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "هێشتنەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بە کراوەیی بە ئیمزا و ڕازیبوونی هەموو فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمان بووە".

محەممەد سادق، سەرۆکی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان کە بە گەورەترین ئەندامی پەرلەمان لە ڕووی تەمەنەوە هەژمار دەکرێ، بە (ڕووداو)ی گوت "خۆم بڕیاری ئەوەم نەدا کە دانیشتنی پەرلەمان بەکراوەیی بمێنێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی یاداشتێک کە گشت فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمان نووسیویانە و ئیمزایان لەسەر کردووە، داوایانکرد کۆبوونەوەی پەرلەمان بە کراوەیی بمێنێتەوە تاوەکو سازان دەکرێ لەسەر هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان".

جەعفەر ئیبراهیم، کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە، گوتی "دواخستنی دانیشتنی پەرلەمان بە ڕەزامەندی هەموو لایەنەکان بووە، هەندێ لایەن هەبوون دژی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بوون، تەنانەت گوتیان ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێ بایکۆتی پەرلەمان دەکەین".

### یەکگرتوو:
### دەبێ فاتیحە لەسەر حکومەت بخوێنین

### کۆمەڵ:
### پارتی دەبێ ڕوونکردنەوە بدات

### پارتی:
### لەکاتی پێویستدا ڕوونکردنەوە دەدەین

# کۆمپانیایەکی بەریتانی هەڵەبجە لە پاشماوەی چەکی کیمیاوی پاک دەکاتەوە



**دی برێتن گۆردن، پسپۆڕی چەکی بایۆلۆژی و کیمیاوی:**

### دەتوانرێت بە 2 ساڵ هەڵەبجە لە پاشماوەی چەکی کیمیاوی پاک بکرێتەوە

**شەرمیلا دێڤی**
**ڕووداو- لەندەن**

"پاککردنەوەی هەڵەبجە لە پاشماوەکانی چەکی کیمیاوی کارێکی مەحاڵ نییە و نزیکەی دوو ساڵ دەخایەنێ". ئەمە قسەی هامیش دی برێتن گۆردنە بۆ (ڕووداو) کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە داوای لێکراوە توێژینەوەیەک لەسەر ئەو بابەتە بکات.

دی برێتن گۆردن پێشتر فەرماندە بووە لە چەکی بایۆلۆژی و کیمیاوی دژە تیرۆری سوپای بەریتانیادا، بەڵام ئێستا کۆمپانیایەک بەڕێوە دەبات بەناوی (Secure bio). گۆردن نزیکەی شەش جار سەردانی هەڵەبجەی کردووەو بەراوردی کردووە لە نێوان هێرشە کیمیاویەکەی ساڵی 1988ی هەڵەبجە و هێرشە کیمیاویەکەی مانگی ئابی ڕابردووی ناوچەی غۆتەی سووریا.

پاش هێرشە کیمیاویەکەی سووریا کە ڕژێمی ئەسەد تاوانبار کرا بە ئەنجامدانی، گۆردن لەبری ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئامۆژگاری پێشکەش بە هاووڵاتیان کرد، ئەمە جگە لەوەی کار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکات.

ئەنجامەکانی کار و توێژینەوەی تیمەکەی گۆردن لەسەر هەڵەبجە جارێ بەنهێنی دەمێنێتەوە، بەپێی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام دڵنیایە لەوەی کە پاش نەمانی ئاستەنگە سیاسییەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، دەست بە پڕۆژەی پاککردنەوەی هەڵەبجە دەکەن.

پاشماوەی غازی خەردەل (mustard gas) کە مرۆڤ تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە دەکات، لە هەڵەبجە دۆزراوەتەوە "بەپێی پرۆتۆکۆلێک لە ماوەی دوو ساڵدا بە تەواوی ناوچەکە پاک دەکەینەوە". گۆردن گوتیشی "ئەو ڕۆژەی کابینەی نوێی حکومەت پێکهات، دەتوانین دەست بکەین بە پرۆژەکە".

لە بیست و شەشەمین ساڵیادی هێرشەکەی سەر هەڵەبجەدا، گۆردن لە بۆنەو چاوپێکەوتنەکانیدا لە دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی قسەی کردووە. کیمیابارانی هەڵەبجە گەورەترین هێرشی چەکی کیمیاوی بووە لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی کە لە ئەنجامدا 5000 هاووڵاتی بوونە قوربانی. بەڵام گۆردن گوتی "ڕەنگە ئەو ژمارەیە بەرزبێتەوە بۆ 12 هەزار قوربانی".

گۆردن کە هەردوو هێرشەکەی هەڵەبجە و غۆتەی بە جینۆساید ناوبرد، گوتی "کوژراوانی هێرشەکەی غۆتەی سووریا کە 1400 کەس بوو، ڕەنگە بەرزببێتەوە بۆ 4000 کەس".

"ماددەی کیمیاوی هەر دەمێنێتەوە هەتا ئەوکاتەی پاک دەکرێتەوە". گۆردن گوتی "بەم دواییە بیستم جوتیارێکی هەڵەبجە ویستبووی داری هەنار لە ناوچەکەی بڕوێنێ کە بە هەنار بەناوبانگە، بەڵام کەس ئەو هەنارەی ناوێ ئەگەر لە خاکێکی ژەهراویدا گەورە ببێ".

کۆمپانیاکەی گۆردن تازەترین مۆدێلی (نانۆ تەکنەلۆجی) بەکاردەهێنێ بۆ دۆزینەوەی بچوکترین ماددەی کیمیاوی "هەندێک ئامێری پێشکەوتوومان برد بۆ کۆمپانیایەکی نەوت کە لە هەڵەبجە کاردەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کارمەندەکانی کاری هەڵکەندن نەکەن لە زەوییەکی ژەهراوی یان تەقەمەنی تێدا بێت". گۆردن گوتیشی "پلانمان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئامارێکی تێروتەسەل لە هەڵەبجەو گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری هەڵەبجە بەرەو ئێران". هەروەها گوتی "ڕاهێنان بە چەند کەسێک دەکەین لە ناوچەکەدا، لەبەرئەوەی زۆر لە شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان گۆڕی بە کۆمەڵی ژەهراوی بوو بە کیمیاوییان تێدایە".

سەبارەت بە تێچووی خاوێنکردنەوەی هەڵەبجە لە چەکی کیمیایی، گۆردن گوتی "نرخی تێچووی پڕۆژەکان زۆر گران دەبێت و ڕەنگە لەلایەن ئەو کۆمپانیا نەوتانەوە پارەکەی دابین بکرێ کە لە ناوچەکە کاردەکەن، وەک بەشێک لە پڕۆژەکەیان لە ناوچەکە. دڵنیام لەوەی کە حکومەت و کۆمپانیاکانی نەوت ئەوەیان بڕاندووەتەوە، ئەوەی ماوەتەوە تەنیا پەیوەستە بە کاتەوە".

### دۆزینەوەی کۆمپانیاکانی چەکی کیمیاوی

بەپێی قسەی ئەو پسپۆڕەی چەکی بایۆلۆژی، دەکرێ ئەنجامەکانی کاری تیمەکە لە هەڵەبجە بەکاربهێنرێ بۆ دۆزینەوەو ئاشکراکردنی ئەو کۆمپانیایانەی چەکی کیمیاوییان بە سەدام فرۆشتووە. لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاساییدا دەکرێ وەک بەڵگە بەکاربهێنرێن بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە.

گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بەناوی خێزانی قوربانیانی هەڵەبجەوە لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی یاسایی ئەڵمانی و فەرەنسی و بەریتانییەوە ئەنجامدراوە. گۆردن گوتی "هەندێک لە ئەندام پەرلەمانەکانی ئەڵمانیا سوورن لەسەر بەدواداچوونی زیاتر لەوبارەیەوە بەهۆی ئەو گومانانەی لەسەر کۆمپانیایەکی دەرمان هەن کە ماددەی کیمیایی بە سەدام فرۆشتووە".

گوتیشی "لە ڕووی تەکنیکییەوە دەتوانین ئەو ماددە کیمیاویانە بگەڕێنینەوە بۆ سەرچاوەکەی، واتە ئەو کۆمپانیایانەی چەکی کیمیاوییان بە سەدام فرۆشتووە". بەڵام گوتی "ئێمە کار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و لەم کاتەدا تەنیا کار بۆ پاککردنەوەی ناوچە ژەهراوییەکان دەکەین".

گۆردن ڕەخنەی توندی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرت کە لە ئاست هێرشە کیمیاوییەکەی سووریا بێدەنگ بوون. ئەو گوتی لەکاتێکدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە مانگی ئابی ڕابردووەوە خۆی سەرقاڵ کردووە بە لەناوبردنی چەکی کیمیاویی ئەو وڵاتەوە، ڕژێمی ئەسەد دەستکراوە بووە بۆ کوشتنی دەیان هەزار هاووڵاتی مەدەنی.

لەو وڵاتانەی گۆردن کاریان بۆ دەکات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە ئیسرائیل و سعودیەشەوە، نیگەرانیی خۆیان بۆ گۆردن دەربڕیوە لەسەر مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ لە ناوچەکە، بەتایبەتی لە پاش هێرشەکەی مانگی ئابی ڕابردوو لە غۆتە.

هەرچەندە زانیارییەکی هەواڵگری تەواو لەوبارەیەوە نییە، بەڵام زۆر کەس ئاماژە بەوە دەکەن کە گوایە هەندێک لە مووشەکەکانی ئەسەد لە عێراقەوە چووبنە سووریا لەکاتی پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی 2003، هەندێک لەو مووشەکانە ڕەنگە نێردرابنەوە بۆ عێراق لە پاش هێرشە کیمیاوییەکەی 21ی ئابی ڕابردوو لە سووریا.

"ئایا شتەکان جیاواز دەبوون ئەگەر جیهان مووشەکبارانی سووریای بکردایە لە 22ی ئاب؟ ئەگەر بەرپەرچی سەدام حوسەینمان بدایەتەوە لە ساڵی 1988 ئایا خەڵکی وەک من دەبوو شەڕیان بکردایە لە جەنگی یەکەم و دووەمی کەنداو؟ لە کۆتاییدا بەریتانیا هێڵی دژە فڕینی سەپاند کە بووە هۆی ڕزگارکردنی کورد، بۆیە شتێکی لەو جۆرە خراپ نەدەبوو ئەگەر لە سووریا بکرایە". گۆردن وا دەڵێت.

### عەرەب زۆرترن لە کورد

# لە کەرکووک 83 هەزار دەنگدەر زیادی کردووە

## کامیل ساڵەیی: عەرەبەکانی کەرکووک زیاتر ژن دەهێنن بۆیە دەنگدەریان زیاترە

**هونەر ئەحمەد**
**ڕووداو- کەرکووک**

لەنێو ئەوانەی بۆ یەکەمجارە دەنگ دەدەن لە کەرکووک، عەرەب و کورد زۆرترین دەنگدەری نوێیان هەیە و شارەزایەکی بواری هەڵبژاردنیش لەو باوەڕەدایە کە دەنگدەری نوێ لە کەرکووک لەم هەڵبژاردنەدا تەرازووی هێز دەگۆڕێت. بەپێی قسەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش، دەنگدەرە نوێیەکان زۆر بە پەرۆشن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن.

### دەنگدەری نوێی عەرەب زیاترن

لەنێو ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەمجارە لە پارێزگای کەرکووک لە هەڵبژاردنی ئەمجارە دەنگ دەدەن، عەرەب و کورد زۆرترین ڕێژەیان هەیە. ژمارەی دەنگدەرانی نوێ لە پارێزگای کەرکووک 83 هەزار و 548 کەسە کە دەکاتە 10%ی کۆی دەنگدەرانی کەرکووک. لەو ڕێژەیە کورد 36 هەزار و عەرەبیش 38 هەزار دەنگدەری نوێیان هەیە.

ئەو لەدایکبووانەی بۆ یەکەمجارە دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بریتین لە لەدایکبووانی 1993 تاوەکو 1996. بە وتەی شارەزایانی بواری هەڵبژاردنیش، ئەم دەنگدەرە تازانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر دەنگدان و گۆڕینی سەنگی لایەنە سیاسییەکان.

بۆکان عەبدوڵڵا، چاودێر و شارەزای بواری هەڵبژاردن بە (ڕووداو)ی گوت "بەشداریکردنی ئەو ڕێژە نوێیە کە بە 10% مەزندە دەکرێت، کاریگەری زۆری دەبێت چ بۆ کورد و چ بۆ عەرەب لە هەڵبژاردنی داهاتوو. بەڵام کەمتر بۆ تورکمان". بە بڕوای ناوبراو، ئەو ڕێژەیە ڕێژەیەکی بەرچاوە و "هاوکێشەی سیاسی لە شارەکە دەگۆڕێت".

### دەنگدەرە تازەکان و کارتی ئەلیکترۆنیی دەنگدان

بەپێی ئاماری ئۆفیسی کەرکووکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لەکۆی 871 هەزار و 221 دەنگدەر لە شاری کەرکووک، تاوەکو ئێستا 748 هەزار دەنگدەر کارتی ئەلیکترۆنییان وەرگرتووە. لە نێو ئەو ڕێژەیەش بەشێکی زۆریان دەنگدەرە نوێیەکانن.

عەبدولباست دەروێش، بەرپرسی ڕاگەیاندن لە ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کەرکووک بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "لە پرۆسەی دابەشکردنی کارتی دەنگداندا، ئەوەی بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە دەنگدەرە نوێیەکان بە تایبەتی لەدایکبووانی 1994 تاوەکو 1996 زۆر بە پەرۆشن بۆ هەڵبژاردن و زۆربەیان کارتی ئەلیکترۆنی دەنگدانیان وەرگرتووەتەوە". ناوبراو گوتیشی "هەتا ئێستا 748 هەزار کەس کارتی ئەلیکترۆنییان وەرگرتووەتەوە کە دەکاتە 77%ی دەنگدەران.


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### تورکمان گومانی لە کۆمیسیۆن هەیە

تورکمان دوای کورد و عەرەب پێکهاتەی سێیەمی شارەکەن لە ڕووی ژمارەی دەنگدەرانەوە، بەڵام ڕێژەی زیادبوونی دەنگدەری تازەیان کەمە، ئەمەش گومانی لەلای تورکمانەکان دروست کردووە.

سەبارەت بەوەی بۆچی ڕێژەی دەنگدەری نوێی تورکمان لەچاو پێکهاتەکانی دیکە کەمترە، قاسم قازانچی بەرپرسی لقی کەرکوکی بەرەی تورکمانی بە ( تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان وەکو پێکهاتەی تورکمان سەرنج و تێبینییان لەسەر کارەکانی کۆمیسیۆن هەیە "چونکە ئەوەی کە پشتی پێدەبەسترێت بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران تەنیا فۆرمی خۆراکە، ئەویش لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراقەوەیە، دەبوایە ڕێوشوێنی دیکە بگیردرایەتە بەر بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

### بۆچی دەنگدەری نوێی عەرەب زیاترە؟

بەپێی ئامارەکەی کۆمیسیۆن، لە دەنگدەرە نوێیەکاندا عەرەب 2 هەزار دەنگدەری زیاترە لە کورد. لە کاتێکدا بەپێی ئامارەکان ڕێژەی کورد لە شاری کەرکووک زیاترە لە عەرەب.

کامیل ساڵەیی، قایمقامی قەزای ناوەندی کەرکوک هۆکاری ئەمە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت " لە گەڕەکە عەرەبنشینەکانی کەرکووکدا ژنهێنان زیاترە لە گەڕەکە کوردنشینەکان، ئەوەش وایکردووە کە دەنگدەری نوێی عەرەب زیاتر بن".

کامیل ساڵەیی هۆکارێکی دیکەی ئەو جیاوازییەشی باسکرد و گوتی "بەشێکی زۆر لە عەرەبی هاوردە لە نێو کەرکووک ماون و تاوەکو ئێستا نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، نەوەی نوێیان ڕێگەیان پێدراوە دەنگ بدەن، بۆیە ڕێژەی دەنگدەری عەرەب لە چاو کورد زیاترە".

دەنگدەرە نوێیەکان بە تایبەتیش دەنگدەری کورد، ئەو پەرۆشییەیان دەبەستنەوە بە مەسەلەی نەتەوایەتی.

چالاک لەتیف، کە لە 30ی نیسانی داهاتوو یەکەمجاریەتی دەنگ دەدات، بە (ڕووداو)ی گوت "گوێ بەو ململانێیە نادەم کە لە نێوان حیزبە کوردییەکان دروست بووە لە شاری کەرکووک. من دەنگ بە کوردستانیەتی کەرکوک دەدەم، هیوادارم لە ڕێگەی ئەو کەسانەی کە وەکو من یەکەمجارە دەنگ دەدەن ڕێژەی دەنگدەری کورد زیاد بکات".

لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010 ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو 787 هەزار و 673 کەس بوون، لەنێو ئەو ڕێژەیەشدا 560 هەزار و 904 کەس دەنگیان دا، ڕێژەی دەنگدانیش 71% بوو.

دوای چوار ساڵ ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای کەرکووک بە ڕێژەی 10% زیادی کردووە و بووە بە 871 هەزار و 221 دەنگدەر، بەڵام ئەوەی دیار نییە ئەوەیە ئایا ڕێژەی دەنگدانی ئەمساڵ لەچاو چوار ساڵی ڕابردوو زیاتر دەبێت یاخود کەمتر، ئەوەش لە 30ی نیسان دەردەکەوێت.

# کەرکووک کار بە فەرمانێکی مالیکی ناکات

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی ئیداریی شاری کەرکووک ڕەتیدەکەنەوە کار بەو نووسراوە بکەن کە ڕاستەوخۆ لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە هاتووە و ئیمزای نوری مالیکی بەسەرەوەیە، چونکە بە بڕوای ئەوان نووسراوەکە جگە لەوەی دژایەتی دەستوور دەکات، هاوکات بە قازانجی پرۆسەی بە عەرەبکردنی شارەکە و گۆڕینی باری دیمۆگرافی ناوچەکە کۆتایی دێت.

نزیکەی 3 مانگ لەمەوبەر نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق نامەیەکی ئاراستەی پارێزگاری شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کردووە و بەپێی ناوەڕۆکی نامەکە ئەگەر هەر خێزانێک 10 ساڵ لەمەوبەر لەو شارانە نیشتەجێ بووبێت، هەموو ئیمتیازاتێکی پێدانی زەوی و خانوو و دامەزراندن دەیانگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر خەڵکی ئەو شارەش نەبن کە ڕوویان تێکردووە.

بەرپرسانی ئیداریی کەرکووک، ئەوە بە ڕێگە خۆشکردن بۆ عەرەبە 10 هەزارییەکان و هەموو ئەو خێزانە عەرەبانەی دیکە دەزانن کە لە پێش و پاش پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە و بە ناونیشانی جۆراوجۆرەوە ڕوویان لەکەرکووک کردووە و لەوێ نیشتەجێ بوون.

سەرۆکی شارەوانی کەرکووک، هیوای خواست هەموو هێزە سیاسییەکان هاوڕابن لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە نووسراوانەی لە بەغداوە کێشە بۆ کەرکووک دروستدەکەن و دەڵێ ئێستا هەموو فەرمانگە ئیدارییەکانی کەرکووک کۆکن لەسەر ئەوەی کار بەو نووسراوە نەکرێت، ڕاستە بۆ هەموو پارێزگایەک هاتووە "بەڵام تەنیا لە کەرکووک بە زیان دەشکێتەوە ئەگەر جێبەجێ بکرێت".

عەبدولکەریم حەسەن، باسی مێژووی شێوێندراوی کەرکووک دەکات لە دەیەکانی ڕابردوودا کە هەر بەو هۆیەش ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووە کوردەکانی دەربەدەر کران و لەشوێنی ئەوان هەزاران عەرەبی دانیشتووی شارەکانی باشوور و ناوەڕاست نیشتەجێ کران "خزمی خۆم هەیە کەرکووکییە و دوورخراوەتەوە بۆ ڕومادی و شارەکانی دیکە، منداڵەکانی لەوێ لەدایکبوون و گەورە بوون و ژنیان هێناوە و شوویان کردووە، ئێستا منداڵەکانی ئەو ڕەگەزنامەیان لەسەر ئەو شارانەیە و هەر خۆشیان بە کەرکووکی دەزانن، بەڵام بەپێی ئەو نووسراوە ئەوان کەرکووکی نین".


عەرەبە 10 هەزارییەکان سوودمەندی یەکەمی بڕیارەکەی مالیکین
(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، دوای کۆبوونەوەیەک بڕیاریان دا ئەو نامەیە ڕەتبکەنەوە و کاری پێنەکەن، بەڵام ئەندامە عەرەبەکان پێیانوایە پێویستە کاری پێبکرێت و تورکمانەکانیش بێدەنگییان لێکردووە و بەهیچ بارێکدا ڕای خۆیان نەخستووەتە ڕوو.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ "نەک مالیکی، پەرلەمانیش دەسەڵاتی نییە یاسا و بڕیاری لەو شێوەیە دەربکات، چونکە ئەوە دژی دەستوورە و لەگەڵ مادەی 140 ناکۆکە".

ناوبراو هێما بۆ یاسایەکی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات کە بەپێی یاساکە هەر کەسێک بۆ ماوەی 10 ساڵ لە وڵاتێک نیشتەجێ ببێ، هەمان مافی خەڵکی وڵاتەکەی هەیە، بەڵام دەڵێ "کەرکووک بابەتێکی سیاسییە و باری دیمۆگرافیای تێکدراوە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە".

بەپێی ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، دەبێ ئەو ناوچانەی باری دیمۆگرافییان شێوێندراوە، سەرەتا ڕەوشەکەیان ئاسایی بکرێتەوە لەڕێگەی قەرەبووکردنەوە و گێڕانەوەی هاوردەکراوان بۆ شوێنی پێشووی خۆیان و دواتر سەرژمێری و پاشان ڕاپرسی لەسەر چارەنووسیان. بەڵام وەک ئەحمەد عەسکەری دەڵێ، مادەی 140 دەسەڵاتی دەرکردنی کەسی نییە "تەنیا دەتوانێ بەو کەسانە بڵێ بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان کە داوای قەرەبووەکەیان کردبێ، بەپێی یاساکە ئەوەی داوای قەرەبوو نەکات دەتوانێ بمێنێتەوە".

مشتومڕەکە لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی پارێزگاکە سەرقاڵی دابەشکردنی 10 هەزار پارچە زەوین لە کەرکووک، نامەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق وەستێنراوە، بەڵام ئایا گەرەنتی هەیە عەرەبی هاوردە سوودمەند نەبن لە وەرگرتنی ئەو زەوییانە؟ عەبدولکەریم حەسەن، سەرۆکی شارەوانی کەرکووک دەڵێ مامەڵە لەگەڵ ئەوانە دەکەن کە ڕەگەزنامەی 1957ی کەرکووکیان هەبێ.

ئەگەرچی ماوەی زیاتر لە 8 ساڵە بەردەوام باسی قۆناغی قەرەبووکردنەوە دەکرێ لە نووسینگەکانی جێبەجێکردنی مادەی 140، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو پرۆسەیە کۆتایی نەهاتووە و بەشێکی زۆر لە عەرەبە هاوردەکان لەو شارەدا ماون.

عەبدولکەریم حەسەن، نموونەیەکی نزیک دێنێتەوە و دەڵێ "یەکێک لە فەرمانبەرەکانی خۆم لە شارەوانی لە عەرەبی هاوردەی 10 هەزارییە و ئامادە نییە بگەڕێتەوە بۆ شوێنی پێشووی خۆی، چونکە دەڵێ من تازە ژیان و گوزەرانی خۆم و منداڵەکانم لە کەرکووکە و جێیناهێڵم".

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ "هەر کاتێک عەرەبی هاوردە لە کەرکووک نەما و گەڕانەوە، ئەوکات دەتوانین فەرمانەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق جێبەجێ بکەین".

ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پێیوایە ئیدی هەڵەیە بگوترێ عەرەبی 10 هەزاری "چونکە ئەوان 35 ساڵ لەمەوبەر ژمارەیان 10 هەزار کەس بووە، ئێستا نەوەی دووەم و سێیەمیشیان پێگەیشتوون و ژمارەکەیان زۆر زیاتر بووە".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (303) [illegible]شەممە 2014/3/31

## 68 هەزار گەشتیاری ڕۆژهەڵات لە باشوور بوون



**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی ئەو ئامارانەی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) لە بەرپرسانی خاڵە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران، باشماخ و پەروێزخان وەریگرتووە، لە ڕۆژانی 16 تاوەکو 23ی ئەم مانگە، 68 هەزار و 311 گەشتیار لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ بەسەربردنی ڕۆژانی نەورۆز هاتوونەتە نێو باشووری کوردستان. بۆنەکانی نەورۆز و جەژنی سەری ساڵی کوردی و نوێکردنەوەی تێکەڵاوی و خزمایەتی نێوان خەڵکی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، ڕۆژ بە ڕۆژ سەردانکردنی گەشتیارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ زیاتر دەکات .

لیۆ کووت، سەرۆکی کۆمپانیای تاقەی ئیماراتی لە عێراق:

# نەوتی کوردستان هێندە زۆرە کە ڕێی خۆی بۆ بازاڕەکانی جیهان دەدۆزێتەوە



پلانمان هەیە بۆ 25 تا 40 ساڵ کارکردن لە هەرێمی کوردستان

لیۆ کووت، سەرۆکی کۆمپانیای تاقەی ئیماراتییە لە عێراق و زیاتر لە 25 ساڵ ئەزموونی کردەیی هەیە لە کێڵگەکانی نەوت و لە کۆمپانیای بەناوبانگی شێل کاری کردووە. لە ئۆفیسەکەی خۆی لە هەولێر کە بەم دواییە لە ڕێورەسمێکی گەورەدا کرایەوە. کاری کۆمپانیاکە بەڕێوەدەبات و هەردەم لە هاتوچۆدایە لە نێوان هەولێر و ئیمارات. کووت وا دیارە دوور دەڕوانێت و خەیاڵێکی زۆری هەیە بۆ کارکردن و سەرخستنی کۆمپانیاکەی لە هەرێمی کوردستان. ئەو دەڵێت پلانیان هەیە بۆ کارکردن بۆ ماوەی لانیکەم 25 تا 40 ساڵ و بگرە زیاتریش. لە کاتێکدا تازە لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەیشتبووە نووسینگەکەی، (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

هەڤپەیڤین: عومەر ئەحمەد
فۆتۆ: سێڤان محەممەد

**ڕووداو: کارەکانی ئێوە لە کام ناوچەی هەرێمی کوردستانە؟**

**کووت:** ئێستا لە کێڵگەی ئەتروش چالاکین و کار دەکەین. بلۆکی ئەتروش ڕووبەرەکەی 270 کیلۆمەتری دووجایە و درێژییەکەی 30 کیلۆمەترە. ئێمە خەریکی پەرەپێدانی ئەو کێڵگە نەوتییەین.

**ڕووداو: لەوێ گەیشتوونەتە ناوچەی نەوتی؟**

**کووت:** بەڵێ. ساڵی ڕابردوو پلانی پەرەپێدانی ئەو کێڵگەیەمان ڕادەستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کرد بۆ پەسەندکردنی. لەو پلانەدا ئێمە ڕوونمانکردەوە کە بەنیازی پەرەپێدانی ئەو کێڵگەیەین لە چوار قۆناغدا.

یەکەم قۆناغ کە لەم ساڵدا جێبەجێی دەکەین، نزیکەی 300 تا 400 ملیۆن دۆلار خەرج دەکەین. پاش جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەم، پێشبینی دەکەین لە سەرەتای ساڵی 2015 بتوانین ڕۆژانە 30 هەزار بەرمیل نەوت دەربهێنین.

**ڕووداو: هێڵی نەوتی نوێی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بۆ تاقە چەندە گرنگە؟**

**کووت:** هێڵی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهانی لەڕێی تورکیاوە بۆ ئێمە ڕێی سەرەکی هەناردەکردنی نەوتە. کۆمپانیاکانی دیکەی نەوت ڕێژەیەک لە نەوتی بەرهەمهاتوو لەڕێی تانکەرەوە هەناردەی تورکیا دەکەن. ئێمە هەردەم وەکو ستراتیژییەک ویستوومانە نەوتی بەرهەمهاتوو لەڕێی بۆرییەوە هەناردە بکەین و دەستمان بگاتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکانی نەوت، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین نەوت بە نرخێکی نێودەوڵەتی بفرۆشین. ئەو هێڵە بۆ ئێمە زۆر گرنگە.

**ڕووداو: مەترسییەکانی کارکردن لە هەرێمی کوردستان چین، بەوپێیەی کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە؟**

**کووت:** هاتنی ئێمە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی لە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و تێروتەسەل بووە لەبارەی ئەوەی کە تاقە دەبێت لە چ شوێنێک کارەکانی گەشە پێبدات. ڕەنگە تۆ بزانی کە ئێمە لە کەنەدا کاردەکەین، لە کێڵگەیەکی گازی ترش و هەروەها چالاکین لە بەرهەمهێنانی نەوت و غاز. ئێمە لە بەریتانیاش لە کێڵگەیەکی ژێر دەریا کاردەکەین. هەروەها پرۆژەیەکی EMP (ئەندازیاری، دروستکردن و بە بازارکردن) یشمان هەیە لە هۆڵەندا. کەواتا بازنەی کارەکانی ئێمە بەربڵاون لەسەر ئاستی جیهان. پلانی ئێمە ئەوەیە کە ئێستا دەبێت فۆکۆس بکەینە سەر ناوچەی MENA (ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) کە بۆ ئێمە هەر لە مەغریب دەستپێدەکات تا کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت تا هیندستانیش. چونکە ئێمە پێمانوایە پاسپۆرتێکی سیاسی گونجاومان لەو ناوچەیە وەرگرتووە بۆ ئەوەی کار بکەین. ئەگەر ئەو ستراتیژییە لەگەڵ هەلی گەشەکردن لە عێراق بەراورد بکەین و چاو لە گەشەی ئابووریی عێراق بکەین، دەزانین کە لێرە هەموو ئەو خاڵانە کۆدەبنەوە.

**ڕووداو: تۆ باسی ستراتیژی تاقەت کرد لە ناوچەی MENA ، ستراتیژی ئێوە بە تایبەتی لە کوردستان چییە؟**

**کووت:** ئێمە دەمانەوێت یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدەین بۆ ئەوەی سەرچاوە سروشتییەکانی پەرەپێبدات، ئەوە ئەو کارەیە کە لە بلۆکی ئەتروش دەیکەین. لەلایەکی دیکەوە دەمانەوێت کارەبا بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دابین بکەین، وەک دەزانن تاقە کۆمپانیایەکی تایبەتە بە وزەو عێراق ئەو شوێنەیە کە هەموو لایەنەکانی توانای کۆمپانیاکەمان لەوێ بەیەک دەگەن. ئێمە وەک چۆن دەمانەوێت لە بەرهەمهێنانی نەوت و غاز چالاک بین، دەمانەوێت بە هەمان شێوە لە بەرهەمهێنانی کارەباو پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕین.

**ڕووداو: هیچ پلانێکتان هەیە بۆ بە نیشتمانیکردنی کارەکانتان لە هەرێمی کوردستان وەک ڕاهێنانی شارەزای ناوخۆیی و پێگەیاندنی کادیرانی نەوت؟**

**کووت:** ئەوە سیاسەتێکی گرنگی کۆمپانیاکەمانە، 60%ی کارمەند و کرێکارانی ئێمە لە هێزی ناوخۆ پێکدێن. بەڵام پلانمان هەیە لە پێنج تا شەش ساڵی داهاتوودا هێزی کاری تاقە لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 80%ی لە کرێکاری ناوخۆ پێکبێت. ئێمە پێمانوایە باشترین شێوازی بەڕێوەبردن لە کێڵگەیەکدا ئەوەیە کە بە دەستی هێزی کاری ناوخۆ بەڕێوە ببرێت. هەربۆیە بەنیازین هێزی کاری کوردی فێربکەین کە چۆن کارەکانی کێڵگەیەکی نەوت جێبەجێ بکەن و بەڕێوەی ببەن.

**ڕووداو: چۆن لە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەڕوانن؟ ئەوە هیچ نیگەرانییەکی بۆ ئێوە دروستکردووە؟**

**کووت:** ئێمە وەبەرهێنانێکی درێژخایەنمان لێرە کردووە و پێمانوایە لانیکەم 25 ساڵ بۆ 40 ساڵ لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەمێنینەوە. ئێمە پێگەیەکی بەهێزمان لە هەرێمی کوردستان دامەزراندووە لە کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستاندا نابینە داکۆکیکاری هیچ لایەک، بەڵکو تێدەکۆشین بۆئەوەی کارەکانمان بە باشترین شێواز تێپەڕێنین. ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە چۆن خزمەتی خەڵک بکەین و چۆن بتوانین بە باشترین شێواز نەوت بەرهەمبهێنین.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەیت وتووێژەکانی ئێستای نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر پرسی نەوت بگاتە هیچ ئەنجامێک؟**

**کووت:** من بڕوام بە مرۆڤە ژیرەکان هەیە. هەروەها باوەڕم وایە کە قەبارەی ئەو سامانە سروشتییەی لێرە لە هەرێمی کوردستان هەیە هێندە گەورەیە کە ڕێگەیەک دەدۆزێتەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان لە داهاتوودا. ڕەنگە لە چەند ساڵی سەرەتادا ڕێگایەکی زۆر دژوار و ئەستەم بێت، بەڵام پێموایە لە پێنج ساڵی داهاتوودا هەموو کەسێک ئاوڕدەداتەوە دواوەو دەڵێت نەماندەزانی ئەو هەموو هاتوهەرایە لەسەر چی بوو.

**ڕووداو: پلانی داهاتووتان لە هەرێمی کوردستان چییە، بە نیازی کڕینی پشک لە بلۆکەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان نین؟**

**کووت:** ئێمە دەمانەوێ کارەکانمان پەرەپێبدەین. بەڵام ئێستا جەختمان کردووەتە سەر پێشکەشکردنی باشترین تەکنۆلۆجیا و خزمەتگوزاری و جێبەجێکردنی یەکەم قۆناغی بەرهەمهێنانی ڕۆژانە 30 هەزار بەرمیل نەوت، چاوەڕوان دەکەین ئاستی بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکەمان ڕۆژانە بۆ 100 هەزار بەرمیل زیاد بکەین، هەرکاتێک گەیشتین بەو ئاستە لە بەرهەمهێنانی نەوت و غاز و هەروەها کارەباش، ئەوە پێگەیەکی باشە بۆ ئێمە بۆ پەرەپێدانی کارە بازرگانییەکانمان.

**ڕووداو: پێتوایە هەرێمی کوردستان دەتوانێت بگاتە ئامانجی ڕۆژانە دوو ملیۆن بەرمیل لە ساڵانی 2016 و 2017 دا؟**

**کووت:** پێموایە ئەو سامانە سروشتییەی کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو ڕێژە زۆرە، لێرە هەیە. هەربۆیە سەرچاوەی پێویست لەبەردەستدایە. لەوە بەدواوە گەیشتن بەو ئامانجە پەیوەستە بە ئاستی دابینکردنی پێداویستیی کۆمپانیاکانی نەوت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان و هەروەها پەیوەستە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تا چەند دەتوانێت بە خێرایی یاسا و ڕێسای تایبەت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دابڕێژێت.

**ڕووداو: بەو پێیەی کە ڕەنگە ئێوە هەڵسەنگاندنی وردترتان لەبەردەست بێت، دەگوترێ هەرێمی کوردستان خاوەنی 45 ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتە، ئەوە تا چەند ڕاست و زانستییە؟**

**کووت:** ئەوە پرسێکی زۆر تەکنیکییە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێوە بڕێکی زۆر نەوت و غازتان لە ژێر زەوی هەیە، بەڵام هەموو شتێک پەیوەستە بەوەی کە تا چەند ئێوە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووتان لەبەردەست دەبێ بۆ دەرهێنانی زیاترین ڕێژە لەو نەوتە، هەروەها کاتێکی زۆری پێویستە تا ئەو نەوتە دەربهێنرێت. من پێموایە 45 ملیار بەرمیل دەکرێ دەربهێنرێت بەوپێیەی کە هەلومەرجێکی گونجاو لێرە لەبەردەستە.

**ڕووداو: تۆ باسی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووت کرد، هاتنی کۆمپانیا گەورەکانی وەک شێڤرۆن و ئەکسۆن مۆبیل و گازپرۆم چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر ئەوە دەبێت؟**

**کووت:** کۆمپانیا گەورەکانی نەوت دەتوانن تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو بهێننە هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە تاقە، کارەکانی ئێمە لە کەنەدا بەرهەمهێنانی نەوت و غازی ترشە، ئەگەر لە کەنەدا بوویت دەزانی چەندە ئەوێ کوێستانییە، لەڕاستیدا هاوشێوەی بارودۆخی سروشتیی ئێرەیە لە کێڵگەی ئەتروش. هەربۆیە ئەو تەکنۆلۆجیایەی کە ئێمە لە کەنەدا کاری پێدەکەین بۆ بەرهەمهێنان و دەرهێنانی نەوت دەتوانین بیگوازینەوە بۆ کوردستان.

**ڕووداو: ئێوە گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەمی نەوتتان لە هەرێمی کوردستان پێ چۆنە؟**

**کووت:** ئێمە پێمانوایە خاڵەکانی نێو گرێبەستەکان توند و ئەستەمن، بەڵام دادوەرانەشە. من پێموایە چوارچێوەی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان زۆر لەبارە بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردساتن بتوانێت بگاتە ئامانجی ئەو دوو ملیۆن بەرمیلەی کە مەبەستیەتی.

**ڕووداو: ئەرکی پاراستنی کێڵگەکانی نەوت لە ئەستۆی کۆمپانیاکانە یان حکومەتی هەرێمی کوردستان؟**

**کووت:** دەتوانم بڵێم کە بەزۆری هاوکاری دوو لایەنەیە و ئەرکی هەردوو لایەنە. ئێمە پۆلیسی خۆمان لە کێڵگە نەوتییەکان هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاسایشی ناوچەکەی بەرقەرار کردووەو ڕێگە نادات هیچ کەسێکی نەناسراو بێتە ناو کێڵگەکانی نەوت، بەوپێیەش یارمەتییەکی زۆری ئێمەی داوە لەو ڕووەوە.

**ڕووداو: کەواتە ئێوە کۆمپانیای ئەمنیی تایبەت بە خۆتان بەکرێ گرتووە؟**

**کووت:** ئێمە کۆمپانیای تایبەتمان بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش بەکرێ گرتووە، لەهەمان کاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش یارمەتی زۆری داوین.

**ڕووداو: بەپێی گرێبەستەکانی نێوان کۆمپانیاکانی نەوت و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرقەرارکردنی ئاسایشی ئەو ناوچانەی کە تێیاندا کاردەکەن لە ئەستۆی چ لایەنێکە؟**

**کووت:** هەم لە ئەستۆی کۆمپانیاکان و هەم لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

**ڕووداو: بەشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێوە چ خزمەتێکی بە خەڵکی ئەو ناوچەیە کردووە کە کاری تێدا دەکەن؟**

**کووت:** با بگەڕێمەوە سەر پرسیاری بەرقەرارکردنی ئاسایش، ئێمە زۆر باوەڕمان بە کارکردنی هاوبەش هەیە. زۆر باوەڕمان بە هاوکاریی نێوان کۆمپانیا و دانیشتووانی ناوچەکە هەیە، لەگەڵ خەڵکی گوند و لەگەڵ موختاری گوند. ئێمە پێمانوایە ئەگەر هەلی کار دەستبخەین بۆ خەڵکانی ناوچەکانی دەوروبەر، ئەو کاتە بەرژەوەندی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوان یەک دەگرێ.

هەربۆیە ئێمە ڕاهێنانیان پێدەکەین، هەروەها یارمەتییان دەدەین کە کۆمپانیای خۆیان دابمەزرێنن و ئەو کۆمپانیایانە دەتوانن بەشێک لەو خزمەتگوزارییانەی کە ئێمە پێویستیمان پێیە دابین بکەن. هەربۆیە دەمانەوێت ئەو ژینگەیە لە هاوکاری کە پێویستە لەو ناوچانەی تێیدا کاردەکەین برەخسێنین. ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هەموو کەسێک لە بوونی ئێمە لەو ناوچەیە سوودمەند بێت.

**ڕووداو: دەکرێ ئاماژە بۆ ئەو پرۆژانە بکەیت کە تاقە لەو ناوچەیە جێبەجێی کردوون؟**

**کووت:** ئێمە قوتابخانەیەکمان دروستکردووە و سەرقاڵی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەو قوتابخانەیەین بۆ ئەوەی بیکەینەوە. ئەوە تەنیا یەک پرۆژەیە. ئێمە هەروەها بەنیازی دروستکردنی بنکەیەکی پاراستنی منداڵانین. بەشدارین لە 100 پرۆژەی لەو چەشنە کە دەمانەوێت دڵنیابینەوە لەوەی هەموو کەسێک قازانج دەکات لە پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوت لەو ناوچەیەدا.

**ڕووداو: پلانی ئێوە بۆ پاراستنی ژینگەی ئەو ناوچەیەی کاری تێدا دەکەن چییە؟**

**کووت:** تاقە کۆمپانیایەکە کە پشتی بە بەهاکان بەستووە. ئێمە دەمانەوێت بە شێوازێکی سەقامگیر لە کارەکانمان بەردەوام بین، بە چەشنێک کە ژینگەی ئەو ناوچەیە بە جوانی بپارێزرێت. هەربۆیە ڕێوشوێنی زۆر توندمان داناوە بۆ شێوازی کارکردن لە ڕووی ژینگەوە.

**ڕووداو: ڕۆڵی تورکیا و ڕێککەوتنی ئەم دواییەی وزەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**کووت:** تورکیا یەکێک لە لایەنە بەشداربووەکانی وتووێژەکانە لەسەر چۆنیەتی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان. ئێمە پێمانوایە تورکیاش وەک هەولێر و بەغدا خوازیاری گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گونجاوە، هەربۆیە پێموایە ئەو سێ لایەنە پێکەوە ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی بە باشترین شێواز کەڵک لە سامانی سروشتی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت.

# ئێکسۆن مۆبیل ڕۆژنەفت دەهێنێتە کوردستان




**عومەر ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی بلومبێرگ، کۆمپانیای نەوتی ئێکسۆن مۆبیل لە وتووێژدایە لەگەڵ کۆمپانیای گەورەی نەوتی ڕۆژنەفتی ڕووسی بۆ ئەوەی بەشداری بەو کۆمپانیا نەوتییە بکات لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان.

بلۆمبێرگ ڕایگەیاندووە کە وتووێژەکانی نێوان ئەو دوو کۆمپانیا گەورەیە بەردەوامە بۆئەوەی لە هەرێمی کوردستان پێکەوە کاربکەن.

بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وتووێژەکانی نێوان ئەو دوو زەبەلاحە نەوتییە، کۆمپانیای ڕۆژنەفت سەرقاڵی تاوتوێکردنی پێشنیازەکەی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیلە.

ئاژانسی بلومبێرگ ڕایگەیاندووە کە سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئەمریکا پاش شەڕی سارد گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی، بەڵام هاوکارییەکانی ئەو دوو کۆمپانیایە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان بە ڕووسیا و ئەمریکاشەوە بەردەوامە.

پرۆژە هاوبەشەکانی ئەو دوو کۆمپانیایە بازنەیەکی فراوان لەخۆ دەگرێت وەک هاوکارییەکانی ئەو دوو کۆمپانیایە لە پرۆژەی گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە ئۆقیانووسی باکوور، پرۆژەی دەرهێنانی نەوتی لیتەیی لە ڕووسیا و دەرهێنانی نەوت لە تەکساس.

کۆمپانیای ڕۆژنەفت کۆمپانیایەکی تەواو حکومیی ڕووسیایە کە بە پێنجەم گەورە کۆمپانیای نەوتی جیهان ئەژمار دەکرێت.

بلومبێرگ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل پشکەکانی خۆی لە باشووری عێراق فرۆشتووەو ڕوویکردووەتە هەرێمی کوردستان و لەوێ بەپێی گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەمی نەوت، مۆڵەتی گەڕان و دۆزینەوی لە شەش بلۆکی نەوتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

بەپێی ڕاگەیێندراوەکانی ئێکسۆن مۆبیل، لە ساڵی 2013 دا ئەو کۆمپانیایە دەستی بە تاقیکردنەوەکان کردووە و چاڵێکی نەوتی گریمانەییشی لێداوە.

شارەزایەکی نەوت ڕایگەیاندووە بازنەی هاوکارییەکانی ئەو دوو کۆمپانیایە تا دێت فراوانتر دەبێت و بەهاوبەشی لە دوورگەی ساخالین لە کەنارەکانی ڕووسیا بەو زووانە نەوتی خاو بەرهەمدەهێنن.

هاتنەناوەوەی کۆمپانیای ڕۆژنەفت بۆ هەرێمی کوردستان پاش هاتنی کۆمپانیای گاز پرۆمی ڕووسی ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە لەسەر ئاستی جیۆپۆلیتیک کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لە هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا خوازیاری بەشداریکردنن لە پەرەپێدانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان و هاوکاریی نێوان ئەو کۆمپانیایانە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو جیهان گرنگە و دەتوانێت کاریگەری سیاسی زۆری هەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان.

ڕووداو

ژمارە (303) دووشەممە 2014/3/31

وەستا حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی:

# نزیکەی 150 کەسێک لە کوردستانەوە بۆ جیهاد چوونەتە سووریا

بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی، لە ماڵەکەی خۆی لە قەرەداخ باسی کەمبوونەوەی دیاردەی سەرهەڵگرتنی گەنجانی کورد دەکات بەرەو سووریا. هەروەها باسی ئەو ڕووداوانەی چەند مانگی ڕابردووی شاری سلێمانی دەکات کە بەهۆیەوە چەند کەسێک بوونە قوربانی و دەڵێ "ئەوانە باندێک بوون و دەستگیرمان کردوون، تەنیا یەک کەسیان ماوە بگیرێ". حەسەن نوری کە خەڵک زیاتر پێیدەڵێن وەستا حەسەن، لەبارەی پەرەسەندنی مادده هۆشبەرەکانەوە قسەی کرد و گوتی "ئێستا لەنێو زیندانەکانی سلێمانیدا بازرگانی بە تلیاکەوە دەکرێ".

هەڤپەیڤین: سالار ڕەزا و نەوزاد مەحموود
ڕووداو – قەرەداخ



ناوچەی شارەزوور زۆرترین خەڵکی لێوە ڕۆیشتووە بۆ سووریا

ئەو باندەی بۆمبیان بە ئۆتۆمبیلەوە دەلکاند تەنیا یەک کەسیان ماوە بگیرێ

تاوەکو ئێستا نزیکەی 30 کەس لەوانەی چووبوونە سووریا گەڕاونەتەوە

**ڕووداو: پێشتر لاهور شێخ جەنگی گوتبووی کە سەدان گەنجی وەک شکار فایەق چوونەتە سووریا بۆ جیهاد، ئێستاش چوونی ئەو گەنجانە بەردەوامە؟**

**وەستا حەسەن:** ڕاستە پێشتر وابوو، بەڵام ئێستا کەم بووەتەوە، لەبەرئەوەی ئەو گەنجانە بۆیان دەرکەوت کە ئەو شتەی بۆی دەچن حەقیقەتی نییە، بۆیە زۆر کەمی کردووە و بەو جۆرە نەماوە.

**ڕووداو: وەک ئاسایش هیچ ئامارێکتان لەبەردەستە کە چەند کەس لە کوردستانەوە بۆ جیهاد چوونەتە سووریا؟**

**وەستا حەسەن:** ئامارەکان بەپێی شوێنەکان دەگۆڕێت، نزیکەی 150 کەسێک چوونەتە ئەوێ، بەڵام زۆریشیان گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: کام ناوچە پشکی شێری بەردەکەوێت لە چوونی گەنجەکانی بۆ سووریا؟**

**وەستا حەسەن:** بەداخەوە ناوچەی شارەزوور زۆرترین خەڵکی لێوە ڕۆیشتووە، لەناو سلێمانیش بە هەمان شێوە خەڵک چووە؟

**ڕووداو: ئەوانەی کە گەڕاونەتەوە ژمارەیان چەندە؟**

**وەستا حەسەن:** نزیکەی 30 کەسێک دەبن کە گەڕاونەتەوە.

**ڕووداو: کە لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ کردوون ئەو کەسانە پەشیمانییان دەربڕیوە؟**

**وەستا حەسەن:** زۆر زۆریش پەشیمانن، هەندێکیان دوای عاتیفە دەکەون، یان لە ژێر کاریگەریی برادەرەکانیان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و سایتە ئەلیکترۆنییەکانەوە پەیوەندییان هەبووە بە یەکترییەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە و ڕۆیشتوون، هەبووە نەگەیشتووەتە سووریا، گەیشتووەتە تورکیا و گەڕاوەتەوە، کەسوکاریان ناردوویانە بەشوێنیاندا و گەڕاونەتەوە و ئێستا لە ماڵی خۆیانن.

**ڕووداو: لە لێکۆڵینەوەکانتاندا هیچتان بۆ ئاشکرا بووە کە لایەنێک هەبێت لە کوردستان لەپشت ڕەوانەکردنی ئەو گەنجانەوە بێت؟**

**وەستا حەسەن:** نەخێر هیچ لایەنێک دەستی لەو کارەدا نییە. ئەوە بەرنامەی لایەن نییە، بەڵکو ئەوانەی باوەڕیان بە جیهاد هەیە، سایتی ئەلیکترۆنییان هەیە و ئەوان پەیوەندی بە هەندێ لە گەنجانەوە دەکەن یان سایتەکەی دەزانن و دەیکەنەوە و دەکەونە تەڵەوە. گەنج هەیە هەر باوەڕیشی بەوانە نەبووە و پەیوەندی پێوە کردوون و ئەوانیش کاریگەرییان لەسەر دروستکردووە، چونکە ئەوان فێری کوشت و بڕینیشیان دەکەن و کاریگەریی لەسەر ئەو گەنجانە دروست دەکەن.

**ڕووداو: ئێوە لە ماوەی ڕابردوو لە سلێمانی چوونە سەر چەند حوجرەیەک و دەستتان گرت بەسەر کۆمپیوتەری چەند فەقێیەکدا، ئایا لێکۆڵینەوەکان ئەوەی دەرخستووە کە مزگەوتەکان ڕۆڵیان هەبووە لە ناردنی ئەو گەنجانە بۆ سووریا؟**

**وەستا حەسەن:** بەداخەوە هەندێک کەس مزگەوتەکانیان کردووەتە شوێنی ڕاوکردنی ئەو کەسانە و مزگەوت بەکاردێنن بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە دروستبکەن کە لەوێ نوێژ دەکەن. بە نوێژ و خواپەرستی دەچنە بن کلێشەی ئەو کەسانە، یان ئیمامەتی دەکەن یان بەقسەکردن لەگەڵیان کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە دروستدەکەن بۆ ئەوەی باوەڕ بەو کەسانە بێنن کە جیهاد فەرزە و بچن بۆ جیهاد.

## ئەو چەکدارانەی جوندولئیسلام دەتوانن بگەڕێنەوە کە تاوانی کوشتن و تەقینەوەیان نەکردووە

**ڕووداو: کەوابوو مزگەوتەکان ڕۆڵیان هەبووە؟**

**وەستا حەسەن:** بەتەئکید دەتوانم بڵێم ڕۆڵیان هەبووە.

ڕووداو: لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا چەند بۆمبێک لە سلێمانی بە ئۆتۆمبیلی چەند ئەفسەرێکەوە لکێنران، لێکۆڵینەوەکان لەوبارەوە گەیشتوونەتە کوێ؟

وەستا حەسەن: بەوەی عەمید

## بازرگانی بەمادەی هۆشبەر بووەتە دیاردەیەکی مەترسیدار

بەختیارەوە بوو بە 7 بۆمب، خۆشبەختانە دوای لێکۆڵینەوە سیانمان لێ دەستگیرکردن و هەر حەڵقەیەکی ون بوو، ئەویش کەسە سەرەکییەکە بوو کە ئیشەکەی جێبەجێ کردبوو، خۆشبەختانە ئەوانەمان دەستگیر کرد بە کۆنترۆڵەکانیشەوە کە لە ماڵەکانیادا بوو، یەکێکیان نزیکەی 17 مۆبایل لە ماڵەکەیدا گیرا.

سوپاسی ئاسایشی کەرکووکیش دەکەین، ئەوان باندێکیان دەستگیر کرد کە دەستیان هەبوو لە دیارنەمانی کۆمەڵێک شۆفێری تاکسی لە ڕێگەی کەرکووک- سلێمانی. نزیکەی 16 بۆ 17 کەس دیار نەمابوون لەو ڕێگەیە. ئێمە توانیمان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانی خۆمانەوە بگەینە ئەوەی کە هەر ئەو باندە دەستیان هەبووە لە تەقینەوەکاندا و یەکێک لە کەسەکانی ئەو باندە دەستی هەیە لە تەقینەوەکانی دوو ئۆتۆمبیلەکەی سەرچنار و ئەوەی ناوبازاڕی سەرچنار و ئەوەی عەمیدەکەی هێزەکانی 70، ئەوە هەمووی ئاشکرا بوو ئێستا سزای خۆیان وەردەگرن. تەنها یەک کەسیان ماوە دەستگیر بکرێت.

**ڕووداو: لەبارەی ئەو تەقانەی لە شاسوار عەبدولواحید کران، پێشتر لاهور شێخ جەنگی گوتی لەماوەی کەمتر لە 10 ڕۆژدا توانیومانە سەرەداوی باشمان دەستبکەوێ، بەڵام تا ئێستا هیچتان ئاشکرا نەکردووە؟**

**وەستا حەسەن:** ڕاستە ئێمە توانیمان لە ڕێگەی کەناڵەکانی خۆمانەوە ئەو ئۆتۆمبێلە بدۆزینەوە کە عەمەلیەکەی پێکراوە و کۆمەڵێک بەڵگەش هەن، دادوەری ئێمە دۆسیەکەی ڕووبەڕووی پۆلیس کردووەتەوە و دۆسیەکە ئێستا لە پۆلیسە.

**ڕووداو: باس لەوە دەکرێت کە کۆنتاکتێکی باش لە نێوان دەزگا ئەمنیەکاندا نییە، بەتایبەتی لە نێوان ئاسایشی هەولێر و سلێمانی؟**

**وەستا حەسەن:** بە پێچەوانەوە هاوکارییەکی باش لە نێوانماندا هەیە هەم لەگەڵ ئاسایشی هەولێر و کەرکووک و شوێنەکانی دیکە وەک هەواڵگری و دژە تیرۆر لە سلێمانی و هەولێر. هاوکاری هەیە و ژووری عەمەلیات هەیە کە زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەین. ئێمە زانیاری دەدەین بە هەولێر و ئەوان زانیاری دەدەن بە ئێمە، ئێمە زانیاری باشمان لەم ماوەی پێشوودا دا بە هەولێر و توانییان تیرۆریستی باشیش بگرن کە ڕۆڵی خەتەری هەبووە لەسەر ناوچەکە، ئەوانیش بە هەمان شێوە زانیاری باشیان داوە بە ئێمە، لەگەڵ پۆلیسیشدا وەک دەزگایەک ئیش دەکەین.

**ڕووداو: دەتوانین بڵێین ئاسایشی هەولێر و سلێمانی یان ڕوونتر ئاسایشی یەکێتی و پارتی بە تەواوی یەکیان گرتووەتەوە؟**

**وەستا حەسەن:** ناتوانم بڵێم بەتەواوی یان وایە یان وانییە، بەڵام ئیشەکانمان باشن پێکەوە و زانیاری دەگۆڕینەوەو هاوکاری یەکتر دەکەین، بەڵام بڵێم بە تەواوی تێکەڵاو بووینەتەوە، نەخێر وانییە.

**ڕووداو: ئەی هاووڵاتیان هاوکاری هێزەکانی ئاسایش دەکەن؟**

**وەستا حەسەن:** بە دڵنیایەوە هاووڵاتیان و ئاسایش وەک ماسی و ئاو وان، لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەی ئێوەوە زۆر سوپاسی هاووڵاتیان دەکەم کە هاوکار و پشتیوانی سەرجەم دەزگا ئەمنییەکان بوون و خۆیان بە بەرپرس دەزانن، بۆیە ئێمەش وەک چاوی خۆمان دەیانپارێزین.

**ڕووداو: باس لەوە دەکرا کە داعش بەنیاز بوون لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا دزە بکەنە ناو هەرێمی کوردستان و تەقینەوە بکەن؟**

**وەستا حەسەن:** زانیاریی هەبوو، زانیاریمان پێگەیشت بە ئاسایش و بە دژە تیرۆر و بە هەموو دەزگا ئەمنییەکان کە خەتەرێک هەیە لەسەر ناوچەکەمان لەو ڕۆژانەی نەورۆزدا، بەڵام بە هاوکاری هەموو لایەک توانیمان بەرنامەو پلانێکی تۆکمە دابنێین و بەدواداچوون و متابەعەی وردمان کردو توانیمان بە سەلامەتی ئەو ڕۆژانە تێپەڕێنین.

**ڕووداو: تائێستا ئەو هێزانە، واتە داعش هەرێمی کوردستانیان نەکردووەتە ئامانج بە چڕی، ئایا ئەوانە لە داهاتوودا دەبنە مەترسی یان مەترسین بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟**

**وەستا حەسەن:** ئەوان بەرنامەی تێکدانی بارودۆخەکەیان هەیە و یەکێک لە ئامانجەکانیان ئەوەیە وردە وردە نزیک ببنەوە لە ناوچەکە، بەڵام خۆشبەختانە بە هاوکاریی هێزی پێشمەرگەو هێزە ئەمنیەکان ڕێگەیان نادەین.

**ڕووداو: لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پێشوودا چەندین ڕووداو ڕوویاندا و سێ کەسیش بوونە قوربانی، چ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانە لەماوەی بانگەشەی ئەمجارەدا ڕوونەدەنەوە؟**

**وەستا حەسەن:** هیوادارین هەموو لایەنەکان شێوازی بانگەشەکە بکەنە بانگەشەیەکی مۆدێرن. هەرکەسە و بانگەشە بۆ حیزب و کاندیدەکانی خۆی بکات و لەسەر حسابی لایەنێکی دیکە نەبێت، نەک شەقامەکان بگیرێن و بەردباران و سووکایەتی بە سەرکردەکان و خەڵکە تێکۆشەرەکان بکرێت و لە گرنگیی یەکتری کەمبکرێتەوە، هیوادارم بەو جۆرە نەبێت.

ئەمجارە لایەنەکان مەدەنیانەتر ریکلامی خۆیان بکەن نەک لەسەر حسابی لایەنێکی دیکە و بەردبارانی گروپێکی دیکە و سووکایەتی بە سەرکردەکان بکەن، هیوادارم کورد لەوە تێبگات و ئیتر خەڵکیش گوناهە با خەڵکی لەو ڕۆژانە نەترسێت و نەبێتە مەترسی بۆ سەر یەکڕیزیی نەتەوەکەمان.

**ڕووداو: لەبارەی مادە هۆشبەرەکانەوە باس لەوە دەکرێت کە ئەوانەی بەکاریدێنن یان بازرگانی پێوە دەکەن لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردە، ئێوە پلانتان چییە بۆ ئەوە؟**

**وەستا حەسەن:** ئێمە پلانی بەردەواممان هەیە بۆ ئەوە، بەڵام ئەوە بووەتە دیاردە و دیاردەیەکی مەترسیداریشە، دەلیل بۆ ئەوەش حاڵەتی گرتنە. لای ئێمە بەڕێوەبەرایەتییەکی بنەبڕکردنی مادده هۆشبەرەکان هەیە لە ئاسایشی سلێمانی و زۆربەی ئەوانەی کە دەستگیر دەکرێن،

## قاچاخچیانی تلیاک زۆر بوون و هەوڵ دەدەن بیگەیەننە ئەوروپا

بەهۆی مادەی هۆشبەرەوەیە و ڕوو لە زیادبوونیشە بەشێوەیەکی زۆر ترسناک.

بۆیە بووەتە دیاردە و ئێمەش ئەوپەڕی هەوڵمانداوە بۆ ئەوەی نەهێڵین ئەو دیاردەیە تەشەنە بکات، ئەوەش بە تەنها بە ئێمە ناکرێت و ئەرکی هەموو لایەکە بە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە و بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دایکان و باوکان کە ڕێگە نەدەن یان ئاگاداری ڕۆڵەکانیان بن و بزانن هاوڕێیەتی کێ دەکەن و نەچنە شوێنی نێرگەلەکێشان، یان ماڵان و سەیرانگا، یان ئەو شوێنانەی کاری دەعارەیان تێدا دەکرێت.

**ڕووداو: بەپێی زانیارییەکان لەناو زیندانەکاندا بازرگانی پێوە دەکرێت؟**

**وەستا حەسەن:** بە تەئکید، بەداخەوە چەندین حاڵەتی وامان لایە کە لە زیندانی چاکسازی ئەو حەبانەی کە قەدەغەن وەک ترامادۆڵ و جۆرە قەدەغەکانی دیکە، دزەی پێدەکرێت و دەبرێنە ناو زیندانەوە، هەندێک حاڵەتیش هەیە ئەوانەی پێشتر لەسەر شتی دیکە گیراون، تەنانەت لەسەر کێشەی مرور گیراون فێری کێشانی مادەی هۆشبەر بوونە لەناو زیندانادا.

**ڕووداو: هیچ پۆلیسێک یان پاسەوانێک هەیە تێوەگلابێت؟**

**وەستا حەسەن:** نەخێر، زیاتر کەسوکاری زیندانیەکانن لەناو شووتی و میوە یان شتی دیکەدا دەیگەیێننە ناو زیندانەکان.

**ڕووداو: زیاتر لە چ وڵاتێکەوە دێت؟**

**وەستا حەسەن:** زیاتر لە ئێرانەوە دێن و سەرچاوەکەی ئەفغانستانە و لە ڕێگەی ئێرانەوە بەقاچاخ دێ. نەک لایەنی ئێران ئاگادار بێت، چونکە ئەوانیش هەوڵی زۆر دەدەن بۆ دەستگیرکردنیان و تەزحیەی زۆریشیان داوە، بەڵام قاچاخچی لەو کارە قازانجێکی زۆر دەکات، بۆیە هەوڵی ئەو کارە دەدات و تەنانەت هەوڵ دەدەن لێرەوە بیگەیەننە ئەوروپا.

**ڕووداو: هیچ کۆنتاکتێک هەیە لە نێوان ئێوەو ئێران بۆ ڕێگەگرتن لەو حاڵەتانە؟**

**وەستا حەسەن:** بەڵێ لەسەر سنوور هەماهەنگی هەیە، ئەوانیش هەماهەنگیمان لەگەڵ دەکەن و داوامان لێدەکەن زانیارییان بدەینێ لەسەر ئەوانەی دەینێرن.

**ڕووداو: ئەوانەی دەستگیر کراون زیاتر خەڵکی باشوورن یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**وەستا حەسەن:** تێکەڵن، بەڵام زۆربەیان خەڵکی ڕۆژهەڵاتن.

**ڕووداو: ئەوانەی دەستگیرکراون ژنیان زۆرە یان پیاو؟**

**وەستا حەسەن:** بەزۆری پیاون، ژنیشی تێدایە.

**ڕووداو: بەرپرسێکی بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێت ئەوانەی کە جوندولئیسلام یان ئەنسار بوون بەشێکیان دەیانەوێت بگەڕێنەوە، بەڵام گرەنتی ئاسایشیان دەوێت؟**

**وەستا حەسەن:** هەرکەس کە لە تاوانەوە نەگلابێت و تەقینەوەی نەکردبێت و خەڵکی نەکوشتبێت ئەوە بابێتەوە لە ماڵی خۆی دانیشێت و تێوەنەگلێتەوە. ئێمە ڕێگەشمان پێداون و هاتووشنەتەوە، ڕێگەمان پێداون کە تەنانەت ماڵ و منداڵیشیان هێناوەتەوە و ئێستا خەریکی کارو کەسابەتی خۆیانن، ئەوەشی تاوانی کوشتن و تەقینەوەی کردبێت تەسلیمی عەدالەتی دەکەین و بەپێی یاسا سزای خۆی وەردەگرێت.

**ڕووداو: کەوابوو ئەوانەی هیچ تاوانێکی تەقینەوەو کوشتنیان نەکردووە دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و ئاسایش ڕێگرییان لێناکات؟**

**وەستا حەسەن:** نەخێر ئێمە ڕێگرییان لێناکەین، تەنها بێت و خۆی بناسێنێت بۆ ئەوەی کێشەیەکی بۆ دروست نەبێت، ئەگەر تاوانێکیشی کردووە بڕوات تەسلیمی عەدالەت بێت و تاوانیشی نەبێت با لە ماڵی خۆی دانیشێت و خەریکی تەنزیمکردنی خەڵک و ڕەوانەکردنی خەڵک و هەڵگەڕاندنەوەی خەڵک نەبێت لە ئێمە، ئەوانە ئاسایی ڕێگەیان پێدەدەین و پێشمانداون.

## سابووری دەردەکەوێتەوە



**میوا سەلاح – هەولێر**

هونەرمەند ئیسماعیل سابووری کە دەمێکە لە مەیدانی هونەری دوورکەوتووەتەوە، بە نوێترین ڤیدیۆ کلیپ کە بەناوی ڕووناکە دەردەکەوێتەوە.

ژەنیاری ئامێری کەمان شێرزاد حەیدەری کە یەکێک بوو لە ئەندامانی گرووپی میوزیک لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" هونەرمەند ئیسماعیل سابووری هەفتەی ڕابردوو کۆتایی هێنا بە ڤیدیۆ کلیپی ڕووناک کە لە ئاوازی مامۆستا کریشایەو گۆران حەمە عەزیز ئامادەی کردووە.

ئەم گۆرانیە بەهاوکاری تیپی میوزیکی سلێمانی بووە و بڕیارە لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا لە تەلەفزیۆنەکان پەخش بکرێت".

# دوو دەرهێنەری ئیسپانی دۆکۆمێنتارییەک لەسەر هەڵەبجە دروست دەکەن

**ئەلێکساندرا دی ستێڤانۆ**
**ڕووداو- بەرشەلۆنە**

دوو دەرهێنەری ئیسپانی لە کاتی دەرهێنانی فیلمێکی دۆکۆمێنتاری لەسەر هێرشە کیمیاوییەکەی ساڵی 1988ی هەڵەبجە، گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەو مەرگەساتەی بەسەر هەڵەبجەدا هات لە چیرۆکی ژیانی یەکێک لە قوربانییە ڕزگاربووەکاندا بەناوی ئومێد حەمە، بە باشترین شێوە ڕەنگ دەداتەوە.

ئومێد تەمەنی تەنیا چەند مانگێک بوو کاتێک کە ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی 1974 شاری هەڵەبجەی بۆردومان کرد و 52 کەسی کوشت بە دایک و براکانی ئومێدیشەوە. باوکی ژنێکی دیکەی هێنا و ئومێد لەو خێزانە نوێیەدا پەروەردە کرا، بەڵام لەساڵی 1988دا کاتێک کە تەمەنی ئەو تەنیا 14 ساڵ بوو، ئەو خێزانەشی لە هێرشە کیمیاوییە بەدناوەکەی ڕژێمی سەددامدا لەدەست دا. دیسان خۆی و باوکی بە تەنیا لە خێزانێکدا مانەوە. باوکی لە سوپای عێراقدا سەرباز بوو.

ئەم بەسەرهاتەی ئومێد لە فیلمێکی دۆکۆمێنتاری 35 خولەکیدا بەناوی "هەڵەبجە: ژیان دوای مردن" تۆمار کرا. فیلمەکە لەلایەن دەرهێنەری ئیسپانی هولیان فلۆردێلس و ئێدواردۆ ئوبێداوە دەرهێنراوە، ناوەڕاستی ئەم مانگە وەکو وەبیرهێنانەوەیەک بۆ هێرشەکەی 16ی مارسی 1988 لە شاری زارەگۆزای ئیسپانیا بۆ یەکەمجار نمایش کرا.

ئەم فیلمە کە بە پشتگیری ئەنجوومەنی شاری زارەگۆزا دەرهێنراوە، باس لە ژیان دەکات لە هەڵەبجە دوای چارەکە سەدەیەک لەو هێرشە وێرانکەرە.

دابان شەدەڵە، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیسپانیا ئامادەی نمایشی فیلمەکە بوو.





جولیان و ئیدوارد هەردوو دەرهێنەری فیلمەکە

فیلمەکە چاوپێکەوتن و گەواهیدانی هەندێک لەوانەی تێدایە کە توانیویانە خۆیان لەو چارەنووسە ڕزگاربکەن کە 5000 کەسی دیکەی دانیشتووی ئەو شارە پێیگەیشتن. فیلمەکە تەنیا باسی ڕابردوو ناکات، بەڵکو باس لەو ڕۆحیەتەش دەکات کە هەڵەبجەییەکان هەیانە بۆ زیندووکردنەوەی شارەکەیان. ئێستا هەڵەبجە بووە بە شارێکی گەورە و بەم دواییە کرایە پارێزگایەکی نوێ.

فلۆردێلس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەسەرووی هەموو شتێکەوە، هەڵەبجەییەکان هێشتا حەزێکی بەهێزیان هەیە بۆ بەرەوپێشچوون". چونکە وەک ئەو دەڵێت "توانیویانە شارەکەیان دووبارە بنیات بنێنەوە پاش ئەوەی بە تەواوەتی تەختی زەوی کرا. ئێستا ئەگەر کەسێکی بیانی بچێتە هەڵەبجە، بێ ئەوەی کە بزانێت 26 ساڵ پێش ئێستا چی ڕوویداوە، هەرگیز هەست ناکات ئەو شارە خاپوور کرابوو".

دەرهێنەرەکان کە هەردووکیان بۆ تەلەڤزیۆنی ئارگۆن کاردەکەن، پێیانوایە چیرۆکەکەی ئومێد حەمە، بە باشترین شێوە هەڵسانەوەی ئەو شارە لە خۆڵەمێشەوە پێشاندەدات.

"فیلمەکە ڕەخنەگرتنە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئومێدی ئێمە ئەوەیە کە شتی لەو جۆرە جارێکی دیکە ڕوو نەداتەوە" دەرهێنەرەکان لە ئیمەیڵێکدا بۆ (ڕووداو) وایانگوت.

ئەوان بۆیان ڕوون بوو کە یادگارە تراژیدییەکانی هێرشە کیمیاویەکە هێشتا لە مێشکی قوربانییە ڕزگاربووەکاندا زیندوون. لەکاتێکدا کە فلۆردیلس لەگەڵ ئومێد چوونە ئەو شوێنەی لەکاتی لاوێتیدا ئومێد خێزانەکەی تێدا لەدەست دا، فلۆردیلس فرمێسکەکانی پێ ڕانەگیرا.

فلۆردیلس دەڵێت "کە گەیشتینە ئەوێ، زانیمان چەند سەختە بۆ ئومێد کە لەوێ بێت. من خۆم پێ نەگیرا و دەستمکرد بە گریان، بەڵام ئومێد دڵی دەدامەوە و باوەشی پێدا کردم، من نەمزانی چی پێبڵێم. ئەو چیرۆکەی ژیانی ئومێد رووخێنەرترین چیرۆکە کە لە ژیانمدا بەر گوێم کەوتبێت".

ئومێد لەو مۆنۆمێنتەدا کار دەکات کە بۆ قوربانیانی هەڵەبجە بنیاتنراوە بۆ ئەوەی قوربانیەکان هەمیشە بە زیندوویی لە یادەوەرییەکاندا بمێننەوە. ئەو هەموو ڕۆژێک وێنەی کەسوکارە مردووەکانی پێشانی سەردانیکەران دەدات و لەم ڕێگەوە خۆی دڵنیا دەکاتەوە کە ئەوان لەبیرناکرێن.

چیرۆکی ژیانی کەسێکی دیکە کە لە فیلمەکەدا نمایش دەکرێت، ژیانی ئوسامە گوڵپی تەمەن 28 ساڵە. ئوسامە دوای هێرشە کیمیاوییەکە لە کامپی ئاوارەکان لە ئێران لەدایکبووە، دواتر لە ساڵی 1991 گەڕاوەتەوە هەڵەبجە.

دەرهێنەرەکان دەڵێن "یادەوەرییەکانی ئوسامە لەسەر یادی ئازارەکان بنیاتنراون. لە کاتی منداڵێتی ئەودا گرنگترین ڕۆژ، ڕۆژی لە دایکبوونی نەبووە، ڕۆژی یادکردنەوەی مردووەکان بووە".

ئێنریک بێرنارد، مامۆستای مێژووی هاوچەرخ لە زانکۆی زارەگۆزا و شارەزایەکی ناسراوی بواری جینۆساید، لە کاتی نمایشی فیلمەکەدا وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا باسی لە کورد کرد، باسی لەوەکرد کە ئایا کورد کێیە؟

بێرنارد بە (ڕووداو)ی گوت "نەزانینێکی زۆر دەربارەی کورد هەیە، ئەم نەزانینە ڕووبەڕووی هەموو ئەو گەلانە دەبێتەوە کە دەوڵەتی خۆیان نییە."

ئوبێدا دەڵێت "خەڵکی ئیسپانیا هیچ زانیارییەکیان نییە لەبارەی ئەوەی کە لە هەڵەبجە ڕوویدا". ئەو پێیوایە فیلمەکە ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە چیرۆکی هەڵەبجە ئاشنا دەکات.

دەرهێنەرەکان دەڵێن دوای تەواوکردنی فیلمەکەیان گەڕاونەتەوە هەڵەبجە و سوپاسگوزاری خەڵکی هەڵەبجەن.

فلۆردیلس دەڵێت "من سەرم لە هێز و توانای ئومێد و هەموو قوربانییەکان سوڕ دەمێنێت کە چۆن هەموو ڕۆژێک ڕووبەڕووی یادەوەرییە پڕ ئازارەکانیان دەبنەوە".



# هونەرمەندێکی کورد سەرکۆنەی ئەڵمانیا دەکات

## کلیپەکەی 1 ملیۆن بینەری هەبووە

**یادۆ جوان**
**ڕووداو- ئەڵمانیا**

هونەرمەندێکی کورد بە گۆرانییەک کە لە ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە، حکومەتی ئەڵمانیا سەرکۆنە دەکات. ئەو هونەرمەندە لەو گۆرانییەدا دەڵێت کە 10 ساڵە لە ئەڵمانیایە و حیسابی بۆ ناکەن.

مالیک سامۆ، هونەرمەندێکی نوێی جیهانی ئینتەرنێتە، گۆرانییەکەی بە ناوی "10 ساڵ لە ئەڵمانیا". زیاتر لە یەک ملیۆن جار بینراوە. سامۆ گۆرانییەکانی بەجۆش و خرۆش، بەشێوازی گۆرانی کوردی و بەزمانی ئەڵمانی دەڵێت. تایبەتمەندییەکی دیکەی گۆرانییە ئەڵمانییەکانی ئەوەیە کە بە زمانێکی سادە و ساکار باسی کێشەی خۆی و دەوروپشتی دەکات، بۆ نموونە گۆرانی فەرمانگەی کار، ساندی پیتزا، ڤۆدافۆن، شپیلتێکەر و.. هتد.

مالیک سامۆ، 22 ساڵ، گەنجێکی کوردی ئێزدییە، خەڵکی گوندی بەرزەنی سەر بە شاری حەسەکەیە لە ڕۆژئاوای کوردستان. ساڵی 2002 ڕووی کردووەتە ئەڵمانیا و لە شاری ئۆڵدێنبورگ نیشتەجێ بووە. هەر لە منداڵییەوە مەیلی بۆ میوزیک و ستران گوتن هەبووە و هەمیشە بزقی ژەنیوە لەگەڵ گۆرانییەکانی محەممەد شێخۆ، سەعید یوسف، مرادێ کنێ و عادل حوزنی. بەڵام زیاتر حەزی لە گۆرانیی هەڵپەڕکێیە.

مالیک لە ساڵی 2006ەوە لەنێو "ماڵی ئێزدیان" لە ئۆڵدینبورگ بەشداری چالاکی لاوان دەبێت و وەکو "گۆرانیبێژی" ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەی ئێزدیان دەرکەوتووە.

مالیک سامۆ باسی ئەو گۆرانییە دەکات کە یەک ملیۆن بینەری هەبووە و دەڵێت "ماوەی 10 ساڵ بوو ئێمە لە ئەڵمانیا بووین، بەڵام هیچ مافێکمان نەبوو. گوتم بۆچی باسی ئەو کێشەیەم نەکەم بە زمانی ئەڵمانی بۆ ئەوەی ئەڵمانەکانیش تێبگەن. لەسەر ئەوەش گۆرانیی "ماوەی 10 ساڵە لە ئەڵمانیام" نووسی و کردمە گۆرانی. هۆنراوەی گۆرانییەکە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە، هەر بۆیەش دەنگدانەوەیەکی مەزنی هەبوو".

کاتێک گوێ لە گۆرانییەکانی دەگریت، پێکەنینت نامێنێت. سامۆ لەبارەی ئەمەوە بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە "لە گوندێکی ئۆڵدنبورگ کە بۆ خۆشم لەوێ دەژیم، لەلایەن خەڵکی ئەڵمانەوە بانگهێشت کرام بۆ ئاهەنگێکیان. چوومە سەر سەکۆ و دەستمکرد بە گۆرانیگوتن. سەیرمکرد ئەوان پێدەکەنن، منیش خۆم پێڕانەگیراو پێکەنیم. دوای ئەوە لە شوێنێک دانیشتم بۆ خواردنی قاوە، کەسێکی ئەڵمان هاتە لام و گوتی: هەموومان پێدەکەنین و گۆرانییەکانت زۆر کۆمێدی بوون. کێشەت چییە بۆچی ئەو جۆرە گۆرانییانە دەڵێی؟ منیش پێمگوت من خەمی خۆم بە گۆرانی دەردەبڕم و ڕاستییەکانم باسدەکەم. من کۆمێدی نیم و مەبەستم ئەوە نییە خەڵکی پێبکەنن".

سامۆ لەگەڵ چوار هاوڕێی خۆی گرووپێکی بەناوی خۆی دروست کردووە و دەچێتە بۆنەکان و گۆرانی دەڵێت. ئەو دەڵێ لە شایی کوردیشدا داوای لێدەکەن گۆرانی ئەڵمانی بڵێت.

### لەلایەن RTLەوە بانگهێشت دەکرێت

سامۆ دوای دروستکردنی گۆرانی "10 ساڵ لە ئەڵمانیا" و بڵاوکردنەوەی لەسەر ئینتەرنێت، لەماوەیەکی کورتدا زۆر بەناوبانگ بوو، بۆیە لەلایەن کەناڵی (RTL)ی ئەڵمانی بانگهێشت کرا بۆ بەرنامەی بولەنت جەیلان و هەمان گۆرانیی گوت. سامۆ ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ ئەلبوومێکی نوێ و دەیەوێ ساڵی داهاتوو بڵاوی بکاتەوە.

مالیک سامۆ دوای 12 ساڵ ژیان لە ئەڵمانیا، ماوەیەکی کورت لەمەوبەر مافی مانەوەی بۆ دوو ساڵ وەرگرت. داواکاری سامۆ لە خەڵکی کورد ئەوەیە کە لەبیری نەکەن و بانگهێشتی شاییەکانی بکەن.



# دوێتێکی کوردی - ئەفریقی بۆ مەدینە

**سەیدخان کوریژ**
**ڕووداو- ئەڵمانیا**

کچە هونەرمەندی کورد مزگین کلچ و کوڕە هونەرمەندی ئەفریقی ئەنزۆ ئیکا، بە شێوەزاری کوردی زازاکی و زمانی ئەفریقی کۆنگۆیی دوێتێکیان تۆمار کرد.

ئەو کچە کوردە لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیا لەدایکبووە، هەر لە منداڵییەوە گرنگییەکی زۆری بە میوزیکی کوردی داوە. ئەنزۆ ئیکاش لە کۆنگۆ لەبەر زوڵم و زۆری سوپای ئەو وڵاتە پەنای بردووەتە بەر تورکیا و ئێستا لەوێ دەژیت.

ژیانی ئەو دوو هونەرمەندە لە یەکدی دەچێت، هەردووکیان کۆچبەرن. ئەنزۆ پەنابەرە و مزگینیش لە نێو خێزانێکی پەنابەر گەورە بووە. باوکی مزگینیش هەر لەبەر زوڵم زۆری سوپای تورکیا، لە دوای کودەتای سەربازیی 12ی ئەیلولی 1980 باکووری کوردستانی جێهێشتووە و ڕووی کردووەتە ئەڵمانیا.

مزگین و ئەنزۆ پێکەوە گۆرانییەکیان تۆمار کردووە بە ناوە "مەدینە". کلیپی ئەو گۆرانیەشیان لە شاری ئیستەنبوڵ کردووە. گۆرانییەکە باس لە چیرۆکی کچێکی کورد دەکات بە ناوی مەدینە. هۆنراوەی گۆرانییەکە لەلایەن دەنگبێژ سدقی بودانجیر نووسراوە کە لە هامبۆرگ دەژیت.

ئەو کچە هونەرمەندە لەبارەی ئامانجی دوێتەکەی لەگەڵ ئەو هونەرمەندە ئەفریقییە گوتی کە ئەو دەیەوێت سەرنجی خەڵک بۆ لای برایەتی و فرەکەلتووری و ئاشتی ڕابکێشێت.

سەبارەت بە زمانی گۆرانییەکەشیان کە شێوەزاری زمانی کوردی زازاکییە. مزگین گوتی "بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ شێوەزاری زازاکی لەو شێوەزارانەیە کە هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە. بۆیە دەبێت ئێمە خاوەندارێتی لەو شێوەزارە بکەین و لە لەناوچوون بیپارێزین".

بە بڕوای مزگین، ڕەنگە لە داهاتوودا نەوەیەک پەیدا ببێت نەزانێت شێوەزاری زازاکی چییە "بۆیە دەمەوێ بەو کارەم سەرنج بخەمە سەر ئەو ڕاستییە". گوتیشی "من دەمەوێ سەرەتا کار لەسەر میوزیکی ڕەسەن و کلاسیک بکەم، دواتر دەمەوێت گۆرانی بەشێوەزاری زازاکی بڵێم، بۆ ئەوەی گەنجان حەز لەو شێوەزارە بکەن و گوێی لێبگرن".

ئەنزۆ ئیکا، خۆی بە هاووڵاتییەکی جیهانی دەزانێت نەک وڵاتێکی دیاریکراو. سەبارەت بەو دوێتەی لەگەڵ مزگین کردوویەتی، ئیکا گوتی "بۆ من نەژاد زۆر گرنگ نییە، مرۆڤایەتی گرنگە. ئێمە لە گۆرانیدا ئاشتی، برایەتی و ئازادی بۆ گەلانی جیهان دەخوازین، لە گۆرانی مەدینەشدا مەسجێکی لەو شێوەیە هەیە. کە من بە کۆنگۆیی و مزگین بە کوردی گۆرانی دەڵێت ئەوە مەسجێکی سیاسی نییە، بەڵکو مەسجی ئاشتی و برایەتییە".

ئینکا دەڵێت تاوەکو ئێستا لەگەڵ هونەرمەندی ئەڵمانی، ئیتاڵی و نەتەوەکانی دیکەش دوێتی کردووە "ئامانجی من بیستنی دەنگی برایەتییە".

مزگین لە ساڵی 2013 ئەلبوومێکی دەرکردووە بەناوی "من و تۆ" کە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەی بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی و زازاکی چڕیون.

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (303) دووشەممە 2014/3/31

## باشترین باڵیۆز لە ڕۆمانیا کوردە



**ڕووداو- بوخارست**

عومەر بەرزنجی، باڵیۆزی عێراق لە ڕۆمانیا کە کوردە، خەڵاتی باشترین باڵیۆزی وڵاتانی لە بوخارست-ی پایتەختی ڕۆمانیا وەرگرت. عومەر بەرزنجی، باڵیۆزی عێراق لە ڕۆمانیا بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمە یەکەمینجارە لە مێژوویی عێراقدا باڵیۆزێک ئەو خەڵاتە وەربگرێت، بێگومان وەک کوردێک شانازیی دەکەم کە باڵیۆزێکی کورد ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە". ئەو خەڵاتە لەلایەن پەرلەمانی ڕۆمانیا و پەیمانگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هاوکاری ئابووری ڕۆمانی پێشکەشدەکرێت.

هۆڵەندا..

# سێ کاندیدی کورد لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەرچوون



موراد مەمیس



سۆما سوورێنی



بیرگوڵ ئۆزمەن

**ئاشتی عومەر سندی**
**ڕووداو- ئەمستەردام**

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکاندا کە ڕۆژی 19ی ئادار لە هۆڵەندا بەڕێوەچوو، لەکۆی شەش کورد کە خۆیان کاندید کردبوو، سێیان دەرچوون و بوونە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان.

موراد مەمیس، لە شاری ئایندهۆڤن لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیست، بە بەدەستهێنانی 3802 دەنگ بووە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی.

هەروەها بیرگوڵ ئۆزمان لە شاری دەنهاخ لەسەر لیستی پارتی دیموکراتەکانی شەست و شەش (D66) بە 1180 دەنگ و سۆما سوورێنی لە شاری ڕۆتەردام لەسەر لیستی هەمان پارت بە 750 دەنگ بوونە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی.

موراد مەمیس کە یەکێکە لە کاندیدە دەرچووەکانی پارتی سۆسیالیست لە شاری ئایندهۆڤن بە (ڕووداو)ی گوت "دەرچوونی کوردێک زەحمەتە لە شارێکی وەکو ئایندهۆڤن، چونکە ژمارەیەکی کەم ڕەوەندی کوردی تێدایە و زۆرجاریش ئێمە لەلایەن تورکە فاشیستەکانەوە هێرشمان دەکرێتە سەر". سەبارەت بە هۆکاری خۆپاڵاوتنیشی بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی، موراد گوتی "من دەمویست ڕێگە بۆ گەنجانی کورد بکەمەوە و پێیانبڵێم کە ئێمە دەتوانین بگەینە ئەو شوێنانەی بڕیاریان لێدەدرێت و لەو ڕێگەیەوە خزمەتی کوردستان بکەین، ئێمە لە میللەتەکانی دیکە کەمتر نین، بۆیە هیوادارم گەنجانی کورد باش بیر بکەنەوەو ڕوو لە هەموو ئەو ڕێگایانە بکەن کە دەتوانن خزمەتی کوردستانی پێبکەن".

بیرگوڵ ئۆزمەن، یەکێکی دیکە لە کاندیدە دەرچووەکانی پارتی D66 لە شاری دەنهاخ، دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی بە (ڕووداو)ی گوت "لە شارەکەی خۆم دەبمە نوێنەری کوردی ئەو شارە و بەپێی توانای خۆم خزمەتیان دەکەم".

هەروەها گوتی "لەگەڵ بەرپرسانی حیزبەکەم قسە دەکەم و داوایان لێدەکەم پتر نزیکی کورد ببنەوە و هاوکارییان بکەن".

موراد مەمیس و بیرگوڵ ئۆزمەن لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری ئامەدی باکووری کوردستانن. سۆما سوورێنیش خەڵکی شاری سلێمانییە لە باشووری کوردستان. ڕەنگە لەو هەڵبژاردنەدا کاندیدی دیکەی بە ڕەگەز کورد دەرچووبن، بەڵام وەکو کورد خۆیان نەناساندووە.

تۆمەتبارە بە ئەندامێتی ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلام

# کوردێک لە گرتووخانەی گوانتانامۆی بچووک



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

لە سەردەمی حوکمڕانی جۆرج بوش-دا چەند گرتووخانەیەک لە ویلایەتی ئیندیانا و ئیلینۆی ئەمریکا کرانەوە، لەبەرئەوەی زانیارییەکی کەم لەسەر ئەم گرتووخانانە لەبەردەستی خەڵکدا هەیە و گرتووخانەکان نێوبانگێکی باشیان نییە، ناویان لێنراوە گوانتانامۆ بچووکەکان.



ئەم گرتووخانانە بەشێوەیەک دیزاین کراون کە ڕێگە نادەن زیندانییەکان بە ئاسانی پەیوەندی بە کەسوکاریانەوە بکەن. زیاتر لە 70%ی گیراوانی ئەم زیندانانەش موسڵمانن و بەهۆی بیروباوەڕی ئاینی یان سیاسییەوە گیراون.

لە یەکێک لەو گرتووخانانەدا، کوردێکی باشووری کوردستانی تێدایە کە ناوی یاسین عارفە و پێشتر دژی سەدام بووە. ئەو دوای ئەوەی ڕووی کردووەتە ئەمریکا، لەوێ بووەتە ئیمامی مزگەوتی (ئەلبانی) لە شاری نیویۆرک.

یاسین خاوەنی 4 منداڵە، لە کاتێکدا ئیمامی مزگەوت بووە، لەلایەن پۆلیسی فیدراڵیی ئەمریکا (FBI) یەوە بە تۆمەتی هاوکاریکردنی گرووپە توندڕەوەکان دەستگیرکراوە، چونکە لەگەڵ کەسێک مامەڵەی کردبوو کە ئەو کەسە پارەی لە فرۆشتنی چەک بەدەستهێناوە و دوای دەستگیرکرنیشی دانی بە تاوانەکەیدا نابوو، هەربۆیە یاسینیش بەهۆی مامەڵکردن لەگەڵ ئەو کەسە دەستگیرکرا و سزای 15 ساڵ بەندکردنی بۆ دەرچوو.

سەربازە ئەمریکییەکان لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لە یەکێک لە بنکەکانی ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلامدا چەند بەڵگەنامەیەکیان دەستکەوت. یەکێک لە بەڵگەنامەکان ناو و ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆنی یاسینی تێدابوو، ئەو وەکو "سەرکردە" ناوی لە بەڵگەنامەکەدا هاتبوو. ئەو زانیارییەش بەس بوو بۆ ئەوەی پۆلیسی FBI یەکسەر هەڵبکوتنە سەر ماڵەکەی لە نیویۆرک و دەستگیری بکەن.

لەگەڵ دەستگیرکردنی یاسین عارفدا، پۆلیسی فیدراڵی کەسێکی دیکەشیان بەناوی محەممەد حوسێن دەستگیر کرد. یاسین جگە لەوەی ناوی لە نێو بەڵگەنامەکانی گرووپی ئەنسارولئیسلامدا هەبووە، لە هەمانکاتدا لەگەڵ حوسێن بەوە تۆمەتبار کران کە ویستوویانە چەکێکی جۆری ئار پی جی بە پەنابەرێکی پاکستانی بفرۆشن، تاوەکو باڵیۆزی پاکستان لە ئەمریکا بەو چەکە تیرۆر بکات. هەروەها تۆمەتی سپیکردنەوەی پارەشیان درایە پاڵ.

مانەوەی یاسین لە زیندان ژیانی خێزانەکەشی سەخت کردووە، پەیوەندی تەلەفۆنی تاکە شتە کە خێزانەکە بەیەکەوە دەهێڵێتەوە. هەرچەندە وەرگرتنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیش سەختن، بەجۆرێک دەبێت پێش هەفتەیەک لە تەلەفۆنکردن، خێزانەکەی داوای فەرمی لە زیندانەکە بکەن و دەشبێت ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە لە نێوان کاژێر 8 ی بەیانی بۆ 3 ی دوای نیوەڕۆ بێت، کە ئەمەش کاتی قوتابخانەی منداڵەکانیەتی.

سەرەڕای ئەمەش، خێزانەکەی یاسین لە کاتی خوێندنی منداڵەکانی لە ژووری بەڕێوەبەری خوێندنگاکە کۆدەبنەوە، زەهوری هاوسەری یاسین و چوارمنداڵەکەی لە دەوری تەلەفۆنەکە کۆدەبنەوە و بڵندگۆی تەلەفۆنەکە دەکەنەوە، هەوڵدەدەن لەو کاتەی کە بۆیان دانراوە قسە لەگەڵ باوکیان بکەن، بەڵام ئەوان پێیانوانییە ئەوەندە کاتە بەس بێت و ناشتوانن بەم ماوە کەمە قسەکانیان تەواو بکەن. لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی زیندانیکردنی یاسیندا، لەبەرئەوەی خێزانەکەی ئۆتۆمبێلیان نەبوو، تەنیا 4 جار سەردانی یاسینیان کرد. لەماوەی ئەو چوار جار سەردانییەدا یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی خێزانەکە خۆبەخشانە ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ماوەی 14 کاژێر لێدەخوڕی و دەیبردن بۆ گرتووخانەکەی ئیندیانا بۆ بینینی یاسین.

ئەوان ماوەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێلدا دەمانەوە و هاوڕێیەکە هەوڵی دەدا کەمێک گەشتەکە بۆ منداڵەکان خۆش بکات، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێگەپێدراو بوون تەنیا 15 خولەک باوکیان ببینن، لە کاتی گەڕانەوەیان دووبارە خەمبار دەبوونەوە. لەکاتێکیشدا دەگەیشتنە زیندانی گوانتانامۆی بچووک، دووبارە کەشەکە ناخۆشتر دەبوو، لەبەرئەوەی چەند پاسەوانێک چاودێریی سەردانە کەمەکەیان دەکردن و چاوەڕوانی هەڵەیەکیان دەکرد تاوەکو کۆتایی بە سەردانەکە بهێنن.

لە یەکێک لە سەردانەکانیاندا هاوڕێکەی یاسین قەڵەمێکی لە گیرفانی دەرهێنا تاوەکو هەندێک شت بنووسێت، بەڵام دەستبەجێ پاسەوانەکان دووریانخستەوە و کۆتاییان بە سەردانەکە هێنا. پاسەوانەکان گوتیان "ئەو خێزانە یاساکانی گرتووخانەکەیان پێشێل کردووە و ئامێری دەنگ تۆمارکردنیان بەکارهێناوە".

کاتێک منداڵەکان سەردانی باوکیان دەکرد، بە بەردەوامی دەگریان بەهۆی ئەوەی باوکیان لەودیوی شووشەی زیندانەوە دەبینی. نەوەک تەنیا بۆ منداڵەکان، ئەم جۆرە سەردانانە بۆ یاسین و هاوسەرەکەشی زۆر بەئازار بوون، لەبەرئەوەی تەنیا ڕێگەپێدراوبوون لە شووشەیەکی ناڕوونەوە یەکتری ببینن و دەستیان بەیەکدی نەگات.

# دانیمارک یاسایەکی تایبەت بۆ کچە پەناخوازێکی کورد دەردەکات

**ڕووداو- دانیمارک**

زۆربەی حیزبەکانی نێو پەرلەمانی دانیمارک هاوڕان لەسەر دەرکردنی یاسایەکی تازە لەلایەن وەزارەتی داد کە مافی مانەوە دەداتە کچە پەناخوازێکی کورد، کە ماوەیەکە بووەتە ڕۆژەڤی ئەو وڵاتە.

دەسەڵاتدارانی دانیمارک دەیانویست سۆنگول یوکسەل بگەڕێننەوە بۆ تورکیا، چونکە بەپێی وتەی دەسەڵاتدارانی فەرمانگەی پەنابەرانی دانیمارک، سۆنگول مەرجەکانی پێدانی مافی مانەوەی لەو وڵاتەدا نییە.

لە وەڵامی داواکارییەکی سۆنگولدا بۆ ئەوەی لە دانیماک نیشتەجێ ببێت، دەسەڵاتدارانی فەرمانگەی پەنابەرانی ئەو وڵاتە بە سۆنگۆلیان گوتووە کە ئەو نەیتوانیوە پێشانی بدات دەتوانێ تێکەڵی کۆمەڵگەی دانیمارکی ببێت.

ئۆزلەم ئاکار، کارمەندی خزمەتگوزاریی پەنابەری دانیمارک دەڵێت "سۆنگول تا ساڵی 2009 لە تورکیا ژیاوە، نۆ ساڵی خوێندنی لە تورکیا تەواو کردووە. لە تەمەنی 14 ساڵیدا بۆ یەکەمجار هاتووەتە دانیمارک. ئێستا کەسێکی پێگەیشتووە و دەتوانێت خۆی بژیێنێت".

جگە لە ڕاستڕەوەکان و پارتە ڕەگەزپەرستەکان، زۆربەی پەرلەمانتارانی پارتەکانی نێو پەرلەمانی دانیمارک پشتیوانی خۆیان بۆ پێدانی مافی مانەوە بەو کچە کوردە دەربڕی.

پێشتر فەرمانگەی پەنابەران لە دانیمارک، مۆڵەتی یەک مانگی بە سونگول دابوو تاوەکو دانیمارک بەجێبهێڵێت و بچێت لە تورکیا لەگەڵ داپیری بژی کە سۆنگول بۆخۆی دەڵێت زۆر بە کەمی دەیناسێت.



دەسەڵاتداران دەڵێن دایکی سۆنگول لە تورکیا دەژیت و دەتوانێت ئاگای لە کچەکەی بێت، بەڵام دۆکۆمێنتەکانی سۆنگول وا دەردەخەن کە دایکی سۆنگول لە باوکی جیابووەتەوە و لەگەڵ کەسێکی دیکە هاوسەرگیری کردووە.

بەپێی ڕۆژنامەی پۆلیتیکەنی دانیمارکی، سۆنگول لە خوێندنی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی دانیمارکیدا بەرزترین نمرەی هێناوە.

سۆنگول بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت "من خوێندنی ئامادەییم بە بەرزترین نمرەوە تەواوکردووە. ئەگەر ئەمە سەرکەوتن و تێکەڵاوی کۆمەڵگە نەبێت، ئیدی من نازانم چییە؟".

کارینا لۆرێنتز، پەرلەمانتار لە لیستی پارتی سۆسیالیستی گەل دەڵێت "جێگەی باوەڕکردن نییە کەسانێک پێیانوابێت کە کچێک بەرزترین نمرەی ئامادەیی هێنا بێت، ناتوانێت تێکەڵی کۆمەڵگە ببێ".

دوای بێنە و بەردەیەکی زۆر لەسەر سنووورداشکردنەوە یان نەکردنەوەی ئەو کچە کوردە، ئێستا وەزارەتی دادی ئەو وڵاتە یاسایەکی نوێی ئامادە کردووە بۆ پێدانی مافی مانەوە بە سونگول یوکسەل و 25 گەنج و منداڵی دیکەی پەناخواز.

بەپێی یاسا نوێیەکە، شەش مانگ دەرفەت دەدرێتە ئەو 26 کەسە تاوەکو سەردانی فەرمانگەی پەنابەران بکەن بۆ داواکردنی مافی پەنابەری. جگە لە پارتە ڕاستڕەو و کۆنەپارێزەکان، زۆربەی پارتەکانی نێو پەرلەمانی دانیمارک پشتگیری یاسا نوێیەکە دەکەن.

کارین هیکروب، وەزیری دادی دانیمارک بە ڕۆژنامەنووسانی گوت "ئەگەر هەر پەناخوازێک بە تەواوی تێکەڵی کۆمەڵگەی دانیمارکی ببێت و بتوانێت خۆی بگونجێنێ، دەرفەتی ئەوەی پێدەدرێت، جارێکی دیکە داوای مافی پەنابەری بکات".

ژنێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە

# بە تەمەنترین پەناخوازی جیهان گەیشتە ئەڵمانیا



**ڕووداو- دویسلدۆرف**

سەبریە خەلەف، 100 ساڵ، بە تەمەنترین پەناخوازی کورد و ڕەنگە جیهانیش کە چیرۆکی ئاوارەبوونی بە زیاتر لە 6 زمانی جیهان لە میدیاکاندا بڵاوکرایەوە، دواجار بە ئامانجی خۆی گەیشت و گەیشتە ئەڵمانیا.

سەبریە خەلەف کە ماوەی شەش مانگ بوو لە یۆنان چاوەڕێی پەڕینەوە بوو بۆ ئەڵمانیا، ڕۆژی 2014/3/17 گەیشتە فڕۆکەخانەی دویسلدۆرف لە ئەڵمانیا و لەلایەن کەسوکارییەوە پێشوازی لێکرا.

چیرۆکی سەبریە کە لە 25ی کانوونی یەکەمی 2013ەوە لە کەمپێکی پەنابەریدا دەژی لە یۆنان، ببووە بابەتی میدیا جیهانییەکان. لەم دواییەشدا کەمپینێک لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەستپێکرابوو بۆ قبوڵکردنی داواکەی لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە. (ڕووداو)یش پێشتر دوو ڕاپۆرتی لەسەر ژیانی ئەو پیرەژنە کوردە ئێزدییە بڵاوکردووەتەوە کە خەڵکی گوندێکی دەڤەری تربەسپیی ڕۆژئاوای کوردستانە.

بێجگە لە ئەندامانی بنەماڵەی سەبریە کە بە گەرمی پێشوازییان لێکرد، کەسانی دیکەش هاتبوون بۆ پێشوازیکردن لەو پیرەژنە کوردە، لەوانە ئانێتە گرۆس، پەرلەمانتاری ئەڵمانی و د.ڤۆلفگانگ کروگ، موختاری گوندی هۆلدۆرف کە ئەو پیرەژنە ماندووەیان بردە لای کوڕی خۆی لە گوندی هۆلدۆرف لە باکووری ئەڵمانیا.

سەبریە سەرەتا لەوێ دەمێنێتەوە و دواتر بەرنامەیەکی چڕوپڕی لە پێشە. دیارە بێجگە لە پێشوازیکردنی گەرم، سەبریە هەروەها دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت کە 34 نەوە و 53 منداڵی نەوەکانی لەباوەش بگرێت.

ئەوکاتەی لە یۆنان بووە، سەبریە گوتبووی تەنیا یەک داواکاری هەیە پێش مردنی، ئەویش ئەوەیە کە دەیەوێ بە زیندوویی منداڵەکانی لە ئەڵمانیا ببینێ و دواتر بە ئارامی گیان بسپێرێ.
















Contact us:
Iraq - Erbil Empire World
Empire Business Complex C3

Tel: 00964 66 258 6008 - 00964 66 258 6009
Email: info@falconiraq.com




Empire
Building the Future World

تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن

Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com



ڕووداو
ژنان
ژمارە (303) دووشەممە 2014/3/31

## کچێک دەرفێنرێت



**ڕووداو-ڕانیە**

کچێکی 12 ساڵ لە شارۆچکەی ڕانیە دوای چەند کاژێرێک لە ڕفاندنی دۆزرایەوە، ئەو کچە درەنگانی شەوی 2014/3/29 لە گەڕەکی کێوەڕەشی سەنتەری ڕانیە ڕفێنرا، ڕفێنەرەکە ئۆتۆمبێلێکی پێبووە، دوای ئەوەی ئەو کچە دۆزرایەوەو ڕەوانەی ناو کەسوکاری کرایەوە، ئاسایشی ڕانیە ڕایگەیاند ئەو ڕووداوە پەیوەندی بە تیرۆرەوە نەبووە "ئەوە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە". ئەو کچە قوتابی بنەڕەتی بووە، پۆلیسی ڕانیە لێکۆڵینەوەی لە چۆنیەتی ڕووداوەکە دەستپێکردووە.



# کوشتن لەسەر شەرەف دەبێتە کەرەستەی سینەماکاران و کۆمەڵناسان

## "لای کورد ناموس وەکو پارەیە ڕەوشی خێزان دیاری دەکات"

**دەنیز سەرنجی**
**ڕووداو- دانیمارک**

توێژەرێکی بیانی پێیوایە "ناموس و شەرەف" بەلای زۆربەی خێزانە کوردەکانەوە وەکو "پارە" وایە. ناموس وەکو پارە پێگەی خێزان لە نێو کۆمەڵگە دیاری دەکات. ڕەتیشدەکاتەوە کوشتن لەسەر ناموس تەنیا پەیوەندی بە ئاینی ئیسلامەوە هەبێت و دەڵێت لە ئاینەکانی دیکەشدا ژن لەسەر ناموس دەکوژرێن.

توندوتیژی دژی ژنان بەناوی پاراستنی ناموس بەردەوام ڕۆژەڤی هەرێمی کوردستانە. تەنیا لە ماوەی ڕابردوودا چەندین ڕووداوی سەرنجڕاکێش ڕوویاندا. دوو خوشک لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لە سەیدسادق خنکان. لە شاری هەولێریش کچێک لەلایەن باوکییەوە لە خەودا کوژرا.

کوردی تاراوگەنشینیش بێبەش نییە لەو تاوانانەی بە ناوی پاراستنی ناموسەوە لەدژی ژنان دەکرێن. لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین ژنی کورد لە تاراوگە کوژراون. لەوانەش کوشتنی پێلا ئەتروشی لە ساڵی 1999 لە سوێد، کوشتنی فادیمە شاهیندال لە ساڵی 2002 هەر لە سوێد. کوشتنی خاتوون سورچو لە ئەڵمانیا لە ساڵی 2005دا و هەروەها کوشتنی بەناز مەحموود لە بەریتانیا.

کوشتنی ژنانی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە بەناوی ناموس بووەتە جێی سەرنجی سینەماکاران و ڕۆژنامەڤان و کۆمەڵناسانی بیانی و دەیکەنە کەرەستەی کارەکانیان.

### "بەناز.. چیرۆکی خۆشەویستی"

خوان پایتۆن، توێژەر لە زانکۆی کاردیف لە بەریتانیا، هۆکاری تاوانی ناموس دەبەستێتەوە بە ڕۆڵی دایک و باوک لە کۆمەڵگەدا کە لەژێر کۆنترۆڵی پیاودایە.

پایتۆن لە فیلمی "بەناز.. چیرۆکی خۆشەویستی" کە باس لە کوشتنی بەناز مەحموود دەکات و خەڵاتی فێستیڤاڵی EMMY وەرگرتووە، وەکو پسپۆڕێکی ڕاوێژکار بەشداری فیلمەکەی کردووە و ئێستاش خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکە لەسەر توندوتیژیی دژی ژنان لە باشووری کوردستان.

ئەو دەڵێت لە نێو هەندێک خێزان مەرجە کە ژنان بەپێی یاسا توندەکانی کۆمەڵگە بژین "ناموسی کچان بەشێکە لە نێوبانگی خێزان. ئەگەر کچ بە گوێرەی دەستووری خێزان هەڵسوکەوت نەکات، ئەوا ئەو خێزانە ڕۆڵ و ڕێزی لە نێو کۆمەڵگەدا ون دەبێت، لەلای کورد ناموس وەکو پارەیە، ئەو پارەیە ڕەوشی ئەو خێزانە دیاری دەکات".

کاتێک کچ ڕووبەڕووی نەریتی کۆمەڵگە و خێزان دەبێتەوە، باری خێزان لە نێو کۆمەڵگەدا قورس دەکات. وەک پایتۆن دەڵێت "خێزان ناتوانێت بە ئاسوودەیی خۆی پێشانی کۆمەڵگە بدات، ئەوان ناتوانن سەیری ڕووی خەڵک بکەن، تەنانەت هەندێکیان ناتوانن کاریش بکەن".

جار جار لە نێوان دایک و باوک و کچدا کێشە دروست دەبێت، بە تایبەتی لە کاتێکدا کچ ڕازی نابێت شوو بەو کەسە بکات کە لەلایەن کەسوکارییەوە بۆی دەستنیشان کراوە. زۆرجار هەوڵدەدەن کچەکە شوو بە ئامۆزایەکی خۆی بکات "کاتێک کچ ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە قبوڵ ناکات، ئەوە وەکو عەیبەیەک و شەرمەیەک سەیر دەکرێ بۆ دایک و باوک". پایتۆن وا دەڵێت.

عائیشە. ک، پسپۆڕی تاوانناسی لە زانکۆی ڕۆهامتۆن لە بەریتانیا، لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستان کردووە و پەرتووکێکی هەیە بەناوی (Honour' Killing' and Violence: Theory، Policy and Practice. واتە "کوشتن بە ناوی ناموس و توندوتیژی: تیۆری، سیاسەت و پراکتیک".

ئەو ژنە دەڵێت "کوشتن لەسەر ناموس زیاتر لەو خێزانانەدا ڕوودەدات کە گرنگیی زۆر بە مەسەلەی پاراستنی شەرەفی بنەماڵە دەدەن، ئەو پاراستنی شەرەفە بۆ ئەو خێزانانە لە سەربەخۆیی ژنەکە گرنگترە".

"لە زۆر ڕووداودا هاوکارییەک لە نێوان ئەندامانی خێزاندا هەیە بۆ کوشتنی ژنان". پایتۆن نموونەی دوعا خەلیل دێنێتەوە کە لە ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە بە دار و بەرد کوژرا.

زۆرجار قسە لەسەر هۆکاری ئەو کوشتنانە دەکرێت، هەندێک بۆ هۆکاری ئاینی و هەندێکیش بۆ دابونەریتی دەگێڕنەوە. بەڵام بەقسەی پایتۆن، ئەو دوو هۆکارە هەردووکیان بەکاردەهێندرێن بۆ ئەنجامدانی تاوان. ئەوەش ڕەتدەکاتەوە کە کوشتن بەناوی ئاین تەنیا لە نێو موسڵماناندا هەبێت و دەڵێت "هەندێک مەسیحی، هیندۆسی و سیغی و پێشتریش کاتۆلیکەکانی دەریای سپی بەناوی ناموسەوە ژنیان کوشتووە".

پرۆفیسۆری کورد بورهان یاسین، کە لە زانکۆی لوند لە سوێد مامۆستایە، نموونەیەک دێنێتەوە و دەڵێت "ساڵی 1994 مەسیحییەکی فەلەستینی لە سوێد کچەکەی خۆی کوشت، لەبەر ئەوەی ڕازی نەبوو بە قسەی باوکی شوو بکات. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو جۆرە کوشتنانە لە نێو کەمینە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕوودەدەن".

حەلیمە ئۆگوز، کە لە شارەوانی کۆبنهاگن ڕاوێژگاری ئینتیگراسیۆنە، هاوکاری زۆر لەو ژنانەی کردووە کە بەناوی پاراستنی ناموسی خێزانەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوە. ئەو دەڵێت لە "قورئانی پیرۆزدا تێکستێک نییە کە ڕەوایەتی بە کوشتنی ژنان بدات بە ناوی ناموس، ئەو تاوانە داخوازی بەردەوامیدانە بە مۆدیلی باڵادەستیی پیاو".

بەبڕوای پایتۆن، کوشتن لەسەر ناموس تەنیا پەیوەست نییە بە ڕۆژهەڵاتییەکان و دەڵێت "لە نێو ڕۆژئاواییەکانیش خەڵکانێک هەن زۆر پابەندن بە پاراستنی دابونەریت".



# تەلەفۆنی کچێکی 13 ساڵ گەنجێک بە گرتن دەدات

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

کچێکی پۆلی 4ی بنەڕەتی تەلەفۆن بۆ قوتابییەک دەکات کە لە قوتابخانەی ئەو وەکو مامۆستا ڕاهێنانی کردووە، کەسوکاریشی بە تۆمەتی "هەوڵدان بۆ هەڵگرتن"ی کچەکەیان سکاڵایان لە دژی ئەو گەنجە تۆمار کردووە. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەڵێت "ئەوەی لە نێوانیان ڕوویداوە تەنیا تەلەفۆن بووە، ئەو گەنجەش نە مامۆستا بووە، نە پەیوەندی سێکس لە نێوانیاندا هەبووە".

ڕۆژی 2014/3/28 لە گەڕەکێکی شاری هەولێر، کچێکی تەمەن 13 ساڵ دوای ئەوەی تەلەفۆن بۆ "مامۆستا"کەی دەکات، لەلایەن کەسوکارییەوە سکاڵا تۆمار دەکرێت و ئەو "مامۆستا"یەش کە تەمەنی 29 ساڵە دەستگیر دەکرێت.

ئەو قوتابخانەی کێشەکەی تێدا ڕوویداوە تێکەڵاو بووە، تا پۆلی 6ی بنەڕەتی تێدا دەخوێندرێت. مامۆستا نوری ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بە (ڕووداو)ی گوت "قوتابییەکی پەیمانگا، لە کۆتایی ساڵی خوێندنەکەی بۆ ماوەی یەک مانگ لای ئەوان ڕاهێنانی کردووە (موتەبیق بووە) لە 2014/3/11وە لای ئێمە نەما، گەنجێکی بەڕێز و باش بوو".

وەک ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێت "قوتابییەکان پەیوەندییان باش بووە لەگەڵ ئەو کوڕە و ژمارە تەلەفۆنیان لێوەرگرتووە، دوای کێشەکە ئەو ڕاهێنراوە بۆی باسکردم، کچێکی پۆلی 4ی بنەڕەتی تەلەفۆنی بۆ کردووە بە مۆبایلی دایکی، ئەویش تەلەفۆنی بۆ کردووەتەوە، لە ماڵەوە لێیان کردووەتە هەرا کە ئەوە کێ بووە، کچەکەش لە ماڵ هەڵاتووە و بە مۆبایلی دووکاندارێک تەلەفۆنی بۆ کوڕەکە کردووە و گوتوویەتی مامۆستا دەمکوژن، ئەویش لەو کاتە لە کەرکووک بووە، دەڵێت تەلەفۆنم بۆ باوکی کچەکە کردووە کە بۆ وایان لە کچەکە کردووە".

دوای ئەوە، باوکی کچەکە سکاڵا لە دژی ئەو کوڕە تۆمار دەکات کە تەمەنی 29 ساڵە و دوو هێندە زیاتری کچەکەیە. مامۆستا نوری، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەڵێت "باوکی کچەکە دەڵێت، ئەو پیاوە ویستوویەتی کچەکەم ببات، بەڵام ئەو ڕاهێنراوە پێویستی بەوە نییە ئەو کچە هەڵبگرێت، کچەش زۆر فەقیر بوو، بەڵام ئەو مۆبایلە ماڵی خەڵکی وێران کردووە".

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دوو ڕوونکردنەوەی هەبوو "ئەو ڕاهێنراوە بە هیچ شێوەیەک مامۆستا نەبووە، تەنیا ماوەی مانگێک لای ئێمە بووە و قوتابی بووە، دووەمیش بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی سێکس لە نێوانیان نەبووە، لە خۆڕایی شەرەفی ئەو ڕاهێنراوە و قوتابییەکە لەکەدار کراوە".

ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەوڵدراوە بەشێوەیەکی عەشایری ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی سێکس لە نێوانیان ڕووی نەداوە، ئەوە بابەتێکی زۆر بچووک بووە، خەڵک ئەوە هەر ناکاتە سکاڵا و کەسوکاری گەورەیان کردووە".



### کەس لەسەر کوشتنیان دەستگیر نەکراوە

# دوو ژن دەبنە قوربانی کێشەیەکی کۆنی کۆمەڵایەتی

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای هەفتەیەک لە کوژرانی دوو ژنەکەی هەولێر، هێشتا دیار نییە کێ ئەوانی کوشتووە و کەسیش لەسەر کوشتنیان دەستگیر نەکراوە. ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانیش بە پێچەوانەی دۆسیەکانی دیکەی کوشتن، بێدەنگییان بەرامبەر دۆسیەی ئەو دوو ژنە هەڵبژارد.

بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "دەڵێن ئەو بنەماڵەیە پێشتر کێشەی کۆمەڵایەتییان هەبووە، بەڵام ئەوان گومانیان لە کەسێکی دیاریکراو نەبووە تا سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن".

(س. ف. س) 59 ساڵ و (ن. ج) 42 ساڵ، ڕۆژی 2014/3/24 لە کاژێر 9ی شەو لە سەیرانگەی هەنارەی ڕۆژهەڵاتی هەولێر کوژران. هەر لەو ڕووداوەدا سێ کەسی دیکەش بریندار بوون، بەڵام تا ئێستا پۆلیسی هەولێر کەسی دەستگیر نەکردووە.

ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر لەوبارەوە بڵاویکردەوە کە 5 کەس لەنێو ئۆتۆمبێلێکی جۆری هۆندا تەکسۆن دراونەتە بەر دەستڕێژی گوللە "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان و بەپێی گوتەی بریندارەکان، ئەوان لە پرسەیەک گەڕاونەتەوە، لە سەیرانگەی هەنارە لە ئۆتۆمبێلێکی نادیارەوە دەستدرێژی گوللەیان لێکراوە، دوای ڕووداوەکە پۆلیسی هەولێر گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، تەرمی دوو ژنەکەیان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کرد و سێ بریندارەکەش ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی هەولێر کران".

ئەو سێ کەسەی بریندارن، ناویان (ع.ر.ح) 65 ساڵ، (ر.ف.س) 55 ساڵ، (گ.ح.ع) 49 ساڵە. بەپێی زانیارییەکانی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر "ئەو بریندارانە لە ئیفادەکەیاندا هاتووە، کێشەیەکی کۆنی کۆمەڵایەتییان هەبووە کە بۆ ساڵی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، پۆلیس تا ئێستاش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووداوەکە".

ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، باسی لەوە کرد کە ئەو دوو ژنە لەگەڵ هاوسەرەکانیان بوونە "پێنج کەس لە نێو ئۆتۆمبێلەکە بوون، دوویان پیاو بوون، یەکێکیان دوو ژنی هەبووە، ئەو پیاوەی دوو ژنی هەبوو، ژنە بچووکەکەی و ژنی ئەوەی دیکەیان لە ڕووداوەکەدا گیانیان لەدەستداوە".

ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت "ئەو بریندارانە لە ئیفادەکەیاندا گومانیان لە کەسێکی دیاریکراو نەبوو، هەرچەندە هێشتا لێکۆڵینەوەی سەرەتایی کراوە، بەو هۆیەی هێشتا پرسەکەیان تەواو نەبووە، بۆیە کەس دەستگیر نەکراوە. یەکێک لە بریندارەکانیش بەهۆی سەختیی برینەکەی ڕەوانەی تورکیا کراوە".

کوشتنی ئەو دوو ژنە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتانەوە قسەی لەسەر نەکرا. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو ژنانەی لەسەر کێشەی ناموس دەکوژرێن زۆرترین قسەیان لەسەر دەکرێت.

سۆزان فەقێ، بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان دەڵێت ڕاستە ڕێکخراوەکان لەو دۆسیە "بێ هەڵوێست" بوون. گوتیشی "ڕێکخراوەکانی ژنان جگە لە کوشتنی ئەو دوو ژنە ماوەیەکە لە کێشەی دیکەش بێدەنگن، لەبەرئەوەی خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ هەڵبژاردن، ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە زۆرینەیان پاشکۆی حیزبن، هەموو ڕێکخراوەکان لەوە کەمتەرخەم بوون، دەبێت ئەگەر کێشەی ناموسیش نەبێت، بە کێشەی خۆیانی بزانن".

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (303) دووشەممە 2014/3/31

## 2617 حوکمدراو لە چاکسازییەکاندان



**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە لە 2014/3/27 بڵاوکرایەوە، لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان 2617 حوکمدراو هەیە. لەو ژمارە حوکمدراوە زۆربەیان پیاوانن، کە 2 هەزارو 206 حوکمدراون، 78 ژنی حوکمدراویش هەیە، لەگەڵ 33 حوکمدراوی منداڵ، ئەوانەی تەمەنیان لە 18ساڵ بچووکترە. ئەو حوکمدراوانە تاوانەکانیان جۆراو جۆرەو لە گرتووخانەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک سزاکانیان تەواو دەکەن.

# Google هەڵەبجەییەکی دۆزییەوە



**ڕێبین یارئەحمەد**
**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

یەکێکی دیکە لە ونبووەکانی هەڵەبجە گەڕایەوە، بەڵام فریای مەراسیمی چاو بە فرمێسکی شارەکەی نەکەوت و تەنانەت کاتێک چووە مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجە و سەیری پەیکەری قوربانییەکانی کرد کە بەشێوەیەکی زۆر تراژیدی و هەژێنەر دروستکراون، هەمان هەستی ئەو هەڵەبجەییانەی نەبوو کە برینەکانیان دەکولێتەوە، چونکە ئەو ماوەیەکی زۆر نییە بیستوویەتی کە شارەکەی ژەهرباران کراوە.

دەکرێ بە عوسمان عەلی بگوترێ یەکێک لە ونبووەکانی هەڵەبجە، بەڵام چیرۆکی ئەو جیاوازیشە. عوسمان لە سەردەمێکدا شارەکەی بەجێهێشتووە کە هێشتا سەددام حوسێن نەهاتبووە سەر دەسەڵات، بۆیە هێندە یادەوەریی تاڵی لەگەڵ دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان نییە.

چەند کەسێک یاوەریی ئەو دەکەن و گۆشە بە گۆشەی مۆنۆمێنتەکە و شوێنە جیاوازەکانی شار دەیگێڕن، تەنانەت دەبوو ناوی گەڕەکەکانیشی بە زمانی فارسی یان ئینگلیزی پێبڵێن. ئەو ماندوو نابێ لە گوێگرتن، هەندێک کەس باوەشی پێدا دەکەن و پێیدەڵێن "ئێمە ئامۆزاین کاک عوسمان"، یەکدی ماچ دەکەن، بەڵام وەک ئەوەیە ئەو چرکەیە بووبنە ئامۆزا، چونکە زیاتر لە 40 ساڵ دوورکەوتنەوە کەم نییە.

عوسمان عەلی، ساڵی 1925 لە گوندی عەبابەیلێ لە نزیک هەڵەبجە لەدایکبووە، باوکی بەشداریی لە شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی حەفید دەکات و ساڵانی دواتر بۆ پاراستنی خێزانەکەی ڕوو لە ئێران دەکەن، بەڵام لەوێ جارێکی دیکە باوکی لەلایەن ئێرانییەکانەوە دەستگیر دەکرێت "لە تەمەنی 6 ساڵییەوە لەگەڵ براکەم لە خانەی بێ سەرپەرشتان لە ئێران بەخێوکرام و دواتریش پەیوەندیم بە کۆلیژی پۆلیسەوە کرد لە ئێران، ویستم بخوێنم و ڕێگایەک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بتوانم بژیم".

ساڵی 1945 باوکی عوسمان بە لێبووردنێکی گشتی ئازاد دەکرێت. کە دەبینێت کوڕەکانی خەریکی خوێندنن لە ئێران، بەجێیان دەهێڵێت و خۆی دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، هەر ئەوەش وای لێدەکات زیاتر پشت بەخۆی ببەستێت و بەدوای داهاتووی خۆیدا بگەڕێ.

عوسمان لە دوای تەواوکردنی کۆلیژی پۆلیس، ساڵ لە دوای ساڵ پلەی بەرزدەبێتەوە لە نێو پۆلیس تاوەکو دەگاتە پلەی لێپرسراوی ئیدارەی پۆلیسی تاران.

لە ساڵی 1958 دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و ماوەی یەک هەفتە دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ئێران "تاوەکو کاتی ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشای ئێران ماینەوە و دواتر کۆچمان کرد بۆ ئەمریکا و لەوکاتەوە لە ئەمریکا دەژین".

ژیانی نوێ لە ئەمریکا، پۆست و پلە سەربازییەکان لەبیری عوسمان دەباتەوە، ئینجا لە ڕێگەی نووسینەوە ژیانێکی نوێ دەستپێدەکات. ئێستا ئەو نووسەرە و 14 کتێبی هەیە. لە کاتی کۆچکردنییەوە بۆ ئەمریکا بێئاگا دەبێت لە کەسوکاری لە هەڵەبجە. کتێبەکەی (خواتیری عوسمان) دەبێتە هۆکارێک بۆ دۆزینەوەی و شادبوونەوەی بە کەسوکارەکەی.

ئاراس عابید، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە، خوشکەزای عوسمانە و دڵخۆشە بەوەی خاڵی خۆی دۆزیوەتەوە. دوای 54 ساڵ دیارنەمان، باسی ئەو ساتانە دەکات کە هەواڵی بیستووە کەسێک هەیە لە ئەمریکا هەڵەبجەییە و خاڵی ئەوە و نووسەرە "کوڕێک هەیە ناوی نەریمانە و فەرمانبەری مۆنۆمێنتەکەیە، کتێبێکی هەبووە کە باسی هەڵەبجە دەکات. دواتر لە ڕێگەی google ەوە بە شوێن ناونیشانی نووسەرەکەدا دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە نووسەرەکە هەڵەبجەییە و خاڵی منە، ناونیشانەکەی دەدۆزێتەوە و پەیوەندی پێوە دەکات".

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە شادبوونەوەی عوسمان بە خێزانەکەی. پەخشان عوسمان، یەکێکی دیکەیە لە خوشکەزاکانی عوسمان و دەڵێ "پێش ئەوەی بگەڕێتەوە، زۆرجار لەڕێگەی skypeەوە قسەمان کردووە تاوەکو ئەوکاتەی گەڕایەوە بۆ لامان".

عوسمان تەنیا بە فارسی و ئینگلیزی قسە دەکات "کوردی نازانم، کە گەڕامەوە بۆ ئەمریکا چەند کتێبێکی کوردی لەگەڵ خۆم دەبەم بۆ ئەوەی فێری کوردی ببم". ئەو باس لەیەکەم ساتی گەڕانەوەی دەکات بۆ کوردستان و دەڵێت "چەند لە ئێران و ئەمریکا ژیاوم بە خاک و نیشتمانی خۆمم نەزانیوە، کە گەیشتمە کوردستان هەستمکرد ئەمە خاکی خۆمە، بۆیە خێرا خاکەکەیم ماچ کرد".



ئەوان سەرەتا تەنیا دوو برا بوون، بەڵام خێزانەکەی فراوان دەبێت و دەبنە 10 خوشک و برا. عوسمان گوتی "کە گەڕامەوە پێیانگوتم دوو برام و 21 کەس لە کەسوکارم لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا شەهید بوون".

هاوسەرەکەی عوسمان فارسە و دوو کوڕ و کچێکیان هەیە. یەکێک لە کوڕەکانی کە لە ڕێگەی میدیاکانەوە هەڵەبجەی بینیوە تابلۆیەکی هەڵەبجەی کێشاوە و لەڕێگەی باوکیەوە ناردییەوە بۆ مۆنۆمێنتی هەڵەبجە. باوکیشی بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بە ناو بەشەکانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەدا گەڕاو وردەکاری کارەساتەکەی بۆ ڕوونکرایەوە.

# دوای 3 ڕۆژ لەماڵەکەیدا بەمردوویی دۆزرایەوە



**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەیانییەکی زوو، دراوسێکانی لە کۆڵانەکە کۆببوونەوە و هەمووان لەگەڵ یەکدی قسەیان دەکرد، بەڵام ئەوەی زۆر لێی دڵنیا نەبوون و بە گومانەوە باسیان دەکرد، شێوازی مردنەکەی بوو "بەستەزمانە 3 ڕۆژە مردووە و کەس نەیزانیوە". هەندێک قسەی دیکەشیان دەکرد "ئەو پیاوە بە تەنیا بوو، کەس نەبوو لەگەڵی بژی.. کەس نازانێ ماڵ و سامانەکەی بۆ کێ بەجێماوە".

ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە ئەو خانووەی بەکرێ پێدابوو، کەچی خاوەن ماڵەکەشی هێشتا نەیزانیبوو کە ئەو پیاوە بەتەنیا دەژی و دەیگوت "ئەو ڕۆژە لە مزگەوت بەدوایدا دەگەڕام بیبینم، بەڵام نەمبینی".

پۆلیس ڕێگەی نەدەدا کەس لە ماڵەکەی نزیک ببێتەوە تاوەکو ئافرەتێک بەگریان و هاوارەوە هات و گوتی "کوشتیان، ئاخری دەرمانخواردیان کرد".

عەلی سەعید، لە دایکبووی ساڵی 1952، لەگەڕەکی کارێزەوشک لە سلێمانی ماوەی ساڵێکە کرێچییە و لە ماڵەکەیدا گیانی لە دەستدا، خاوەنی 3 کچ و 4 کوڕە و ماوەی زیاتر لە 3 ساڵە لە ژنی یەکەمی جیابووەتەوە و پاشان دووبارە خێزانی پێکهێناوەتەوە. ژنی دووەمی عەلی بەڕەگەز عەرەب بووە.

عەلی سەعید ڕۆژانە بە تاکسییەکی مۆدێل کۆنەوە شەقامەکانی سلێمانی تەی دەکرد، دوای ئەوەی لە ژنەکەی جیادەبێتەوە بڕیار دەدات ژنێکی دیکە بهێنێت، بۆیە بە تەنیا ماڵێک بە کرێ دەگرێت.

شەهلا عەلی، کچە گەورەی ئەو پیاوە بە گریانەوە گوتی "باوکم بە جوانیی ژنێکی بە ڕەگەز عەرەب هەڵخەڵەتا، بەڵام ئەو ژنەی کە جاری دووەم هێنای ژنی کەسێکی دیکە بوو، بە فێڵ شووی بە باوکم کرد و ئەویش تەنیا بۆ مارەییەکەی". بەردەوام گلەیی لە باوکە مردووەکەی دەکرد "ئێمە پێمانگوت باوکە ئەو ژنە بۆ پارە شووی پێکردووی، چونکە ئەو ژنە زۆر گەنج بوو، نە خۆم و نە براکانم و نە کەسوکارمان ئەمەیان پێ خۆش نەبوو، بەڵام ئەوەی کە چاوەڕێمانکرد ڕوویدا". شەهلا زیاتری گێڕایەوە "باوکم بەیانییەک هات و بە خەمبارییەوە گوتی ژنەکەم ڕۆیشتووە و هەرچی پارە و ئاڵتوون هەیە هەڵیگرتووەو لەگەڵ خۆی بردوویەتی". هەروەها دەڵێ ماوەیەکی زۆر باوکم بە دوای ئەو ژنەدا گەڕا، دواتر بیستییەوە کە ئەو ژنە بەیارمەتی مێردەکەی ئەم کارە دەکات و چەندین جار ئاوا شووی کردووە و دواتر ڕۆیشتووە، بۆیە چووە دادگا و بەڵگەی تەڵاقی نووسی و جیابووەوە، ئیدی باوکم بە تەنیا مایەوە".

کچەکەی دەڵێ زۆریان پێگوتووە کە بچێتە لای یەکێکیان و لەگەڵیان بژی بۆ ئەوەی بەتەنیا نەبێ "بەڵام بە قسەی نەکردین، ئەوەتا بە تەنیا مرد و کەس پێی نەزانی".

عەلی دوای ڕۆیشتنی ژنەکەی و جیابوونەوەی لێی، هەستی بە بێتاقەتی و نیگەرانی زۆر کردووە. وەک کچەکەی دەڵێ ڕەنگە نیگەرانییەکانی زیاتر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو ژنە عەرەبە فێڵی لێکردووە.

شادان عەزیز، دراوسێی ماڵی عەلی. دەڵێت پیاوێکی بێدەنگ و لەسەرخۆ بوو، زۆر بەیانی بینیوەتی چووە بۆ نانکڕین و سڵاوی لێکردووە "بەڵام ماوەی 3 ڕۆژ بوو دیار نەبوو، هەرچەند بە مێردەکەم گوت چەند ڕۆژە مام عەلی نابینم". شادان دەڵێ، مێردەکەی ڕۆیشتبوو لەگەڵ خاوەن ماڵەکەی قسەی کردبوو، ئەویش بۆ بەیانییەکەی بە دوایدا گەڕابوو "کاتێک تەماشای کردبوو لەبەردەم ژۆپاکەی کەوتبوو". گوتیشی "هەرچەندە کۆڵانەکەمان میللییە و خەڵک هاتوچۆی یەکدی دەکەن، بەڵام ئەم بە تەنیا بوو، بۆیە کەمتر دەچووە سەردانی دراوسێکان".

سامان مەحموود، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند "ئەو پیاوە شۆفێری تاکسی بووە و ماوەیەک بوو لە خێزانەکەی جیاببووەوە".

هەرچەندە کچەکەی گومان دەکات باوکی ژەهرخوارد کرابێت، بەڵام سامان مەحموود دەڵێت "ئێمە دڵنیاین کە مردنەکەی نە خۆکوژییە و نە ژەهرخواردن بووە، بەڵکو بەهۆی جەڵتەی دڵەوە بووە".



تامان شاکر

tamanshakir@yahoo.de

# حیزبی قەنەفە

لە میسر حیزبێک هەیە بەناوی حیزبی کەنەبە واتە قەنەفە. ئەم حیزبە نە سەرۆکی هەیە و نە مۆڵەتی یاسایی و نە بارەگا. لە ڕووداوەکاندا ڕۆڵی تەماشاوان دەبینێ. زۆربەی ئەندامەکانی یەکتری ناناسن. ئەندامانی ئەم حیزبە لەماڵەکانی خۆیانەوە ڕۆڵی چاودێر دەبینن بەسەر حکومەت و پەرلەمانەوە. پێکهاتەی ئەم حیزبە ئەو کەسانەن کە ڕۆڵی ئەکتیڤیان نییە لە ژیانی سیاسیی وڵات و بەشداریی چالاکیەکانیش ناکەن. کەسانێکن کە بڕوایان بە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی نییە و بێ هیوا بوون لە سیستەمی سیاسی وڵات. بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی و نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ هاووڵاتیان، حیزبی کەنەبە پێیانوایە سیناریۆکان پێشوەخت داڕێژراون، بۆیە پێویست بەبەشداریی ئەوان ناکات. ئەو حیزبانەی ئەمڕۆ لە مەیدانی سیاسیدان تەنها کار بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەکەن و بیر لە بەرژەوەندیی وڵات ناکەنەوە.

دواکەوتنی پێکنەهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستێکی ئاوای لای خەڵکی کوردستان دروستکردووە، بەشێک لەخەڵکی کوردستان لەو باوەڕەدان کە دەنگی ئەوان هیچ گرنگییەکی نییە، بۆیە بەشداربوونیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن هیچ ڕۆڵێکی نییە، ئەگەر هەموو شتێک بە تەوافوقی حیزبی بێت و حیزبەکان بیر لەبەرژەوەندیی خۆیان بکەنەوە زیاتر لەوەی بیر لەبەرژەوەندیی گشتی بکەنەوە.

کوڕە نێرگز فرۆشەکە کە لە ترافیکی عەنکاوە نێرگزی دەفرۆشت، دەڵێت ئەگەر حکومەت پێکنەیەت پەنجەم دەبڕم و ناچمە دەنگدانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی عێراق. هیوای من بەو کابینەیە بوو بۆ ئەوەی دابمەزرێم و شەوانە لە ترافیکەکانی شار شت نەفرۆشم بۆ بژێویی ژیانم، کەواتە پێکنەهێنانی کابینەی هەشت کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێژەی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی داهاتوودا. زۆر دوور نییە حیزبی قەنەفە لە کوردستانیش دروست بێت و لە شاشەی تیڤیەکانەوە سەیری ڕووداوەکان بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێت و بەشداری لە هیچ پرۆسەیەکی سیاسیدا بکەن. بێگومان بوونی ئەم حیزبە لە میسر ئاساییە، لەبەر ئەوەی میسر وڵاتێکە خاوەن سنوور و سەربەخۆیی خۆیەتی و لە هەڵبژاردنەکانیشدا زیاتر لە 52 ملیۆن دەنگدەری هەیە و بەشدارنەبوونی ئەندامانی حیزبی کەنەبە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت لەسەر پرۆسەی سیاسی، بەڵام لە کوردستان کە تا ئێستا لە ژێر ڕەحمەتی مالیکیدایە و ڕێژەی دەنگدەرانی ناگاتە 3 ملیۆن کەس، بەدڵنیاییەوە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستان. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا کێ دەتوانێ ئەوانە بجوڵێنێ و لە ژوورەکان دەریانبهێنێ و بۆیان بسەلمێنێ کە داهاتوویەکی باشتر چاوەڕێی کوردستان دەکات و بەشداربوونیان لە پرۆسەی سیاسی ڕەنگە هاوکێشە سیاسییەکان بەرەو ئاراستەیەکی باشتر بگۆڕێت؟

# ڕوونکردنەوەیەک لە عەقیدی فڕۆکەوان هاوڕێ محەممەد مەحموود




لە ژمارەی ڕابردووی هەفتەنامەی (ڕووداو) دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەناو فڕۆکەوانێکی عەرەب بە ناوی (سامر ساڵحی) لە لاپەڕە 16دا بڵاوببووەوە، ئەو فڕۆکەوانە جگە لەوەی بوختانی گەورەی بە من کردووە، لە هەمانکاتدا چەند زانیارییەکی نادروستیشی باسکردووە، بۆیە ئەم ڕوونکردنەوەیەم بە پێویست زانی:

1- ئەو دەڵێت فڕۆکەوانی هەلیکۆپتەر بووە و دەرچووی خولی 69ی فڕۆکەوانییە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو فڕۆکەوانی ئەو فڕۆکانەیە کە باڵیان هەیە و سەر بە قیادەی قوەی جەوین، هەلیکۆپتەریش سەر بە قیادەی تەیەرانی سوپایە. دوایین خولی فڕۆکەوانی عێراقیش 33 بووە، نەک 69.

2- هیچ فڕۆکەیەک نییە تایبەت بێ بە ناوچە شاخاوییەکان وەک ئەو بانگەشەی بۆ دەکات. هەروەها دەڵێت عێراق 20 فڕۆکەی mi 25ی هەبووە، بەڵام سوپای عێراق زیاتر لە 60 فڕۆکەی لەو جۆرەی هەبووە.

3- ئەو فڕۆکانەی بۆردومانی هەڵەبجەیان کرد فڕۆکەی هێزی ئاسمانی بوون. فڕۆکەی غەزالی فەرەنسی نەبوون، چونکە غەزال تونای هەڵگرتنی ئەو بۆمبانەی نییە کە کێشیان بەلانیکەمەوە 500 کیلۆگرامە.

4- ئەو لە ژیانیدا لە قاعیدەی بێجی و کەیوان ئیشی نەکردووە، چونکە ئەو قاعیدانە تایبەتن بە هەلیکۆپتەر. مەعقولیش نییە ئەو فڕۆکەیەک بێنێت و کەسێکی دیکە قەسفی پێبکات.

5- ئەو دەڵێت ترسم هەیە بگەڕێمەوە بەغدا، بەڵام بەگوێرەی بەدواداچوونی من ئێستا ئەو لە بەغدا دەوام دەکات لە فەرماندەی هێزی ئاسمانیی عێراق لە بەشی پلاندانان.

6- سامر ساڵحی لەو چاوپێکەوتنەدا دەڵێت کەسی ئەمنی لەگەڵ فڕۆکەکان سەردەکەوتن. ئەوە ڕاست نییە. فڕۆکە تەنیا دوو فڕۆکەوان و بەڕاددێک و کەسێکی فەنی تێدایە کە هیچیان پەیوەندییان بە ئەمن و ئیستیخباراتەوە نەبووە.

7- ئەو دەڵێت لە شەڕی ئێران و عێراق ئیشی ئاشکراکردنی ڕادارەکانی ئێران بووە، بەڵام هەتاوەکو ئەمڕۆ هەردوو فڕۆکەی mi 17 و mi 8 هیچ جیهازێکی وایان تێدا نەبووە کە بتوانێت ڕادار ئاشکرا بکات. تەنیا فڕۆکەی عەدنان یەک هەبوو کە جۆرەکەی هیوشنی ڕووسی بوو، ئەو ئیشی ئاشکراکردنی ڕادار بوو، هیچ هەلیکۆپتەرێک قەت بەشداری لەو کارەدا نەکردووە، ئەوەش یەکێکە لە درۆکانی.

8 – ئەو فڕۆکەوانە لە بەشێکی قسەکانیدا زۆر بە "ناڕاستگۆیانە" باسی من دەکات. ئەو من ناناسێت و منیش ئەو ناناسم، بەڵام حەز دەکەم لێرەوە خۆمی پێ بناسێنم. من لە ساڵی 1985ەوە لە هەولێر دادەنیشم نەک وەک ئەو برادەرە دەڵێ لە سلێمانییە. من لەو هەولێرە 618 کەسم لە ژێر پەتی سێدارە دەرهێناوە.

لە دوای ساڵی 1991 سێ جار بڕیاری لەسێدارەدانم بۆ دەرچووە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە. لە کاتی خزمەتەکەشم لەبەر ئەوەی کورد بووم و بەرپرسی گەورەترین تۆڕی فڕۆکەوانان بووم و سەر بە ڕێکخستنی یەکێک لە حیزبەکانی کوردستان بووم، ئەو لایەنەش شایەتیم بۆ دەدات، لەسەر کارەکانم.

من بەهۆی کوردبوونمەوە 29 جار تەحقیقم لەگەڵ کراوە و ڕاپێچ کراوم بۆ ئیستیخباراتی عەسکەری، هەندێکجار دوو شەو لە ژێر لێکۆڵینەوە دەیانهێشتمەوە. لێرەشەوە من دەمەوێت زۆر سوپاسی سێ فڕۆکەوان بکەم کە تکریتین، هەموو جارێک ئەوان ڕزگاریان دەکردم.

ئێستاش لە مستەوای قیادەی هەموو حیزبەکان پیاوێکی ناسراوم و هیچ کێشەیەکم نییە لەگەڵ میللەتەکەی خۆم. من ئامادەم بۆ بەردەم دادگا ئەگەر بچووکترین بەڵگە هەبێت لەسەر ئەو قسانەی ئەو فڕۆکەوانە درۆزنە.

ئەو کەسە دەڵێت من پێشمەرگەم کوشتووە، بە تەحەدداوە دەڵێم ئەگەر یەک بەڵگۆکەیەکی هەیە با بیخاتە ڕوو. ئەوکات من بۆ بەردەم دادگا ملم لە موو باریکترە و زۆر لە پەرێزی خۆم دڵنیام.

**عەقیدی فڕۆکەوان**
**هاوڕێ محەممەد مەحموود نەقشبەندی**

# خۆزگە قسە و کردەوەت یەک دەبوون



دڵشاد پیرۆت عەزیز *

ڕۆژی 2014/3/9 د.نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە سلێمانی سەمینارێکی پێشکەش کرد، بەڵام خۆزگە کردەوەکانی ئاوێنەی وتەکانی بوونایە. هەر هیچ نەبێت ئەو بابەتانەی کە باسی چالاکییەکانی خۆی دەکات لە دوای دەستبەکاربوونی وەکو پارێزگار لە شاری کەرکووک، بەو پێیەش کە ئێمە لە نزیکەوە چاودێری کارەکانیمان کردووە لە شاری کەرکووکدا بە پێویستی دەزانم بەراوردێک لە نێوان کردەوەکانی لە شارەکەدا و وتەکانی لە سیمینارەکەدا بکەم.

ا- دکتۆر باسی دەستپاکی و شەفافیەت دەکات و دەڵێ لەوەتەی من بوومەتە پارێزگار کەسێک نەبووە لێم بپرسێ ئەرێ تۆ چیت کردووە باشی یان خراپی یان گەندەڵی.

1- بەگوێرەی یاسا یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا چاودێریکردنی چالاکییەکانی پارێزگایە و دەبێت لێپێچینەوە لەگەڵ پارێزگاردا بکات، ئێمەش زۆر بە باشی ئەو کارەمان ئەنجامداوە. خاڵێکی گرنگی دروستبوونی گەندەڵی پەیڕەوکردنی شێوازی (بانگهێشتی ڕاستەوخۆ)یە لە کاری تەندەرینی پڕۆژەکاندا، کە ئێستا بۆ هەندێ کۆمپانیای دیاریکراو و تایبەت دەکرێ بێ گوێدانە ڕێنماییەکان. بۆیە ئەو شێوازە دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی سامانی گشتی بەهۆی ڕێکەوتنی بەڵێندەرە داوەت کراوەکان لە نێوان خۆیاندا بۆ پێشکەشکردنی نرخێکی بەرزی دوور لە کێبڕکێ. ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک سەدان نووسراوی ناردووە بۆ پارێزگا بەمەبەستی وازهێنان و ڕاگرتنی کارکردن بەو ڕێگەیە، بەڵام لەجیاتی ڕاگرتن و کار نەکردن بەو ڕێگەیە، بەپێچەوانەوە پارێزگار بەڕێژەی 200% بەکارهێنانی ئەو ڕێگەیەی زیاتر کردووە.

2 – لەبەر جێبەجێنەکردنی داوای سەرەوەی ئەنجوومەن وەکو لە خاڵی سەرەوەدا هاتووە، دەیەها حاڵەتی گەندەڵی دەستنیشانکراوە لە پرۆسەی ڕاسپاردەکردنی پرۆژەکاندا، بەو هۆیەوە لە ئەنجوومەنی پارێزگاوە دەیان نووسراو ئاراستەی پارێزگار کراوە بۆ ناردنی دۆسیەی ئەو پڕۆژانەی کە گومانی گەندەڵییان تێدایە، بەڵام تائێستا وەڵامی هیچیانی نەداوەتەوە.

3 – دروستبوونی گەندەڵی و ناشەفافی بەهۆی دانەمەزراندنی لیژنەی (پێداچوونەوە و ڕاستاندنی گرێبەستەکان) ە کە پێکدێت لە (پارێزگار، جێگری پارێزگار، ڕاوێژکاری یاسایی، پشکنەری گشتی، بەڕێوەبەری وردبینی ناوخۆیی و بەڕێوەبەری گرێبەستەکان و پسپۆڕانی هونەری). دانەمەزراندنی ئەم لیژنەیەش کارێکە پێچەوانەی ڕێنماییەکانە. بێ ئەم لیژنەیەش ڕاستاندن و ڕاسپاردەکردنی پڕۆژەکان تەنیا لەژێر دەسەڵاتی پارێزگاردا دەبێت، ئەمەش نا شەفافیەت و ناعەدالەتی و جۆرێک لە تاکڕەوی دروست دەکات.

4- ڕاپۆرتەکانی چاودێری دارایی زۆربەیان ئاماژە بەبوونی گەندەڵی و کارکردنی بەدەر لە ڕێنماییەکان دەکەن.

5- دەیان دۆسیەی گەندەڵی لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاوە نێردراون بۆ دەستەی نەزاهە و دادگا و داواکاری گشتی بۆ لێکۆڵینەوە. ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ بوونی چاودێر و بوونی گەندەڵی، ئیدی بۆ کەس پێینەگوتووە کە گەندەڵی هەیە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکراوە؟

ب – لە سەمینارەکەدا دکتۆر زۆر دژی عەقڵیەتی مەرکەزیەت وەستایەوە. بەڵام ئێمە لێرەوە بە بەڵگەوە باسی دەسەڵاتی مەرکەزیەتی ئەو دەکەین.

1- لە نووسراوی سەرۆکی لیژنەی ئەمنی پارێزگای (ژمارە 128 لە 2013/2/7) کە خودی پارێزگارە هاتووە: "یکون المخاطبات مع دوائر المحافظة عن طريق مكتبنا حصرا".

2- لە نووسراوی پارێزگای کەرکووک ژمارە (2042 لە 2013/2/12) کە نێردراوە بۆ هەموو فەرمانگەکان، هاتووە: "تقرر عدم حضور اي اجتماعات يتم عقدها الا بعد حصول تبليغ عن طريق السيد المحافظ المحترم". باشە ئەمە جگە لە تاکڕەوی چیدیکە دەگەیەنێت؟

ج- دکتۆر دەڵێ من ئەنجوومەنێکم بۆ چییە ئەگەر لێپرسینەوە نەکات؟ لە کاتێکیشدا کە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کاری خۆی دەکات، ئەو دەیخاتە قاڵبی کێبڕکێی حیزبی و دەشڵێ ئەو کەسانە بەرژەوەندییان لێدراوە.

هـ- دکتۆر دەڵێت ئەو دەستپێشخەری کڕین و دابینکردنی کارەبای کردووە بۆ شاری کەرکووک. لەڕاستیدا بابەتی کڕینی کارەبا لە کۆتایی ساڵی 2010 دوای هاتنی پارەی پترۆدۆلار بۆ پارێزگاکە هاتە باسکردن. ئەنجوومەنی پارێزگاش لە دانیشتنی ژمارە 221 لە 2010/11/30 پێنج پێشنیازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا خستەڕوو، یەکێک لەو پێشنیازانەدا کڕینی کارەبا بوو لە وەبەرهێن ئەحمەد ئیسماعیل. دواتر ئەنجوومەن لە دانیشتنی هەفتانەی خۆی لە 2011/1/18 داوای پەلەکردن و ئەنجامدانی گرێبەستی کارەباکەی کرد و پارێزگاری پێشووی سەرپشک کرد بۆ واژۆکردنی گرێبەستەکە. دیارە دکتۆریش لە کۆتایی مانگی 2011/4 بووە پارێزگاری کەرکووک.

زۆربەی وتەکانی دکتۆر لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەندە بەسە بۆ کەسێ بیەوێ لە ڕاستییەکان بگات و هەوڵی چاکسازی لە خۆیدا بدات، پێش ئەوەی داوای چاکسازی بکات لە ئەدای هەرێمی کوردستان.

***ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک و سەرۆکی لیژنەی پڕۆژەکان**

# بازرگانی بە خوێندن



هەرێم عەبدوڵڵا

ڕۆژانە لەم وڵاتەدا دەیان و سەدان ریکلام و لۆگۆ و لافیتەی جۆراوجۆر دەبینی کە بە کۆمەڵێک دروشم و بەڵێن سەرنجی قوتابی بۆ خۆیان ڕادەکێشن.

لەگەڵ هاتنی مانگی ئادار تەلەڤزیۆنەکان و شەقامەکان و کۆڵانەکان و دەرگای قوتابخانەکان پڕ دەبن لە ریکلام، ئەمەش دوای ئەوەی قوتابیانی شەشی ئامادەی نزیک دەبنەوە لە چوونەوەیان بۆ ماڵەوە بۆئەوەی خۆیان ئامادەبکەن بۆ تاقیکردنەوەکانیان. ریکلامەکان ئەوەندە سەرنجڕاکێش ریکلام دەکەن کە سەرنجی قوتابی بۆ خۆیان ڕادەکێشن و بەمجۆرەش بەشێک لە قوتابییەکان ڕوودەکەنە سەنتەرەکان.

ئەوانەی ئەم ریکلامانە دەکەن هەمان مامۆستای ئەو قوتابخانانەن کە لە ماوەی ئەو چەند مانگەی خوێندن (وانە)یان بە قوتابی گوتووە، بەڵام هەمان مامۆستا لەگەڵ چەند مامۆستایەکی دیکە پێکەوە گرووپێک دروستدەکەن و دەستدەکەن بە ریکلامکردن و بانگکردنی قوتابیان بۆ ئەو خولانەی کردوویاننەتەوە.

ئەو مامۆستایانەی بۆ ماوەی ئەو شەش مانگەی خوێندن (وانە)یان بە قوتابی گوتووە، بە گرووپ خولێک دەکەنەوە و بەکۆمەڵێک دروشم دیسان سەرنجی قوتابی بۆ خۆیان ڕادەکێشن. یەکێک لە دروشمەکان، تەواوکردنی سیستەمی خوێندنە لە ماوەی (دوو) مانگ بە گەرەنتی هێنانی دەرەجەی باش!

لێرەدا پرسیار دەکەین: ئەو مامۆستایانەی کە ئەم جۆرە ریکلامانە دەکەن و دەڵێن مەنهەج لە ماوەی (دوو) مانگ تەواو دەکەین و گەرەنتی دەدەین بە قوتابی بە "هێنانی دەرەجەی باش"، ئەو شەش مانگی خوێندنە خەریکی چی بوون و چییان بە قوتابی گوتووە لە قوتابخانەکان؟ ئەی بۆچی لە قوتابخانەکان گەرەنتی نادەن بە قوتابی بە هێنانی دەرەجەی باش، بەڵام کاتێک قوتابی پارەیەکی باش بدات بە مامۆستاکەی ئەو کات زانستێکی باشی پێشکەش دەکات و گەرەنتی هێنانی دەرەجەی باشیش دەدات؟!

ڕۆژانە گوێمان لە ریکلامی سەیر دەبێ، بەڵام سەیرترین ریکلام ئەم ریکلامەیە: کتێبێکی (250) لاپەڕەیی دەکەین بە (20) لاپەڕە بەگەرەنتی (90)دەرەجە. کتێبێکی (200) لاپەڕەیی دەکەین بە (15) لاپەڕە بەگەرەنتی (90) دەرەجە. ئینگلیزی کە یەکێکە لە (دەرس) ە گرانەکان دەکەین بە (20) لاپەڕە بەگەرەنتی (90) دەرەجە.

ئەوە نموونەیەکە و دەکرێت نموونەگەلێکی زۆرتر هەبێت، ئەوەی باسمکرد جگە لە ریسواکردنی زانست هیچی دیکە نییە؟ ئاخر لە کوێی دونیا هەبووە کتێبێکی گەورە بکرێت بە (15) لاپەڕە و بە گەرەنتی (90) دەرەجە؟!

ئەوە زیاتر لە سیحر و جادوو دەچێت. باشە ئەو مامۆستایانەی ئەم کارە دەکەن، چۆن جورئەت دەکەن لە تەلەڤزیۆنەکانەوە ئەو جۆرە ریکلامانە بکەن؟ ئایا خۆیان باوەڕیان بەو قسانەی خۆیان هەیە تا قوتابی باوەڕیان پێی هەبێت؟ بەڵێ دەکرێت دەیان قوتابی فەقیر هەبن باوەڕ بەم قسە بریق و باقانە بکەن و ئامادەبن پارەیەکی باش بدەن بۆ ئەوەی دەرەجەی باش بهێنن.

ئەگەرچی من بڕوام بەم جۆرە ریکلامانە نییە، بەڵام لە یەک حاڵەت بڕوام پێی هەیە، ئەویش ئەگەر ئەو مامۆستایانە خۆیان پرسیاری وەزاری دابنێن و پاشان پرسیارەکان و وەڵامەکان بدەنە قوتابییەکان و قوتابییەکانیش بۆ ڕۆژی تاقیکردنەوە ئەو چەند لاپەڕەیە دەرخ بکەن. مەگەر بەم شێوەیە بتوانن (90) دەرەجە بهێنن. یاخود پرسیارەکانی وەزاری کەشف بێت و لای ئەو مامۆستایانە بێت کە ئەم جۆرە ریکلامانە دەکەن ئەوکات ئەگەری هەیە قوتابی (90) دەرەجە بهێنێ، بەڵام ئایا ئەمە وایە؟

بەداخەوە ئەمە جگە لە گیرفان پڕکردن هیچی دیکە نییە، هەموو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ویژدان و یاسا و لێپرسینەوە. غیابی یاسا و لێپرسینەوە و ویژدان و نەبوونی سیستەم ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی هەریەکە بە ئارەزووی خۆی یاری بەخوێندن بکات. مامۆستای باش دەبێت زانستی باش لە قوتابخانەکان پێشکەش بە قوتابییەکانی بکات و لەوێ گەرەنتی هێنانی دەرەجەی باش بە قوتابی بدات نەک لە کوچە و کۆڵانەکانەکان و سەنتەرەکان. بۆیە ئەگەر ئەو گرفتانەی سیستەمی خوێندن لە کوردستان زوو چارەسەر نەکرێن ئەوا لە داهاتوودا ڕووبەڕووی قەیرانی گەورە دەبینەوە، تا کار دەگاتە ئەوەی کە سیستەمی خوێندن لەناو قەیران نوقم بێت و بە کەسیش چارەسەر نەکرێت.

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (303) دووشەممە 2014/3/31

# ئیسلام زاخۆیی گۆرانی بۆ ئاوارە دەڵێت



**رووداو – هەولێر**

گۆرانیبێژی گەنج ئیسلام زاخۆیی بە گۆرانییەک هاوخەمی خۆی بۆ پەنابەرانی رۆژئاوا دەردەبڕێت. زاخۆیی لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "وەک پشتیوانییەک بۆ کوردی رۆژئاوا کە ئێستا لە کەمپەکانن، گۆرانییەکم بەناوی کۆچبەری تۆمارکردووە کە لە پەیڤی رۆزیاد حەمێیە و لە ئاوازی عیسا ئیبراهیمە. هەموو کارەکانی ستۆدیۆ تەواو بووە و بەنیازم لەم رۆژانە کلیپی بۆ بکەم." ئیسلام ئاماژەشی بەوە کرد هەموو خەرجییەکی ئەو کارە لەسەر ئەرکی خۆی بووە و هیچ دەزگایەک و لایەنێک هاوکاری نەکردووە.

# جەمشید سوپرایزی هەیە



**رووداو- هەولێر**

جەمشیدی گۆرانیبێژ ئەلبوومێکی تازە بڵاودەکاتەوە بەناوی (سانیەها) واتە چرکەکان کە لە 15 تراک پێکدێت، 13 تراکیان بە زمانی فارسییە و 2 تراکیشیان بە زمانی کوردین.

جەمشید دەربارەی ئەو ئەلبوومە بە (رووداو)ی گوت "جگە لە ئەلبوومەکەم سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکی سینگڵم کە بە شێوەزاری کرمانجییە و یەکەمجارە بەو شێوەزارە گۆرانی دەڵێم. ئەو گۆرانییەش دەکەمە سوپرایز بۆ گوێگرانم".

جەمشید ئاماژەشی بەوە کرد کە لەم ئەلبوومەیدا 8 ڤیدیۆ کلیپی تۆمارکردووە و لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم گۆرانیەکانی سۆزدارین. بەڵام کاتی بڵاوکردنەوەی ئەو ڤیدیۆ کلیپانەی ئاشکرا نەکرد.



# تەنیا ئیدریس دێت و دەڕوات

**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ تەنیا ئیدریس دوای ماوەیەک دوورکەوتنەوە لە گۆرانیگوتن، ئێستا نوێترین گۆرانی بە ناوی (دەڕۆم و دێم) لە ئیسپانیا و مەغریب کلیپ دەکات.

تەنیا ئیدریس بە (رووداو)ی راگەیاند "بەمزووانە بەنیازم چەند کارێکی هونەری بکەم و بەم هۆیەشەوە دڵی هەوادارانم خۆش بکەم، ئێستا گۆرانییەکم بەناوی دەڕۆم و دێم ئامادەیە بۆ کلیپکردن کە لە تێکست و ئاوازی هونەرمەند رزگار خۆشناوە و کاری تۆمارکردنی ستۆدیۆشی لەلایەن هۆگر عەزیزەوە بۆ کراوە."

تەنیا ئیدریس بەنیازە گۆرانییەکی دیکە کلیپ بکات بەناوی (دوودڵ مەبە) کە کۆمپانیای بابیلۆن هاوکاری دەکات و ئاواز و تێکستی خۆیەتی و بژار دیلان کاری ستۆدیۆی بۆ کردووە.



# مژدێن: بەشداری فیلمی سێکسی ناکەم

**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژ مژدێن ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە دەڵێن بە نیازە بەشداری فیلمێکی پۆرنۆ بکات بەناوی "شەوی سەرجێگا".

لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو قسانەی دەڵێن من بەشداری فیلمێکی سێکسی دەکەم دوورن لە راستی، من ماوەیەکە لە هەموو کارێکی هونەری دوورکەوتوومەتەوە کە چەند هۆکارێکی تایبەت وای کردووە دوورەپەرێزی هەڵبژێرم". گوتیشی "من هەرگیز بەشداری لەو جۆرە فیلمانەدا ناکەم، ئەمە قسەی ئەو کەسانەیە کە رقی زۆریان لە من و هونەرەکەمە."

مژدێن گوتیشی "ماوەیەک دەیانگوت مژدێن بێ دینە و دواتر گوتیان بووەتە ئیسلام، پاشان دەیان قسەی دیکەیان بۆ هەڵبەستم، بەڵام لە رێگای (رووداو)ەوە رایدەگەیێنم ئەمانە درۆن".

# شەهریبانا کوردی نیگەرانە

**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان شەهریبانا کوردی نیگەرانی خۆی دەربڕی لە هێنانی گۆرانیبێژی بیانی بۆ کوردستان، چونکە وەک ئەو دەڵێت، پارەیەکی خەیاڵی بەو هونەرمەندە بیانیانە دەدرێت و گۆرانیبێژی کوردیش فەرامۆش دەکرێت.

شەهریبانا کوردی کە یەکێک بوو لەوانەی بەشداری فێستیڤاڵی ئەمساڵی هەولێری کرد، بە (رووداو)ی گوت "زۆر نیگەرانم کە میریام فارس و ئیبرۆ یەشار و خەڵکی بیانی بۆ کوردستان دێنن و پارەی زۆریان دەدەنێ، لەکاتێکدا دەیان گۆرانیبێژی کوردی زۆر لەمان باشتر و دەنگخۆشتر هەن کەچی فەرامۆش کراون. ئەوان چییان بۆ کورد کردووە؟ ئەوکاتەی پێشمەرگە لە چیا بوو کێ گۆرانی و سروودی بۆ دەگوتن و هانی خەڵکی دەدا بچێتە چیا؟ میریام فارس بوو یان ئیبرۆ یەشار یان هونەرمەندانی کورد؟".



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



# بەختی رووداو

**کاوڕ**



تیشکی هەتاو لە بورجەکەتدایە و یارمەتیت دەدات بۆئەوەی کارەکانت رێکبخەیتەوە و خۆت بۆ پرۆژەیەکی گەورە ئامادەبکەیت، بەڵام خۆت لەکێبڕکێ بپارێزە. دەتوانن گۆڕانکاری گەورە لە شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکانتان بکەن.

**گا**



دواکەوتنی کارەکانت تووشی دڵەڕاوکێت دەکات، خۆت بۆ کاری نوێ ئامادە دەکەیت. هەواڵ و گۆڕانکارییە نوێیەکان ئاسوودەت دەکەن، بەڵام هەندێک دڵەڕاوکێت دەمێنێت. دیدار و چاوپێکەوتنی هاوڕێیان بیرۆکەی گرنگت پێدەبەخشن.

**جمک**



هەوڵێکی زیاتر دەدەی بۆ بەدیهێنانی ئاواتێک، پەیوەندییەکانت زۆر دەبێت. کارەکان بە ناتەواوی جێمەهێڵن کاتەکانتان دابەش بکەن و مافی تەواو بە بەرامبەرەکانتان ببەخشن. توانایەکی باشترتان دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکان.

**قرژاڵ**



بە دوودڵییەوە هەنگاو مەنێ، ئەنجامێکی باشت بەدەستهێناوە و دەتوانی بەرنامەکانی داهاتوو رێکبخەیت. کات یارمەتیت دەدات بۆئەوەی چەندین دەرگای نوێی ژیان بکەیتەوە، بەڵام هەندێکیان ماندووبوونیان دەوێت.

**شێر**



پەیوەندیت لەگەڵ شوێنە دوورەکان زۆر دەبێت، هەندێکتان بیر لە سەفەرێک دەکەنەوە. لەو جۆرە پەستییە خۆت رزگار بکە کە هیچ سەرچاوەیەکی نییە، هەنگاوەکانت باشن، کاتێکی زۆرت لەبەردەستە، خۆت بۆ گرنگترین کار ئامادە بکە.

**گوڵەگەنم**



چاوەڕوان بکەیت لەوە باشترە بڕیارێکی خێرا بدەیت. پارە لە شتی ناپێویست خەرج مەکەن. فرسەت دەلوێت پەیوەندییە خێزانیەکانتان رێکبخەنەوە و پێویستییەکانی ماڵ پڕ بکەنەوە.

**تەرازوو**



مەهێڵە بێزاریت ببێتە هۆی هەڵچوونت، بۆچوونەکانت راشکاوانە لەگەڵ ئەو کەسانە باس بکە کە مامەڵە یان کارێکیان لەگەڵ دەکەیت. ئەو هەموو کار و هەنگاوانەی دیاریت کردوون کاتی زیاتریان پێویستە.

**دووپشک**



بەهێمنییەوە گرفتەکانی کارکردن چارەسەر بکە. ئیشوکارەکان و تەندروستیت باش دەبێت، خەرجییەکان لە دەسکەوت زیاتر دەبن. یەکێک لەکارە سەرەکییەکان دەگۆڕن و ئاستی دەرامەتتان بەرز دەکاتەوە.

**کەوان**



تووڕە و ماندوو دەبن کە چەند جارێک لە بەدیهێنانی خواستەکانتان دووردەکەونەوە، بەڵام بڕوابەخۆبوون لەدەست نادەن. سۆزدارەکەت داواکاری زیاتری دەبێت، دۆخێکی هێمن دروست بکە و خۆت لە کێشە و گرفت بەدوور بگرە.

**کارژۆڵە**



ئەو کاتانەی هەست بەماندووبوون دەکەیت، پشوویەک وەربگرە. دواکەوتنی کارەکان خەمی ناوێت، هەرچەندە بەخاوی بەڕێوەدەچن، بەڵام لەکۆتایدا هەر دەگاتە ئەنجامی چاوەڕوانکراو.

**سەتڵ**



پەیوەندییەکانت زۆر دەبێت، بەڵام درەنگ لەیەکتر تێدەگەن، چەند سەردان و چاوپێکەوتنێکی گرنگ رێکدەخەن بەتایبەت ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە لێیان دابڕاون. هەوڵ بدە بابەتە هەڵواسراوەکان یەکلایی بکەیتەوە.

**نەهەنگ**



خەرجیت زۆر دەبێت، تەندروستیتان بپارێزن. ئامادەکاری تەواو بکەن بۆ دەسپێکی کارێکی نوێ. دەتوانن هەندێکی کەم لەئەنجامەکان بەدەست بهێنن نەک هەموویان، کاتی گونجاو هەڵبژێرن بۆ کارە گەورەکان.

# عادل ئیمام پشگیری سافیناز دەکات

**رووداو-ئەنا زەهرا**



دوای ئەوەی گلەیی و ناڕەزاییەکی زۆر بەرامبەر سەماکاری ئەرمەنی سافیناز دروستبوو و ویستیان لە میسر دەریبکەن، ئەکتەری کۆمیدی میسری عادل ئیمام پشتگیری خۆی بۆ دەربڕی و داوای لێکرد لە درامایەک بەشداری لەگەڵ بکات.

عادل ئیمام کە لە زنجیرە درامای "خاوەنی بەختەوەری" رۆڵی سەرەکی دەبینێت، داوا دەکات سەماکاری بەناوبانگی ئەرمەنی سافیناز بەشدارییەکی بەرچاوی پێبدرێت.

سافینازی سەماکار بەجوانی و بەتوانایی لە سەمای رۆژهەڵاتی هەوادارێکی زۆری میسری و عەرەبی لەخۆی کۆکردبووەوە، بەڵام لەلایەن چەند خاوەن یانە و سەماکارانی میسری سکاڵای لەسەر تۆمارکرا و چەندین تۆمەتیان خستە پاڵ تا کار گەیشتە ئەوەی زیندانی بکرێت، بەڵام دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا.

# لەیلا علوی خۆی بۆ رەمەزان ئامادە دەکات



**رووداو- ئاژانسەکان**

لە ئێستاوە ئەکتەری بەناوبانگی میسری لەیلا علوی خۆی بۆ درامایەک بەناوی (شەمس بوکرە) ئامادە دەکات کە بڕیارە لە مانگی رەمەزانی داهاتوو لە تیڤییەکان نمایش بکرێت.

لەیلا علوی بە میدیاکانی میسری گوت کە هەرچەندە بڕیاری دابوو ئەمساڵ بەشداری هیچ درامایەک نەکات، بەڵام بەهۆی داواکاری زۆر و بەهێزیی دەقی درامایەکە بەشداری کردووە و رۆڵی سەرەکیشی هەیە.

ئەم درامایە باس لە چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی و رۆمانسی ئێستای میسر دەکات کە لە دەرهێنانی خالید حەجەرەو لە نووسینی عەلا حەسەنە و لەم رۆژانە دەستدەکرێت بە وێنەگرتنی.

# حەریمی سوڵتان لە تورکیا یەکەمە

**رووداو- گولولی**

زنجیرە درامای مێژوویی تورکی حەریمی سوڵتان لەسەر ئاستی تورکیا پلەی یەکەمی وەرگرتووە و زۆرترین هەواڵ و رێپۆرتاژی لەسەر کراوە.

بەپێی راپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی intipres ، لەنێو دەزگا راگەیاندنەکانی تورکیا زۆرترین هەواڵ لەسەر درامای حەریمی سوڵتان کراوە کە تاوەکو ئێستا هیچ درامایەک هێندە لە نێو میدیای تورکی جێگای قسەوباس نەبووە.

هەمان سەرچاوە رایگەیاندووە کە تەنیا لە کاتی لە سێدارەدانی شازادە مستەفا لە یەک مانگدا نزیکەی هەزار جار هەواڵ و راپۆرتی لەسەر کراوە.



**بەگشتی:**

تیشکی هەتاو لە بورجی کاوڕە بەرامبەر بە مارس، هەمووومان جۆرێک حەزی سەرکێشیمان هەیە و لەم کاتەدا چاونەترس دەبین، سەرکێشیەکانیش ئەنجامی باشیان نابێت. ئەوانەی دەخوازن لەم کاتەدا دەست بە ئەنجامدانی پرۆژەی گرنگ بکەن پێویستە ئامادەکاری بکەن و دڵنیابن لە هەنگاوەکانیان. ڤینۆسی خۆشەویستی لە کەلووی گۆزەدا خۆشەویستی و سۆز لەنێوان ئەو کەسانە دەرەخسێنێ کە پێشتر جۆرە هاوڕێتییەکیان پێکەوە هەبووە، ئەوانەی لەم ماوەیەدا سۆزدرای لەژیانیان سەرهەڵدەدات نابێت پەلەبکەن لە بڕیاردان هەتا کەسی بەرامبەر بەتەواوی هەڵدەسەنگێنن.

### د.موسەنا ئەمین، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق:

# پارتی لە سلێمانی بە جوملە خەڵک دەکڕێت

د.موسەنا ئەمین، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە سلێمانی بۆ پەرلەمانی عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاماژە بە هۆکاری دەستپێشخەرییە یەک لە دوای یەکەکانی یەکگرتوو دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەت. هەر لە ئێستاشەوە پێشبینی زیادکردنی دەنگەکانیان دەکات لە هەڵبژاردنی 30ی نیسانی داهاتوودا و دەڵێت "پێشبینی دەکەین ژمارەی کورسییەکانمان لە 4 کورسییەوە بکەین بە 6 کورسی لە پەرلەمانی عێراق".

هەڤپەیڤین: مەحمود یاسین کوردی


پارتی و یەکێتی داوایان لێکردین بەبێ گۆڕان و کۆمەڵ بەشداری حکومەت بکەین

**ڕووداو: بۆچی یەکگرتوو زۆر تامەزرۆی پێکهێنانی کابینەی نوێیە، دەستپێشخەری لە دوای دەستپێشخەری پێشکەش دەکات؟**

**د.موسەنا ئەمین:** یەکگرتوو کە بڕیاری داوە بەشداری کابینەی داهاتوو بکات، هەستمان بەوە کردووە کە دواکەوتنی حکومەت کاریگەری لەسەر ژیانی هاووڵاتیان، پڕۆژەکانی حکومەت، چاودێریی دەسەڵات و سەروەریی یاسا دروست کردووە، تەنانەت زیانی بۆ شەرعیەتی دەسەڵاتی ئەم هەرێمەش دروست کردووە، بۆیە لەو سۆنگەیەوە ئەو دەستپێشخەریانەمان کردووە، بەڵام تا چەند ئامانجەکانی ئەو دەستپێشخەریانە هاتوونەتەدی ئەوە بابەتێکی دیکەیە.

**ڕووداو: بەڵام کەس پارە بەم دەستپێشخەرییەی یەکگرتوو نادات، تەنانەت ئەمە بە لای هاوپەیمانەکانتانەوە جێگای سەرسوڕمان بوو، بە تایبەتی کە داواتان کردبوو گۆڕان دەستبەرداری وەزارەتی ناوخۆ بێت؟**

**د.موسەنا ئەمین:** ئێمە بە پارە ئیش بۆ کەس ناکەین تا پارە وەربگرین، ئێمە ئەرک جێبەجێ دەکەین، هەستی بەرپرسیارێتی خۆمان بەرامبەر ئەم هەرێمە جێبەجێ دەکەین، یەکگرتوو چی بە باش بزانێ بۆ خەڵکی کوردستان و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونەکەی ئەوە دەکات. چاوەڕێی هیچ لایەنێک ناکەین تا دەستخۆشیمان لێ بکات و نرخ بۆ دەستپێشخەرییەکانمان دابنێ.

**ڕووداو: تەنانەت هاوپەیمانەکەی پێشووتان (بزووتنەوەی گۆڕان) تووشی سەرسوڕمان بوو بە دەستپێشخەری ئێوە بۆ ئەوەی دەستبەرداری وەزارەتی ناوخۆبن لە پێناو زوو پێکهێنانی حکومەت؟**

**د.موسەنا ئەمین:** ئێمە داوامان لە گۆڕان نەکردووە دەستبەرداری وەزارەتی ناوخۆ بێت، بەڵکو داوامان لێکردووە لەگەڵ دوو لایەنە سیاسییەکەی دیکە ڕێکبکەوێت بەبێ ئەوەی تەنازول لە ماف و ئیستیحقاقی خۆی بکات، چونکە ئەمە پەیوەندی بە خودی گۆڕانەوە هەیە، بەڵام دەستپێشخەری یەکگرتوو بۆ ڕێککەوتنی لایەنەکان بووە، پاشان ئەو دەستپێشخەرییە لە پێناو ئاڵوگۆری بیروڕا لەگەڵ هێزێکی سیاسی پێویست ناکات یەکگرتوو بەشداری حکومەت بکات، نەک هەر پێدانی وەزارەت، بەڵکو ئەگەر یەکگرتوو دەستکراوە نەبێت و ڕێگریی لێبکرێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە وەزارەتەکان و دەستکاری ناڕێکییەکان و دژایەتیی گەندەڵی، هەڵەیەکی گەورە دەکەین بەشداری حکومەتێکی دیکۆری بکەین بۆ شەرعیەتدان بە ناڕێکی.

**ڕووداو: بەڵام یەکگرتوو لە ئێستاوە وەزیرەکانی خۆی دیاری کردووە، ئێوە کە جۆر و ژمارەی وەزارەتەکان نازانن بۆچی پەلەتان کرد لە دیاریکردنی وەزیرەکانتان؟**

**د.موسەنا ئەمین:** پەلە کردن نییە، شتێکی سروشتییە، هەر حیزبێک بیەوێ بەشداری حکومەت بکات دەبێ پێشتر کۆمەڵێک ناوی کاندیدکراوی هەبێت تا پێشکەشی لایەنی ڕاسپێردراوی بکات بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئێمە تەنیا ناوی خەڵکمان حازر کردووە بۆ ئەوەی ئەگەر پۆستێک بە یەکگرتوو بدرێت ئەو کەسانە لەلای ئێمەوە شیاون بۆ ئەم پۆستانە، بە مەرجێک ئەو وەزارەتانە گونجاوبن لەگەڵ توانا و پسپۆڕیی ئەو کەسانە. لە حاڵەتی یەکلابوونەوەی پۆستەکان ئەگەر زانیمان ئەو کاندیدانە شیاو نین و پسپۆڕییان لەو بوارانە نییە، بە دڵنیاییەوە کەسانی دیکە دادەنێین، بەڵام لە سەروبەندی گفتوگۆکان ڕاستەوخۆ داوای ناوت بۆ وەزارەتەکان لێدەکرێت، ئەو کەسەی حکومەت پێکدەهێنێت مافی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی ناوی وەزیرەکانی هەیە. ئێمە بۆ ئەوەی تووشی کۆبوونەوەی دیکە نەبین تا وەزیرەکان دیاری بکەین، ئەو کەسانەمان هەڵبژارد. ئێمە وەکو یەکگرتوو تا ڕادەیەک بەرچاومان ڕۆشنە کە چەند پۆست وەردەگرین.

**ڕووداو: لە سەرەتای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، پارتی داوای لە یەکگرتوو کردووە حکومەتێکی سێ قۆڵی دروستبکەن (پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو) بەبێ بەشداری گۆڕان و کۆمەڵ، بۆچی ڕەتتانکردەوە؟**

**د.موسەنا ئەمین:** قەناعەتمان وایە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی ڕیشەیی دەبێت سەرجەم هێزە سەرەکییەکان لە حکومەت بەشداربن. ئەگەرنا بەشداریکردنی یەکگرتوو لە حکومەت و شەڕی دەروونی لە نێوان جەماوەر و ئەندام و لایەنگری حیزبەکان دروستدەبێت، ئەمەش چاوەڕوانکراوە و شتێکی تەندروستە.

**ڕووداو: لە کاندیدکردنی کادیرانی ئێوە لەلایەن گۆڕانەوە نیگەران نین؟**

**د.موسەنا ئەمین:** نەخێر نیگەران نین. ئێمە باوەڕمان بە خۆمان و کاندید و سەرکردەکانمان هەیە، کاندیدکردنی ئەوکەسانەش لە چوارچێوەی ئازادی و مافی سیاسی سەیر دەکەین، ئاساییە ئەندام و کادیرانی پێشووی ئێمە ئێستا کاندیدی گۆڕان بن، یان بچنە ناو هەر حیزبێکی دیکە، چونکە ئەمە ماف و ئازادیی سیاسییە، بەڵام بە

**دەنگی یەکگرتوو بۆ کەس نەچووە و لای خۆمانە**

**نابینە پاشکۆی پارتی و گۆڕان**

دڵنیاییەوە ئێمە وەکو یەکگرتوو حەز دەکەین دەنگی زیاتر لە گۆڕان و هەر هێزێکی دیکەی سیاسی بهێنین. ئێمە نامانەوێت لەسەر بنەمای زەمکردن و بوختانکردن دەنگ کۆبکەینەوە و خەڵکیش چەواشە ناکەین، سەروەرییەکی گەورەیە کادیرانی پێشووی ئێمە کاندیدی گۆڕان و هەر لایەنێکی دیکە بن.

**ڕووداو: لە نێوان ئێوە و گۆڕان ڕکابەرییەک هەیە بۆ بە خاوەنکردنی سەروەرییەکانی ئۆپۆزسیۆنبوون؟**

**د.موسەنا ئەمین:** یەکگرتوو بە تەنیا خۆی بە خاوەنی سەروەرییەکانی ئۆپۆزیسیۆن نازانێ، ئێمە شانازی دەکەین بەوەی کە لە ساڵی 2005 ئۆپۆزیسیۆنبوونمان داهێنا و خوێنمان لە پێناوی ڕشت. گۆڕانیش تەوژمێکی گەورەی بە ئۆپۆزیسیۆن بەخشی، ئێمە بڕوامان وایە هەموو لایەنێک دەتوانێ تەعبیر لە تواناکانی خۆی بکات، بەڵام بەبێ موزایەدە کردن.

**ڕووداو: ئەمجارە لە سلێمانی دەنگەکانتان لە گۆڕان وەردەگرنەوە؟**

**د.موسەنا ئەمین:** دەنگەکانی ئێمە لای خۆمانە، ئەمجارە دەنگەکانمان زیادیش دەکات.

**ڕووداو: بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، یەکگرتوو لە سلێمانی دەنگی کەمی کردووە، ئەم دەنگانە بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟ هەر خودی ڕێکخستنەکانی ئێوە دەڵێن: ئەم دەنگانە بۆ گۆڕان چوون؟**

**د.موسەنا ئەمین:** گومانی تێدا نییە کە گۆڕان توانیویەتی دەنگی حیزبەکانی دیکە ببات، لە ناو بازاڕیش وایە کە کۆمپانیایەکی نوێ دێتە مەیدان بازاڕی کۆمپانیاکانی دیکە لاواز دەکات، بە تایبەتی بۆ هێزێکی وەکو گۆڕان کە دروشمەکانی سەرنجڕاکێش بوون، بەڵام ئەوەی لەلای ئێمە گرنگە ئەوەیە کە کێ بووە کە پێشتر هاوسەنگەری ئێمە بووە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن. ئەگەر گۆڕان عەقڵی تەقەبولی ئێمە نەکات کە ئەو دەستپێشخەرییە دڵسۆزانەیە سوودی بۆ ئەوان و خەڵکی کوردستان هەیە، ئەوە جێی سەرسوڕمانە.

**بە کەمتر لە سێ وەزارەت پێویست ناکات بەشداری حکومەت بکەین**

**ڕووداو: بەڵام گرێکوێرەی حکومەت وەزارەتی ناوخۆ بوو، دەستپێشخەری یەکگرتووش بۆ گۆڕان هەر لەسەر دەستبەرداربوون بووە لەم داوایە؟**

**د.موسەنا ئەمین:** یەکگرتوو بۆ ئەوە نەچووەتە لای گۆڕان تا تەنازولی لە وەزارەتی ناوخۆ پێبکات، ئێمە پێمانباشە گۆڕان بە تەواوی مافی خۆیەوە بەشداری لە حکومەت بکات. ئەگەر پارتی و یەکێتی ڕاستگۆن لە پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوان، دەبێ ڕێز لە سندوقەکانی دەنگدان بگرن، بەس پێویستیشە هێزەکان نەرمی لە بەرامبەر یەکدی بنوێنین بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنرێ.

**ڕووداو: ئێوە بە پارتیتان گوت کە ئامادەن داوا لە گۆڕان بکەن واز لە وەزارەتی ناوخۆ بهێنن، یان پارتی داوای لە ئێوە کرد ئەو دەستپێشخەرییە بکەن؟**

**د.موسەنا ئەمین:** دەمەوێ ڕاستگۆ بم لەگەڵ جەنابت، زانیاریی تەواوم نییە، بەڵام ئەگەر پارتی داوای لە ئێمە کردبێت بۆ ئەم دەستپێشخەرییە یاخود خۆڕسکانە ئەو کارەمان کردبێت، لە هەردوو حاڵەتەکە شتێکی ناتەندروست نییە، ئەمە واقیعە پارتی و گۆڕان دوو هێزی گەورەی کوردستانن و هەردووکیان داواکارییان هەیە و دەیانەوێ ئیستیحقاقی خۆیان بپارێزن، ئێمەش وەکو یەکگرتوو بەئاسایی دەبینین کە لەم نێوەندە میانگیری و دەستپێشخەریمان هەبێت.

**ڕووداو: ئەوەندەی لە گفتوگۆکان بۆتان دەرکەوتووە چ وەزارەتێک بە یەکگرتوو دەدرێت؟ ئێوە داوای چەند وەزارەت و پۆستتان کردووە؟**

**د.موسەنا ئەمین:** هێشتا ئەوە یەکلا نەبووەتەوە چ وەزارەتێک بە یەکگرتوو دەدرێت، بەڵام ئێمە سێ وەزارەت بە حەقی خۆمان دەزانین و قەناعەتیشمان وایە کەمتر لە سێ وەزارەت ئیستیحقاقی ئێمە نییە، ئەگەر پارتی و یەکێتیش ئیقراری ئەوە نەکەن ئەسڵەن بەبێ گۆڕان و کۆمەڵ و لایەنەکانی دیکە تەنیا ئاڵوگۆڕی پۆست و کەسەکان دەبێ. ئێمە دەمانەوێ دەستکاری بونیادی حوکمڕانی بکەین، بۆیە هەر لە سەرەتاوە پارتی و یەکێتی داوایان لێکردین بەبێ گۆڕان و کۆمەڵ بەشداری حکومەت بکەین، بەڵام ئێمە ڕەتمانکردەوە. پێمانوابوو پەراوێزخستنی هێزە نیشتمانییە سەرەکییەکان لە بەرژەوەندیی چاکسازی و خەڵکی کوردستاندا نییە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئەو داواکارییەمان ڕەتکردەوە، چونکە یەکگرتوو دەیەوێ بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی قۆرخکاری و سیستەمی دوو حیزبییەوە بگوازینەوە سەردەمێکی دیکە.

**ڕووداو: ئێوە وەکو حیزب بۆچی بەرژەوەندی خۆتان بە گۆڕان و کۆمەڵەوە دەبەستنەوە، لە کاتێکدا گۆڕان لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆی ئامادە نییە دەستپێشخەرییەکەتان قبوڵ بکات و واز لە وەزارەتی ناوخۆ بهێنێ؟**

**د.موسەنا ئەمین:** ئێمە عاشقی کوێرانەی هیچ حیزبێک نین، ئێمە لەبەر بەرژەوەندیی نیشتمانی و وڵات دەمانەوێ لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ بەشداری حکومەت بکەین، ئەگەرنا عاشقی هیچ حیزبێک نابین تا نەزانین بەرژەوەندییەکانی خۆمان لە کوێیە، لەبەر خەمخۆریمان بۆ پرۆسەی چاکسازی، دەمانەوێ دوو هێزە بەڕێزەکەی دیکەش بەشداری حکومەت بکەن، ئەگەرنا لە حاڵەتی هەڵبژاردن ئێمە و گۆڕان و کۆمەڵ دەبینەوە حیزبی موونافیس، ئەمە حەقیقەتە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات. یەکگرتوو دەیەوێ حکومەت لە هەناوی دوو حیزب دەربهێنێ، بۆیە دەمانەوێ گۆڕان و کۆمەڵ بەشداریی حکومەت بکەن، ئەگەرنا ئێمە نابینە پاشکۆی پارتی و گۆڕان و هیچ هێزێکی دیکە.

**ڕووداو: شەڕێکی دەروونی لە نێوان قاعیدەی ئێوە و گۆڕان لە سلێمانی هەیە، هەست دەکرێت یەکگرتوو لە سلێمانی لە ژێر فشاری دەروونیی گۆڕاندایە، بەتایبەتی بە کاندیدکردنی چەند کۆنە کادیرێکی یەکگرتوو گۆڕان هەوڵی بچووککردنەوەی ئێوە دەدات؟**

**د.موسەنا ئەمین:** لەگەڵ نزیکبوونەوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان جۆرە تایەکی توند

**داوامان لە گۆڕان نەکردووە دەستبەرداری وەزارەتی ناوخۆ بێت**

**ئێمە لە 2005 ئۆپۆزیسیۆنبوونمان داهێنا و خوێنمان لە پێناوی ڕشت**

**لیستەکەی یەکگرتوو خەڵکی زۆری وەک د.هەڤاڵ ئەبوبەکری تێدایە**

دەتوانێ ببێتە حیزبی ئایندە، ئێمە دڵنیاین کە یەکگرتوو حیزبی ئایندەیە.

**ڕووداو: واتە جیاوازیی گۆڕان و یەکگرتوو ئەوەیە کە خۆتان بە حیزبی ئایندە دەزانن؟**

**د.موسەنا ئەمین:** بەڵێ ئێمە خۆمان بە حیزبی ئایندە دەزانین و حیزبی هەڵوێستە نیشتمانییەکانین، لەگەڵ گۆڕانیش لەڕووی ستراتیژی خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان یەک دەگرینەوە. بەبوونی گۆڕان و هیچ حیزبێکی دیکە قەڵس و نیگەران نین.

**ڕووداو: ئێوە ترستان لە کاندید کردنی (د.هەڤاڵ ئەبوبەکر) نییە لە لایەن گۆڕانەوە کە دەنگێکی باشی خەڵکی دینداری بێ لایەن ببات، واتە ئەو خەڵکەی پێشتر دەنگیان بە یەکگرتوو دەدا؟**

**د.موسەنا ئەمین:** ئێمە ترسمان نییە و بەڵکو شانازیش دەکەین کە برایەکی وەکو د.هەڤاڵ سەردەمێک پەروەردەی لەلای ئێمە وەرگرتبێت و ڕاگەیاندنەکانی ئێمەش خزمەتیان پێکردبێت، کاک هەڤاڵیش ئازادە خۆی لە کوێ کاندید بکات و ئێمە ڕێگە بە خۆمان نادەین تەگەرە بخەینە بەردەم هیچ کەسێک و تەشهیری پێبکەین.

**ڕووداو: ئەی دەنگی خزم و کەسوکاری کە پێشتر دەنگیان بە یەکگرتوو دەدا، کاریگەری نابێت لەسەر دەنگەکانی ئێوە لە سلێمانی؟**

**د.موسەنا ئەمین:** نەخێر، ئەگەر قەرار بێت دەنگ بە کەسێکی وەکو کاک هەڤاڵ بدەن ئەوا سوپاس بۆ خوا لیستەکەی یەکگرتوو خەڵکی بە توانای وەکو (د.هەڤاڵ ئەبوبەکر)ی زۆری تێدایە، ئەگەر چەند کەسێکی بەهێز لە لیستی گۆڕاندا هەبن ئەوا لیستەکەی ئێمە پڕیەتی لە خەڵکی بەهێز و خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕی، لە متمانەو نرخی کەس کەم ناکەینەوە.

**ڕووداو: یەکگرتوو لە سلێمانی بەشدارییەکی بەرچاوی لە خۆپێشاندانەکانی 17ی شوبات کرد کەچی ئێوە بەرهەمەکەتان نەخوارد، دەرکەوت لە هەڵبژاردنی 21ی ئەیلولی 2013 زیاتر لە 17 هەزار دەنگتان لە سلێمانی کورتی هێناوە، خەڵکی سلێمانی بۆ متمانە بە پارتی دەدات، بەڵام بە ئێوەی نادات؟**

**د.موسەنا ئەمین:** 17ی شوبات یەکێکە لە سەروەرییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی یەکگرتوو، بەڵام بەراوردکردنی ئێمە بە پارتی شتێکی نامەنتیقییە، چونکە پارتی کۆمپانیایەکی زەبەلاحە و سەرقاڵی پارە بەخشینەوە و دامەزراندن و کڕینی دەنگی خەڵکە، توانایەکی مرۆیی و ماددی زۆری ئەو وڵاتەی لەبەردەستە، پارتی لە سلێمانی بە جوملە خەڵک دەکڕێت. زیادبوونی دەنگی ئەوان و کەمکردنی دەنگی ئێمە پەیوەندی بە تەزویریشەوە هەیە. ئەگەرنا زیادبوونی دەنگی پارتی پەیوەندی بە ئەدای سیاسی ئەوانەوە نییە، چونکە ئەوان لە 17ی شوبات دەستیان چووە خوێنی خەڵک و تاوانیان ئەنجامدا، پارتی لە سلێمانی خەریکی دابەشکردنی پارەو ئیمتیازات و بڕینەوەی مووچەیە، بۆیە ئێمە ناتوانین مونافەسەی پارتی بکەین بە پارە.

**ڕووداو: ئەنجامی هەڵبژاردنی 2013ی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئێوە موفاجەئە نەبوو لە کاتێکدا ئێوە چاوەڕێی پاداشتی 17ی شوباتتان لە خەڵکی سلێمانی دەکرد؟**

**د.موسەنا ئەمین:** ئەم حاڵەتە دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، بەڵام بەشێکیش پەیوەندی بە چەقبەستوویی سیاسی و بێ متمانەیی هاووڵاتیانەوە هەیە بە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، خەڵکێکی زۆر ناچنە سەر سندوقی دەنگدان.

**ڕووداو: تۆ لە هەڤپەیڤینێک گوتبووت: لە نێوان ئێمە و پارتی خوێن هەیە، ئەم خوێنە هەر ماوە، تاکەی بەردەوام دەبێت؟ پێتوایە بەم لۆژیکە بتوانن لەگەڵ پارتی ئیدارە بکەن، بە تایبەتی کە نیوەی دەنگەکانتان لە سنووری پارتییە؟**

**د.موسەنا ئەمین:** ببوورە ئەو قسەیەی من بەو شێوەیە نەبوو، چاوپێکەوتنەکەی من و مانشێتی گۆڤارەکە جیاواز بوو، من گوتوومە ئێمە لەگەڵ پارتی قۆناغی جیاوازمان بڕیوە، سەردەمێک پارتی ئازاری داوین و تەنگی پێهەڵچنیوین تا ئاستی خوێنڕشتن، بەڵام من باسم لەوە کردووە کە ئێمە سیاسەت لەگەڵ پارتی و هیچ هێزێکی دیکە بە کۆنە قین ناکەین، ئەوە تۆمەتێک نییە کە پارتی بارەگای ئێمەی سووتاندووە و خەڵکی ئێمەی کوشتووە خۆ قسەیەکی شاراوە نییە و خۆشیان باسیان کردووە، بەڵام ئێمە ئامادەین لەگەڵ پارتی دەست بە قۆناغێکی دیکە بکەین، ئامادەین لە پێناو ئەم نیشتیمانە چاوپۆشی لە حەقی خۆمان بکەین، بەڵام دەشبێ لە کاتی ئاشتی شەڕمان لەبیر بێت لە کاتی شەڕیش ئاشتیمان لەبیر بێت.

**ڕووداو: باس لەوە دەکرێت ئاراستەیەک لەناو یەکگرتوو هەیە دەیەوێ لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی پارتی دەنگ کۆبکاتەوە؟**

**د.موسەنا ئەمین:** ئێمە دەنگ لەسەر حسابی هیچ کەس کۆناکەینەوە، دەنگ لەسەر بنەمای دژایەتی پارتی کۆناکەینەوە، ئێمە دژی پارتی، گۆڕان، یەکێتی و هیچ حیزبێکی دیکە نین، یەکگرتوو بۆ دژایەتی دروست نەبووە، بەڵکو بۆ بنیادنان دروست بووە. ئێمە حیزبی کارین، نەک کاردانەوە.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەن ژمارەی کورسیەکانتان لە پەرلەمانی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا بێت؟**

**د.موسەنا ئەمین:** پێشبینی دەکەم لەم هەڵبژاردنە 6 کورسی بەدەستبێنین، ئێمە جگە لەوەی تەزویرمان بەرامبەر کراوە چەندین دەنگمان لە ناوچە جێناکۆکەکان فەوتا. خودی یاسای هەڵبژاردنەکانی 2010 زوڵمی زۆری لێکردین، ئەگەرنا ئەوکات دەبوو 8 کورسی بهێنین، هەندێک کەس تانە لە یەکگرتوو دەدەن و دەڵێن دەنگی کەمی کردووە، نابێ ئەوەت لە بیر بچێت ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان 6 کورسیمان هەبوو لە هەڵبژاردنی 2013 کردمان بە 10 کورسی.



دکتۆر ئیکرام حوسێن

## نەمانی پارە لە قازانجی تەندروستی بوو

شەرێک کە بەشی خەڵکی خێری تێدابوو. بەهۆی کەمبوونەوەی پارەوە سیستمی نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت ڕاگیرا، ئەوە باشترین قازانج بوو خەڵکی کوردستان لە نەمانی پارە بیکەن.

دەبووایە وەزارەتی تەندروستی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکات بۆ ئەنجامەکانی سیستمی نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت، لە پێناوی ئەوەی هەندێک کەس نەتوانن سیستمەکە بە شێوەیەک لێبکەن کە خراپەی زیاتر بێت لە باشە. کاتێک دەڵێن نزیکەی 100 هەزار نەشتەرگەری بەو سیستمە ئەنجامدراوە، بۆ هەرێمێک کە ژمارەی دانیشتووانی هێندە نییە، ژمارەیەکی زەبەلاحە.

مرۆڤ کە فریشتە نییە، ئەگەر لێپرسینەوەو ترس و بەدواداچوونی بەدواوە نەبوو، کێ دەتوانێت گەرەنتی کارەکانی بکات؟

ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێت، جیاکردنەوەی کەرتی گشتی و تایبەتە لە یەکتر، بەڵام نیمچە تایبەت سەری لە سیستم و گشتی و تایبەت شێواندبوو، لە ناو نەخۆشخانەی حکومیدا، بە بیناو کەرەستەی حکومەت، مووچەخۆری حکومەت، نەشتەرگەری بە پارە ئەنجامدەدا، دڵنیام کەم پزیشک هەیە نەزانێت چۆن نەشتەرگەرییەکانی بەیانیان دەخرایە کاتی نیمچە تایبەتەوە، جگە لەوەش چۆن ئەو هەموو نەشتەرگەرییە ناپێویستە دەکران.

پزیشک هەن لە ڕۆح شیرینترن، نەک هەر نەخۆش ناخەنە کاتی سیستمی نیمچە تایبەت، بەڵکو گەر مووچەشیان نەبێت کاری خۆیان هەر دەکەن، بەڵام ئایا هەموو پزیشکەکان بەو شێوەیەن؟

کە لە نیمچە تایبەت 100 هەزار نەشتەرگەری ئەنجامدرابێ، ئەی دەبێ لە گشتی چەند نەشتەرگەری کرابێت؟ بەپێی کاژێرەکانی کارکردن بێت، دەبێت ژمارەی نەشتەرگەرییەکان زیاتر بن لە نیمچە تایبەت، ئەی ژمارەی نەشتەرگەرییەکانی ناو نەخۆشخانە ئەهلییەکان؟ خۆ هەر چۆنێک بێت، بە هەموویان دەگاتە 250 هەزار نەشتەرگەری، کێ لە بیرکاریی زیرەکە با ئەو ژمارەیە بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لێکبداتەوە تاوەکو بزانێت چ کارەساتێکی گەورە لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات!

دەپارێمەوە ڕاست نەبێ ئەوەی بیستوومە، بەڵام خۆ قسەش لەخۆڕا ناکرێت، دەڵێن ئەنجامی تاقیگەیەکی نەخۆشیزانی کە دوای نەشتەرگەری ئەنجامدەدرێت بۆ پەلە ڕیخۆڵە (ڕیخۆڵە کوێرە)، دەریخستبوو زۆربەی ئەو پەلە ڕیخۆڵانەی بە نەشتەرگەری دەرهێنرابوون نەخۆش نەبوون، ئەوە جگە لەو هەموو نەشتەرگەرییەی دەرهێنانی منداڵ لە سکی دایک، هەروەها ئەنجامدانی بە تەنەکەی نەشتەرگەریی لابردنی ئالووەکان و تورەکەی زراو، ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر کەسێک نەشتەرگەری بۆ بکرێت، لە ڕووی جەستەییەوە مرۆڤێکی تەواو نامێنێت.

هێشتاش نەخۆشخانە حکومییەکان لە بەیانیاندا ئەگەر نیمچە تایبەتی لێدەرکەیت، سەلامەتترین شوێنی چارەسەرکردنن بۆ نەخۆش لە چاو نیمچە تایبەت و نەخۆشخانە ئەهلییەکان، زۆرترین پێوەرە زانستییەکانیان تێدا جێبەجێدەکرێت بۆ بڕیاردان لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری.

لەملاولا بڵاودەبێتەوە کە بەهۆی نەبوونی بودجەوە، نەشتەرگەری نیمچە تایبەت ڕاگیراوە، وەک ئەوەی زیان بێت لە خەڵکی، بەڵام ئەگەر ژمارەی نەشتەرگەرییەکان بەهۆی سیستمی نیمچە تایبەتەوە بەو ڕێژەیە بەرزبووبێنەوە، ئەوا نەمانی پارە خەڵکی لە هەڵمەتی نەشتەرگەری دەپارێزێت، هیواخوازم بۆ بەکارهێنانی دەرمانی ناپێویستیش بە هەمان شێوە بێت.

سالی ڕابردوو 945 حاڵەتی نەخۆشی سیل دەستنیشان کراوە

# ڕۆژی دەردە باریکە لە کوردستان بە بێدەنگی تێپەڕی

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

"با لە وێنەکەدا دەرنەچم، دوایی کەس ژنم ناداتێ". ئەمە قسەی کارمەندێکی پرسگەی سەنتەری چارەسەری سیلە. قسەی ئەو کارمەندە بۆ ڕۆژنامەڤانێک کە ویستوویەتی ڕاپۆرتێک لەبارەی ڕۆژی جیهانیی سیلەوە ئامادە بکات، بەشێکە لە هەڵە تێگەیشتنی خەڵکی بۆ نەخۆشیی سیل.

ئەو نەخۆشییە کە لە کوردەواریدا دەردەباریکەشی پێدەگوترێ، لە دێرزەمانەوە هاوڕێی مرۆڤە و توێژینەوە لەسەر فیرعەونەکانی میسر دەریخستووە کە هەندێکیان بەو نەخۆشییە مردوون.

هەتا 24ی ئاداری 1882 کە ڕۆبەرت کوخ هۆکاری نەخۆشییەکەی دۆزییەوە، نەدەزانرا ئەم نەخۆشییە بەهۆی میکرۆبێکی تایبەتەوە تووشی مرۆڤ دەبێت و دەکرێت بە لەناوبردنی ئەو میکرۆبە نەخۆشییەکە چارەسەر بکرێت. ئێستا لە سەرانسەری جیهاندا 24 ی ئادار وەک ڕۆژی جیهانیی سیل دیاریکراوە. بەڵام ئەو ڕۆژە لە کوردستان بەبێدەنگی تێپەڕی.

پزیشکێکی پسپۆڕ پێی سەیرە کە تا ئێستاش هەندێک لە هاووڵاتیان وەک نەخۆشییەکی کوشندە بۆ ئەم نەخۆشییە دەڕوانن و تەنانەت هەندێک کەسیش شەرم دەکەن بڵێن ئەو نەخۆشییەمان هەیە.

د.کاوە فەرەج سەعدون، پزیشکی پسپۆڕی سنگ و هەناسەدان، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ی گوت "بە پێچەوانەی بینینی ئەو کەسانەوە، بە بەکارهێنانی دەرمانی دژە سیل بەپێی ڕێنماییە زانستییەکان، نەخۆشەکە بەتەواوی چاک دەبێتەوە".

لەدوای 4 هەفتە لە بەکارهێنانی دەرمانەکان، هەرچەندە نەخۆشییەکە لە جەستەی کەسی تووشبوودا دەمێنێت، بەڵام ئەگەری گواستنەوەی بۆ کەسانی دیکە بەتەواوی کەمدەبێتەوە. لە حاڵەتی بەکارنەهێنانی چارەسەریشدا نەخۆشییەکە کوشندەیە.

### "فریای 3 ملیۆن کەس بکەون"

دروشمی 24ی ئاداری ئەمساڵی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بریتی بوو لە "فریای 3 ملیۆن کەس بکەون". مەبەست لەو دروشمە ئەوەیە ساڵانە لە نزیکەی 9 ملیۆن کەس کە تووشی سیل دەبن، 3 ملیۆنیان ون دەبن و دەستنیشان ناکرێن. بۆیە گرنگە لەکاتی هەستکردن بە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەدا سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکرێت بۆ دڵنیابوونەوە لە بوون یان نەبوونی ئەم نەخۆشییە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە ساڵی 2012دا 8 ملیۆن و 600 هەزار کەس تووشی سیل بوون کە ملیۆنێک و 300 هەزار کەسیان گیانیان لەدەستداوە و 95%ی حاڵەتەکانی مردنیش لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بووە.

وەک د.خالس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ی گوت، لە هەرێمی کوردستانیش "لە ساڵی 2012 دا ژمارەی تووشبووانی سیل 1200 کەس بووە و لە 2013 دا ژمارەکە دابەزیوە بۆ 945 حاڵەت".

80-90%ی حاڵەتەکانی سیل لە سییەکاندا ڕوودەدەن و ئەوەی دیکەش لە ئەندامەکانی دیکەی جەستەدا دەبن وەک: ئێسک، گورچیلە، کۆئەندامی هەرس و چەندین شوێنی دیکەی جەستەی مرۆڤ.

سیلی سییەکان لەڕێگەی هەناسەوە دەگوازرێتەوە، کاتێک لەگەڵ کۆکین و پژمین و قسەکردندا میکرۆبی سیل دەچێتە هەوا و لەگەڵ هەناسە وەرگرتنی کەسێکی تەندروستدا، میکرۆبەکە دەچێتە جەستەی.

ساڵی پار ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هۆشداری دا لە بڵاوبوونەوەی جۆرێکی کوشندەی سیل کە بەرگری لە بەرامبەر چەندین دەرمانی دژە سیل پەیدا کردووە و بە خێرایی لەسەر ئاستی جیهان لە بڵاوبوونەوەدایە و ساڵانە پێویستی بە خەرجکردنی 1،3 ملیار دۆلارە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی.

د.کاوە دەڵێت، ئێستا لە کوردستانیش هەست بە پەیدابوونی ئەم جۆرە مەترسیدارەی سیل دەکرێت. "گرنگترین ڕێگا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە نوێیە، ئەوەیە تووشبووەکانی ئێستا هەموو ئەو دەرمانەی پزیشک بۆیان دیاری دەکات بەشێوەیەکی زانستی و ستاندارد بۆ ماوەی 6 مانگ بەکاربهێنن".

وەک پزیشکە پسپۆڕەکە گوتی، ئەو کەسانەی تووشی ئەو جۆرە نوێیەی سیل دەبن، ژمارەی دەرمانەکانیان زیاتر دەبێت و پرۆسەی چارەسەرەکەش درێژ دەکرێتەوە بۆ زیاتر لە 2 ساڵ.

چارەسەری نەخۆشیی سیل پرۆسەیەکە ڕێنمایی تایبەتی دەوێت، چونکە ژمارەی دەرمانەکان و ژەمەکانیان زۆرە و ماوەی 6 مانگیش بەردەوام دەبێت. هەروەها دەبێت ئەندامانی خێزان و ئەو کەسانەش کە لە شوێنی کاردا لە کەسەکەوە نزیکن پشکنینیان بۆ بکرێت، نەوەک لە هەناسەدانی تووشبووەکەوە نەخۆشییەکەیان وەرگرتبێت.



### نیشانەکانی سیل:

1- کۆکەیەک کە لە دوو هەفتە زیاتر بخایەنێت
2- هەبوونی بەڵغەم کە هەندێکجار خوێنی پێوەیە
3- هەناسە تەنگی
4- ئازاری سنگ
5- نیشانە گشتییەکان: لەرزوتا، نەمانی ئارەزووی خواردن. دابەزینی کێش (ئەگەر 5%ی کێشی لەماوەی مانگێکدا دابەزی بێئەوەی مەبەستی بێت).

### ئەو کەسایەتیانەی تووشی سیل هاتوون:

1- ئەلبیر کامۆ: چالاکوان و نووسەر و فەیلەسووفی فەرەنسی، بەهۆی تووشبوونی بە سیل بەزۆر لە زانکۆ دەرکرا و دواتر لە ڕووداوێکی تەمومژاویی ئۆتۆمبێلدا گیانی لەدەستدا.
2- مەکسیم گۆرکی: نووسەر و ئەدیبی بەناوبانگی ڕووسی کە بە دامەزرێنەری ڕێبازی ڕیالیزمی سۆسیالیستی دادەنرێت لە ئەدەبیاتدا.
3- جۆرج ئۆروێل: ڕۆماننووس و ئەدیبی بەناوبانگی ئینگلیزی، نەخۆشی سیلی هەبووە و هەر بەو هۆیەشەوە لە ساڵی 1950 و لە تەمەنی 46 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
4- فرانز کافکا: ڕۆماننووسی بەنێوبانگی ئەڵمانی کە بە یەکێک لە کاریگەرترین ئەدیبانی سەدەی بیستەم دادەنرێت.

# قەڵەوی.. نەخۆشییە مەترسیدارەکە



**د.زاهیر سۆران***

قەڵەوی یەکێکە لە گەورەترین گیروگرفتە تەندروستییەکانی ئەمڕۆی نوژداری. کەم یان زۆر، گەورە تا گچکە و بگرە مرۆی بە تەمەنیش تووشی دەبێت.

هەرچەندە زێدەتر مێینە هەوڵی داوە بەژن و باڵا قەڵەمی بێت و بەشداری پێشبڕکێی جوانی کردووە و هەوڵی داوە زێدەتر قەڵەو نەبێت، بەڵام زۆرجاران سەرنەکەوتووە.

بەپێی توێژینەوەکان، ئەمڕۆ ژمارەی ئەو ژنانەی کێشیان زۆرە لە زیادبووندایە، بەتایبەتی کاتێک تەمەنیان لە نێوان 45- 50 ساڵیدایە. تا ئەمڕۆ چەند لایەنێکی بەرزبوونەوەی کێش یان قەڵەوی نەدۆزراوەتەوە، بەڵام توێژینەکانی ئەم بوارە گرنگەی تەندروستی بەردەوامن.

ئەوەی ڕاستی بێت هۆی سەرەکی دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆری منداڵ و لاو کە کێشیان زۆرە یان قەڵەون، دەگەڕێتەوە بۆ:

1 - گوێنەدان بە وەرزش و یاریکردن.
2- دانیشتن و کەم جووڵان، ڕۆژانە یاریکردن بە کۆمپیوتەر دەبێتە هۆی تێکچوونی خواردنی ژەمەکانی خۆراک.
3- خواردنی شیرینی بە ڕێژەیەکی زۆر، خواردنی پیتزا و هەمبەرگر کە ڕێژەیەکی بەرز چەورییان تێدایە، خواردنەوەی ڕێژەیەکی لە ڕادەبەدەر کۆکاکۆلا، فانتا، پێپسی و .. تاد کە ڕێژەیەکی بەرز شەکریان تێدایە.

زۆرجاران نێر ورگ یان غەبغەبە دروست دەکات و ورگ و چەورییەکەی دەبێتە هۆی (شەکرەی جۆری 2، بەرزە پەستانی خوێن، بەرزبوونەوەی چەوریی نێو خوێن). بە پێچەوانەوە مێینە زێدەتر لە ئاستی سمت و سێبەندەدا زیاد دەکات لەبەر ئەوە زێدەتر تووشی گیروگرفتی میکانیکی، دەروونی ، منداڵنەبوون، نارێکوپێکی بێنوێژی و ئاڵۆزکارییەکانی سکپڕی و منداڵبوون دەبێت.

### مەترسییەکانی قەڵەوی:

1- بەگشتی باری ژیانی مرۆڤ خراپ دەکات، وەک گیروگرفتی دەردانی پیسایی و تووشبوون بە مایەسیری.
2- ڕێگری لە وەرزشکردن دەکات.
3- کەمبوونەوە یان نەمانی وزە و هێزی لەش.
4- تووشبوون بە هەندێک جۆری شێرپەنجە.
5- 80%ی قەڵەوەکان تووشی نەخۆشیی شەکرە دەبن .
6- 80%ی قەڵەوەکان تووشی بەرزەپەستانی خوێن دەبن .
7- ئازاری ئاستی دڵ، ئازاری بڕبڕەی پشت، ژانەسەر. تەنگەنەفەسی و قورسبوونی کاری میکانیکی دڵ .
8- بەرزبوونەوەی کۆلیسترۆڵی نێو خوێن.
9- ئاوسانی پێیەکان.
10- خوێنبەرەسۆ ، تولانییە زراوە سۆ، گورچیلەسۆ، ڕێگاخۆشکردن بۆ تووشبون بە سییە سۆ.
11- تێکچوونی زەوقی زایەندی .
21- تێکچوونی سووڕی مانگانە.
13_ سووربوونەوەی نێوپۆشی گەدە.
15 - لە کاتی نەشتەرگەریدا پێویستە ژەمێک یان بڕێکی زۆر لە سڕکەرە مادده بەکاربهێنرێت .
16 - گیروگرفتی کۆئەندامی ناوەندی دەمار (کەمخەوی، برسێتی، تینوێتی و .. هتد).
17- تێکچوونی هۆرمۆنەکان (پرۆستات ، هێلکەدان، گلاندی سەرگورچیلەکان و گلاندی تایرۆید).
18- ئەستووربوونی دیواری خوێنبەرەکان.

### چارەسەری قەڵەوی

1- خۆراک: پێویستە مرۆڤ ڕۆژانە سێ ژەم خۆراک بخوات، بە مەرجێک نانخواردنی بەیانیانی لەگەڵدا بێت و پاشتریش لە نێوان دوو ژەمی سەرەکیدا ژەمێکی سووک بخورێت .
2- وەرزش: پاسکیل لێخوڕین، مەلەکردن ، پیاسەکردن و ڕاکردن یان یاریی ئاسن زۆر بە سوودن .
3- دەرمان: هەندێک گەورە ساڵان سوودیان لێوەرگرتووە، وەلێ نیشانەی لاوەکی هەیە .
4- نەشتەرگەری: ئەگەر خۆراک ، وەرزش و دەرمان سوودیان نەبوو ئەوسا پەنا دەبرێتە بەر نەشتەرگەری .

***پسپۆڕی نەخۆشییە درمەکان و گشتییەکان**

# لە وەرزی بەهاردا چۆن پارێزگاری لە پێستت دەکەیت؟

**سەروەر سالار و چۆمان مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئارام ڕەسوڵ، 26 ساڵ، لە بەردەم کلینیکێکی پسپۆڕی پێستدا چاوەڕوانی وادەی بینینی پزیشکی دەکرد. ئەو دەیگوت "گۆڕانی وەرزەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر تەندروستی و جوانی پێست هەیە، بۆیە هاتووم پزیشک ڕێنمایی تەندروستی پێستم پێبدات لە وەرزی بەهاردا".

زستان و مانەوەیەکی زۆر لەماڵەوە توانای ڕاهاتنی پێست بۆ تیشکی هەتاو کەمدەکاتەوە، بۆیە زۆر کەس لە سەرەتای وەرزی بەهاردا تووشی سووتانەوەی پێست و هەستەوەری دەبن.

د.محەممەد یوسف، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ی گوت "ئەو کەسانەی هەستەوەریی درێژخایەنیان هەیە، لە سەرەتای وەرزەکاندا لە هەموو کات زیاتر هەراسان دەبن بەدەست خوران و سووتانەوەی پێستەوە. لەنێو وەرزەکانیشدا، بەهار لە هەموویان زیاتر هەستەوەری بەدوای خۆیدا دێنێت".

پزیشکە پسپۆڕەکە هۆشداری دا لەوەی "یەکەم چوونە دەرەوە لە بەهاردا، ئەگەر پێستت بۆ ئامادە نەکردبێت، زۆر خراپە. چونکە دوای ماوەیەکی زۆر مانەوە لەبەر سێبەر، بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەر هەتاو دەمێنیتەوە، ئەمەش پێست دەسووتێنێ و تووشی خوران و سووتانەوەی دەکات".

د.محەممەد دەڵێت، پێویستە ئاگاداری تەندروستی پێستی منداڵەکانتان بن لە بەهاردا "ئەو منداڵانەی تەمەنیان 2 ساڵ کەمترە، لە بەهاردا کەمتر بیانشۆن، زیاتر پێستیان چەور و شێدار بکەن بە بەکارهێنانی ڤازلین، بە سابوونی کرێمدار بیانشۆن".

زستان جگە لەوەی تیشکی خۆر وەک پێویست بەهێز نییە، لە هەمانکاتدا بەهۆی مانەوەیەکی زۆر لە ژوورەوە پێست ڕووبەڕووی هەوایەک دەبێتەوە کە وشکە و شێداریی پێست کەمدەکاتەوە و زیان بە خانەکانی پێست دەگەیەنێت، هەروەها هەوایەکی پاکژ و کراوە نییە، بۆیە پێست لە زستاندا بڕی پێویستی ئۆکسجین و خۆراکی پێناگات.

پزیشکە پسپۆڕەکە ژینگەی هەرێمی کوردستان و سروشتە جوگرافییەکەی بە هۆکارێکی دیکەی ڕێگاخۆشکەر دەزانێت بۆ سووتانەوەی پێست لە بەهاردا "جگە لەوەی لە وڵاتی خۆمان جیاوازییەکی زۆر هەیە لە پلەی گەرمی بەهار و زستاندا، خەڵکی ئێمەش زیاتر ئارەزووی گەشتکردن بۆ ناوچە بەرزەکان و چیاکان دەکەن، ئەمەش وادەکات زیاتر لە هەتاوەکە و کاریگەرییەکەی نزیک ببنەوە".

وەک د.محەممەد ڕوونیکردەوە، باشترین ڕێگا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییە خراپەکانی تیشکی خۆر لە بەهاردا، بەکارهێنانی کرێمی دژەخۆرە "ئەوەش بەپێی پێستی کەسەکە دەگۆڕێت، بەجۆرێک دەبێت ئەوانەی پێستیان وشکە دژەخۆری چەور بەکاربهێنن و بە پێچەوانەشەوە".

### لەبارەی کرێمی دژەخۆرەوە

مەبەست لە بەکارهێنانی کرێمی دژەخۆر ڕێگاگرتنە لەوەی تیشکی سەروو وەنەوشەیی بەر پێست بکەوێت، چونکە ئەم تیشکە ڕەنگی پێست تێکدەدات، چرچی دەکات و ئەگەری تووشبوونی بە شێرپەنجەی پێست زیاد دەکات. ڕادەی ڕێگاگرتنی هەر کرێمێکی دژە خۆر بە پێوانی (SPF: Sun Protection Factor) ی ماددەی دژەخۆری کرێمەکە دیاری دەکرێت. بەمجۆرە SPFی 15 مانای وایە کرێمەکە 94% ی تیشکی سەروو وەنەوشەیی بلۆک دەکات و ناهێڵێت بەر پێست بکەوێت. SPFی 30 واتە بە ڕادەی 97% ڕێگری لێدەکات. SPFی 45 واتە 98% ڕێگەی لێدەگرێ. هەرچەندە ئێستا کرێم هاتووە کە بانگەشەی ئەوە دەکات SPFەکەی 100 و زیاتر بێت، بەڵام پسپۆڕان دەڵێن هەر SPFێکی سەروو 45 ڕادەیەکی ئەوتۆی بەرگری زیاد ناکات و هیچ دژەخۆرێک نییە 100% ڕێگا لەو تیشکە زیانبەخشە بگرێت. تیشکی سەروو وەنەوشەیی دوو جۆرە: A و B. جۆری B دەبێتە هۆی سووتانەوەی ڕووکاری دەرەوەی پێست. جۆری A کار لە بەرگە قووڵەکانی پێست دەکات و چرچیی پێست دروست دەکات. مادەی دژەخۆرەکە تەنیا ڕێگا لە جۆری B دەگرێت و کارێکی ئەوتۆی بەسەر جۆری A یەوە نییە مەگەر جۆرە ماددەیەکی دیکەی وەک ئۆکسیدی زینک یان پیرۆکسیدی تیتانیۆم یان هەر بەرگێکی بەرگریکاری کیمیایی بۆ زیاد کرابێت، بۆیە کاتێک دژەخۆر دەکڕیت، دەبێ هەر خەیاڵت لای بەرزێتی SPFەکەی نەبێت و دەکرێ SPF ی 45 ئاسوودەت بکات، بەڵکو بیرێکیش لەوە بکەرەوە ئایا لەو ماددانەشی تێدایە کە ڕێگری تیشکی سەروو وەنەوشەیی لە جۆری A دەکەن. جگە لەمە، باشتر وایە لەو کرێمانە هەڵبژێری کە لە ئاودا ناتوێنەوە و ئاو نایانشواتەوە. هەروەها دەبێ نیو سەعات بەر لە چوونە دەرەوە لە پێستی بدەیت و هەموو دوو سەعاتێک دووبارە لێی بدەیتەوە. دوای مەلەکردن و ئارەقکردنەوەش دەبێت دووبارە لە پێستی بدەیتەوە.

# ئازاد مستەفا.. خەونێک لە غەریبی سەردەنێتەوە

کاوە ئەمین

بزاڤی نەتەوەیی لە مێژووی نوێی کورددا لە سەردەمی کۆمەڵەی خۆیبوون و شۆڕشی ئاراراتەوە دەخرێتە چوارچێوەی حیزبییەوە و پاشان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ.کاف) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد (کاژیک) و پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک لە باشووری کوردستاندا درێژە بەو بیروباوەڕە دەدەن. ئەمان ڕزگاربوونی کورد تەنیا لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەبیننەوە و هەموو چارەسەرییەکی دیکە بە "زرەچارەسەر" دەزانن.

ئازاد مستەفا، سکرتێری پاسۆک، تاقانەی شەش خوشک و دایک و باوکی، خەونی بەوەوە دەبینی کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵبوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ بە نەخشەی دەوڵەتی کوردستانەوە دروستیبکاتەوە.

ساڵی 1948 لە خێزانێکی هەژار لە گوندی بارزان دێتە دنیاوە کە ئەوکات باوکی لەوێ پۆلیس بووە.

بنەماڵەی ئازاد مستەفا خەڵکی گوندی شێلەخانن لە بناری پیرەمەگروون لە نزیک سلێمانی، بەڵام بەهۆی پیشەکەی باوکییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ زۆر دەڤەری کوردستاندا پەیدا دەکات.

فەقێ هۆشیار یەکێک لە ئەندامانی ئەوکاتی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و هاوڕێ و کوڕە مامی ئازاد مستەفا دەربارەی بنەماڵە و شوێنی لەدایکبوونی دەڵێت: "ئازاد مستەفا لە گوندی بارزان لەو خانووەی کە شێخ ئەحمەدی بارزانی دابووی بە باوکی کاک ئازاد، لەدایک بووە".

ژیانی منداڵی و گەنجێتی وەک زۆر لە منداڵانی کورد، بە هەژاری و نەداری لە سلێمانی بەڕێکرد. لە سەردەمی لەتبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا لەساڵی 1964، ماوەیەک دەبێتە ئەندامی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی کە ئەوکات بە جەلالی ناسرابوو، بەڵام پاشان خۆی لە کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد (کاژیک)دا دەبینێتەوە و دەچێتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلولەوە. بەناوی (چاوێک) لە ڕۆژنامەی (برایی) ئەوکاتدا دەنووسێت.

شێرکۆ بێکەس دەربارەی ناوی ڕۆژنامەی (برایی) لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی:"کاتێک لە ڕەفیق چالاکیان دەپرسی بۆ ناوتان نەناوە برایەتی، لەوەڵامدا دەیگوت: ئەوە نییە کورد دەڵێت برامان برایی و کیسەمان جیایی".

کاتێک ئازاد مستەفا دەبێتە سکرتێری پاسۆک، وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی (سەربەخۆیی) ئۆرگانی پاسۆک و سەرنووسەری (ئاڵای سووری کوردایەتی) ئۆرگانی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک، ملدەداتە بەر کاری ڕۆژنامەگەریی شاخ.

کاتێک شۆڕشی ئەیلول تووشی هەرەس دێت، ئازاد مستەفا و چەند هاوبیرێکی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرەس و دوای ئەوەی کاری کاژیک لە کۆنفرانسی نەغەدەدا سڕکرا، لە 11ی ئەیلولی 1975 لە شاری کەرکووک پارتێکی نەتەوەیی دادەمەزرێنن بەناوی پارتی سۆسیالیستی کورد کە بە (پاسۆک) نێوبانگی دەرکرد. پاسۆک کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسانی کردە دروشمی خۆی، پێشمەرگەکانی پاسۆک چیاکانی سورێن و شێنێ و پیرەمەگروون و قەندیل دەکەنە پشت و پەنای خۆیان.

پێش ئەوەی بچێتە شاخ بەهۆی ئەوەی کە چەند ئەندامێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەگیرێن و یەک دووانێکیان ئیعتراف دەکەن، لەناو شاری سلێمانیدا دەیان کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە دەگیرێن، بەهۆی ئەوەی ئازاد مستەفاش لەو کاتەدا لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵە وەکو شەهید ئارام ئاشنایەتی دەبێت، لە ساڵی 1977 لەسەر کارەکەی خۆی لە تاقیگەی ناوەندیی سلێمانی لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی هیشام دەگیرێن.

هیشام تاهیر، چیرۆکی گرتنی خۆی و ئازاد مستەفا لەلایەن دەزگاکانی بەعسەوە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: " 1977/5/4 هێزەکانی بەعس چواردەوری ئەو شوێنەیان گرت کە من و کاک ئازاد کارمان تێدا دەکرد. سەرەتا کاک ئازادیان گرتبوو، هێنابوویان بۆ بەردەم ئەو تاقیگەیەی کە من کارم تێدا دەکرد. کاتێک بانگیان کردم و سواری ئەو شۆڤەرلێتەیان کردم کە کاک ئازادیشی تێدا بوو، هەردووکمانیان بەیەکەوە کەلەپچە کرد و بردیانین بۆ بارەگای ئیستیخبارات. ئەگەرچی ئێمە لە دوو ڕێکخراوی جیاواز کارمان دەکرد، بەڵام خاڵی هاوبەشمان لەنێواندا هەبوو، پەیوەندییەکی دۆستانەمان لەگەڵ کاک ئازاد هەبوو. لە زیندان هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان داین، کاک ئازاد مرۆڤێکی خۆڕاگر بوو، لەگەڵ ئەوەی کە شایەتی بەسەرەوە بوو، بەڵام بەعسییەکان هیچیان لێ هەڵنەکڕاند. کاک ئازاد کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر، نووسەرێکی کارامە و وەرگێڕێکی باش بوو. کەسێک بوو دەیتوانی قەناعەت بە بەرامبەرەکەی بکات، هەربۆیە چەند کەسێک کە لە زیندان ئازاد بوون، فکریان بەتەواوی گۆڕا".

هیشام تاهیر باسی سەرگوزشتەیەکی خۆشی خۆی دەکات: "کاتێک لە هەیئەی کەرکووک بووین، ڕۆژێکیان گوتم کاک ئازاد شیعرێکم بۆ هاتووە، نە قەڵەم هەیە و نە کاغەز، چی بکەم؟ کاک ئازاد و دکتۆر ساجد گوتیان کاکە بیخەرە ئەو تەنەکەی خۆڵەوە، چونکە شیعر لێرە بەدەردمان ناخوات".

پاسۆک، پارتێکی بە جەماوەر و قەبارە بچووک بوو، لەڕووی داراییەوە هەژار بوو، بەڵام زۆر لەوانەی مێژووی سیاسی ئەو سەردەمەیان نووسیوەتەوە، دەڵێن پاسۆک پارتێکی خاوەن کاریگەریی فیکری بوو. بۆ لێدانی دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان، هاوکاری دەوڵەتێکی دیکەی نەدەکرد. بە گوتەی ئەندامانی پاسۆک، لەو ڕۆژگارەدا کە ئاڵای کوردستانیان بەرزدەکردەوە، زۆربەی حیزبە کوردییەکان گاڵتەیان پێدەهات و دەڵێن ئەوان خوێنی منداڵی کوردیان دەکردە قوربانی و دەیانڕژاندە کاسەی دیموکراتی بۆ عێراقەوە.

ئەوکاتەی ئازاد مستەفا لە زیندان دەبێت، یەکەمین مەفرەزەی پاسۆک لەژێر بەرپرسیارێتی جەلالی حاجی حوسێن دەستدەکات بە خەباتی چەکداری. هۆشیار فەقێ حەسەن مامە کە خۆی پێشمەرگەی یەکێتی بووە، گەواهی ئەوە دەدات کە پاسۆک دەوری هەبووە لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی دوای هەرەسدا.

هەرچەندە ئازاد مستەفا پێشمەرگەیەکی گیرفان بەتاڵ و هەتاوگەستە و سەرمابردوو بوو، بەڵام سەرکردەیەکی شێردڵ، نووسەرێکی بە وره، ئاوەزقووڵ، مرۆڤدۆست و تاوەکو سەرئێسقان کوردستانی و کوردپەروەر بووە. هەربۆیە بەرگەی ئەشکەنجەی زیندانەکانی بەعس دەگرێت لە کوردستان و ئەبوغرێب.

لەعلی عەلی، خێزانی ئازاد مستەفا، بە سەرپۆشێکی سپی و جلی کوردییەوە لەسەر گۆڕەکەی ئازاد بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە. ئەگەرچی خەمبارانە قسەی دەکرد، بەڵام بە زەردەخەنەیەکەوە باسی هاتنەخوازبێنی خاڵۆزاکەی دەکرد کە باوکی لەعلی زۆری خۆشدەویست، بۆیە کوردەواری گوتەنی بەجلی بەریەوە پێشکەشی دەکات، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە ژێر بەژێر لەگەڵ خاڵۆزاکەیدا یەکتریان خۆشدەویست. وەکو خۆی دەڵێت، ژیانی هاوسەرییان بەسەریەکەوە چەند ساڵێکی کەمی خایاندووە، ئاخر ئازاد یان لە زیندان بووە یان لە شاخ.

ئازاد مستەفا وەکو زۆر لە ئەندامەکانی کاژیک و پاسۆک نهێنی پارێز بووە، هەربۆیە هیچ کاتێک باسی ئەوەی بۆ خێزانەکەی نەدەکرد کە خەریکی کاری سیاسییە. بەڵام لەعلی دەڵێت: "دەمزانی ئازاد خەریکی کاری سیاسییە، چونکە هەمیشە درەنگ دەهاتەوە و تەنانەت بیرم نایەت ئەو پیاوەی من جارێک لە ماڵی خۆمان ڕیشی خۆیشی تاشیبێ. ئەو ڕۆژەی هەواڵی گرتنیان پێدام، بەلامەوە چاوەڕوانکراو بوو، خوا غیرەتی دامێ و هەموو نامە و بەیاننامەکانیم سووتاند و دایکیشم کتێبەکانی بردە ماڵی خۆیان، چونکە ئازاد هیچی پێنەگیرابوو، ترسی ئەوەمان هەبوو بەعسییەکان بێنە ماڵەوە و دەست بەسەر شتە قەدەغەکراوەکاندا بگرن".

لەدرێژەی گێڕانەوەکەیدا باسی ئەوکاتەی دەکرد کە ئازاد مستەفا لە زینداندا دەبێت: "هەستم دەکرد ئازاد دەیەوێت شتێک بدرکێنێ، ئەوە بوو پێیگوتم: "لەعلی دەزانی چەند ساڵ حوکم دراوم؟ گوتم چەند؟ بە بزیەکەوە گوتی 10 ساڵ! یەکسەر بە زەردەخەنەیەکەوە پێمگوت: "ئۆخەی ئازاد گیان، هیچ نییە، پێچی مێزەرێکە. هەرچەندە لە ناخەوە هەژابووم، بەڵام دەمویست دڵنەوایی بدەمەوە، چونکە تازە کار لە کار ترازابوو".

یەکڕیزی کورد یەکێک بوو لە ئامانجە هەرە گەورەکانی ئازاد مستەفا، بۆیە هەمیشە دەیگوت "تا ملکەچی یەکینەخستووین با بۆ ئازادی یەکبگرین". کتێبێکیشی بەناوی (بەرەی کوردستانی)یەوە نووسی.

دوای ئازادکردنی، ماوەیەک دەچێتە شاری هەولێر و دەیەوێت خۆی لەبەرچاوان ون بکات، ئەگەرچی هاوبیرەکانی زۆری لێدەکەن کە بچێتە دەرەوەی وڵات، بەڵام ئەو لەو کاتەدا بە نامەیەک وەڵامیان دەداتەوە و تێیدا دەڵێت "تۆز لە ئاو هەڵناستێت و پیاوەتی لە نامەرد ناوەشێتەوە، بۆیە ئێستا من ئەو نامەردەم".

دوای شەهیدبوونی فەرهاد خەفاف، ئازاد مستەفا بڕیار دەدات بچێتە شاخ، لەعلی عەلی خێزانی کە برایەکیشی شەهید بووە دەگێڕێتەوە: "چاوەڕێی ئازادم دەکرد بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، خواردنم بۆ ئامادەکردبوو، بەڵام هەر نەگەیشت. ئەوەبوو شەهید بێستونی برام خۆی کرد بە ماڵماندا و پێیگوتم با نامەیەکی کاک ئازادت بۆ بخوێنمەوە، تێیدا باسی ئەوەی کردبوو کە چووەتە شاخ و ئیدی دەبێت تۆ ئاگات لە منداڵەکان بێت. ئەوەبوو تا یەک دوو ساڵ ئازادم نەبینییەوە".

محەمەد مستەفا کە پاشان بە ئازاد مستەفا ناوبانگ دەردەکات، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە گەڵاڵەکردنی بیری نەتەوەییدا. لەبارەی هەڵبژاردنی نازناوی ئازاد و ئەو ڕۆژەی چووە بۆ شاخ لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت: "کە بەرەو گوندی شێنێ دەچووین، کاک فەرهاد بە فسکە پێیگوتم: با هەریەکەمان ناوێک لە خۆمان بنێین و بەو ناوە بانگمان بکەن، گوتم باشە! لەو چرکە ساتەدا لە خۆوە ناوی (ئازادم) بەبیردا هات! هەرچەندە ناوی حیزبیم عەلی بوو، کۆڵێک دڵم بەو ناوە خۆش بوو، لەگەڵ تێڕوانینی فکریمدا ناوی دوو عەلی زۆر دەگونجا: ئیمامی عەلی کە بەلای منەوە گەورەترین شەخسیەتی مێژووە و شێت و شەیدای سیرەت و شەخسیەتیم و کەس ئەوەندەی ئەو کاریگەری لەسەرم دانەناوە. دووەمیان خاڵە عەلیم بوو کە هەرچی شەهامەت و شەخسیەتی نموونەیی و ستانداردی کوردی هەبوو لەودا دەمبینییەوە. کێ دەڵێت لەوکاتەدا هاتنی ناوی ئازاد لە ژێر تین و تاوی ئەعجابم نەبووە بە شەهید (ئازادی مەلا محەممەد) کە من بە پاڵەوانی موعجیزەی هەیئەی کەرکووکی دەزانم و لەکاتی گرتنمدا پێکەوە بووین".

زۆربەی ئەوانەی کە پێشمەرگە بوون لەگەڵ ئازاد مستەفا، گەواهی بۆ سادەیی، دڵسۆزی و نیشتیمانپەروەریی ئەو پیاوە دەدەن. خالیدی پاسۆک کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئازاد مستەفادا پێشمەرگە بووە، باسی سەرەتای بینینی ئازاد دەکات: "ساڵی 1983 لە چیای سورێن سەردانی سەرکردایەتی پاسۆکم کرد، کاک ئازاد زۆر بەڕێزەوە بەخێری هێناین و باسی کوردایەتی و بیری نەتەوەیی بۆ دەکردین، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دانام و بڕیارمدا ببمە پاسۆک. کاک ئازاد دەیویست قوتابخانەیەکی بیری نەتەوەیی دامەزرێنێ، ئەو پێیوابوو کە هێزی چەکداری پاسۆک تەنیا بۆ پارێزگاری ئەوانەیە کە لەناو شارەکاندا جێگایان پێ لێژ دەبێت و ناچاردەبن بێنە دەرەوە. کاک ئازاد کەسایەتیەکی سادەی هەبوو، هیچ کاتێک وەکو سکرتێرێک مامەڵەی نەدەکرد، تەنانەت جارێکیان پێمگوت "حەزم لە کچێکە، بەڵکو نامەیەکم بۆ بنووسیت، چونکە من خۆم دەستی نووسینم نییە. ئەوە بوو نامەیەکی جوانی بۆ نووسیم.. کە خوێندمەوە گوتم کاک ئازاد، جا ئەم نامەیە بدەم بە هەرکچێک حەزم لێدەکات. دوایی کە بینیمەوە لێی پرسیم ئەرێ نامەکە کاری خۆی کرد؟ گوتم بەخوا کاک ئازاد نامەکەم نەدا بە کچەکە، نەموێرا، هەرکارێکی سەربازیم پێ بسپێرن دەیکەم، بەڵام بەخوا بۆ ئەوەیان غیرەتم نەبوو".

دوای ژیانێکی سەختی پێشمەرگایەتی، ئازاد مستەفا کە هەموو ژیانی خۆی و خێزانەکەی بۆ کردە قوربانی، بەڵام نەخۆشی شێرپەنجە چنگیان لە جەستەی ئەو پیاوە گیرکرد و ناچاربوو بۆ دوایین جار بۆنی خاکی کوردستان بکات و ڕوو لە هەندەران بکات، تاوەکو لە 1989/3/19 لە سوێد بە حەسرەتی کوردستانێکی ئازاد و یەکسانەوە، دڵی لە لێدان کەوت.

یەکێک لە هاوبیرەکانی دەڵێ، پەرستارەکانی نەخۆشخانەی کارۆلینیسکا دەیانگوت "ئەو مرۆڤە زۆر بە ورەیە و نایەوێ بمرێت".

تەرمی ئازاد مستەفا لەلایەن هاوبیرەکانیەوە هێنرایەوە بۆ باشووری کوردستان و لە گوندی (زەڵێ) بەخاک سپێردرا، ئینجا لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لەژێر سێبەری ئەو ئاڵایەی کە خولیای بوو بە ئازادی بشەکێتەوە، جارێکی دیکە لەگۆڕستانی گردی سەیوان نێژرا.

مامۆستا عەلی سام ئاغا، کەسایەتی نەتەوەیی و ئەندامی پێشووی کاژیک دەربارەی ئازاد مستەفا دەڵێت: "ئەگەر ئەو نەخۆشییە زەفەری پێنەبردایە، وەک چۆن فیختە ڕەمزی ئەڵمانیەکانە، ئازادیش دەبوو بە ڕەمزی کورد".

زۆربەی ئەوانەی ئازاد مستەفایان ناسیوە، شایەتی بۆ کوردپەروەری و نیشتیمانپەروەریی ئەو مرۆڤە دەدەن، چ لە زیندان و چ لە ناوشار و چ لە شاخ، یەکڕیزی کورد ئامانجی سەرەکی بووە، هەربۆیە زۆر جار بە هاوبیرەکانی خۆی دەگوت: "لەبەینی خۆت و پاسۆکدا، پاسۆک هەڵبژێرە، بەڵام لەبەینی کورد و پاسۆکدا، کورد هەڵبژێرە".









ئەدیب ئەلەمکلومی

## دۆخی دژواری ژنان

# فیقهی نێرسالاری و فیکری کەهەنووت

لەسەر دۆخی دژواری ژنان و تیرۆرکردنی داینەمۆی کۆمەڵگە، من لێرەدا بۆیە بە بناغە و "داینەمۆی کۆمەڵگە" وەسفم کردووە نەک بەوەی کە باوە "نیوەی کۆمەڵگە"، چونکە ئافرەت گەر نیوەی کۆمەڵگە بێت بێگومان دایک و بێشکەی نیوەکەی دیکەشە، کەواتە چ واتا و مانایەک لێرەدا بۆ "نیوەی کۆمەڵگە" نامێنێتەوە. لەبەر ئەوە ئەولەویەت لەهەردوو حاڵەتدا بۆ ئافرەتە و (بناغەی کۆمەڵگە) گوزارشتێکی پڕ بە پێستی رەگەزی مێیینەیە.

لە ئەڵقەی پێشوودا گوتمان ئەوەندە بەسە بۆ ئافرەت کە خودا بە (زهرة الحياة الدنيا) لە قورئاندا وەسفی کردووە و لەهەمان ئەو "نەفس"یەش بەدیهێناوە کە باوکە ئادەمی لێ خەلق بووە. (وخلق منها زوجها). کەواتە هیچ جیاکاری و فەزڵێک لەنێوان ئەو دوو رەگەزەدا نییە لە خیلقەت و بیرکردنەوەدا، بۆیە جیاکاری لەسەر بنج و بناوانی رەگەزی ستەمکردنە لە ژن.

کە دەڵێن دەبێت ژن بزانێت ئەرکی چییە ئینجا باس لە مافەکانی بکات، سەنگی ئەم گوتەیە لە رێبازی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەمدا باوی نەماوە، چونکە ئەرکەکان زیاتر پەیوەندییان بە توانست و داهێنانی عەقڵەوە هەیە.

شکۆمەندی و شەرەفی (ژن) لە تەرازووی هەمان توحفەی (ئادەمی)دایە کە (عەقڵ و تەفکیرە). لە تاوان و هەڵە و لێخۆشبوون و پاکبوونەوەشدا پێکهاتەی کێشی هەمان تەرازووە. پەندێک هەیە دەڵێ: (پیاو بە "تاوان" سووک نابێت بەڵام ژن پێی سووک دەبێت) پەندەکە بە شێوازێک گوتراوە، مرۆڤ شەرم دەکات وەک خۆی بیگێڕێتەوە لەبەر مەقام! ئەم پەندە لە عادات و تەقالیدی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئیبن روشدی فەیلەسوف راستی فەرمووە کاتێک دەڵێت: "بازرگانیکردن بە ئاینەکان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کە جەهل تێیاندا باڵادەستە و نەفامی لە لوتکەدایە، بازرگانییەکی پڕ سەوادە". فیکری کەهەنووت لەپەنای سوڵتان و تەلمودەکەیدا، عورفی تەبەقی و جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەز و بە شەرم و شەهوەت و عەورەت سەیرکردنی ئافرەتی هێنایەکایەوە، ئەوان ئەو روانین و فیکرە تەسەڵوتیەیان دژ بە ژنان بەرهەمهێنا. کۆمەڵگەش بەگشتی گوێڕایەڵی بوو تا بوو بە دین و عورفی "رەسەن" و ئادابی گشتی. لێرەوە ئافرەت بوو بە عەیبە و عەورەت و "حورمە!".

لە ئەڵقەی پێشوودا سەردە باسێکی کورتی مێژووییم کرد، وەک دەستپێکێک بۆ چوونە نێو کرۆکی ئەم بابەتە، باسی (کەلەپورپەرستەکان و مۆدێرنیستە نەدیتکەکان)م کرد کە یەکەمیان دەقی مێژوویی و ریوایاتەکانی تەلمودی "بوخاری و موسلیم" دەپەرستێ و بە پیرۆز سەیریان دەکات و بە موقەددەسیان دەزانێت و ئەوی دیکەیان کۆپیکەرەوەیەکی بێتامی کوێرانەی فیکر و کەلتووری رۆژئاوایە بۆ شرۆڤەکردن. خۆم بوارد لە گوزارشتی "غەربزەدەکان" بەڵکو چەمکی "مۆدێرنیستە نەدیتکەکان"م پێ پڕاوپڕتر بوو، چونکە نە لە رۆشنبیری و فیکری ئیسلامی شتێک دەزانن بەوەی کە یەک دوو کتێبێکی کۆن و دووانی هاوچەرخیشیان بە تەواوی ـــ باوەڕناکەم ـــ لەسەر ئیسلام خوێندبێتەوە، بەڵکو ناقیلی بێزارکەرن (لە خوێندنەوەی ئایەتەکانیشدا زۆر کلۆڵ و پەشۆکاون چجای تێگەیشتن لە فەحوا و فتوحات و نەفەحاتەکانی قورئان) ئینجا نە بە تەواویش هەزمی بناغەی مەعریفە و ئەساسی شارستانیەت و کەلتووری رۆژئاوایان کردووە، لەم نێوانەدا بوونەتە عاجباتی و خاوەن کەلتوورێکی سەقەت و زانستێکی هەژاری بێکەڵک بۆ خۆیان و دەوروبەریان، ئینجا خەتەرێکی گەورە بۆ سەر عیلم و مەعریفە و کەلتووری کورد، با لێرە بوەستم.

لەسەرەوە باسی ئەوەم کرد کە ژن، لەهەمان ئەو نەفسەی ئادەمی لێ دروستکراوە، بەدیهاتووە و رێزی لێنراوە. خودا بە عەزەمەتی خۆی گوێبیستی بووە وەک لە قورئاندا هاتووە ((قد سمع اللة قول التي تجادلك في زوجها وتشتكي الى الله)) خودا شەکواو ئاخافتنی ئەو ئافرەتەی بیست کە لەگەڵ تۆدا مشتومڕی بوو (ئەی موحەممەد) سەبارەت بە مێردەکەی. ئەو، شەکوای حاڵی بۆ لای خودا بەرز کردەوە.

ئەوەیە بەها و قەدری ژن، نەک ئەوەی لە ریوایاتی تەلمود دا دەیخوێنینەوە کە بە کەم عەقڵ و "کەم دین" لەکەدارکراوە و لە کەرامەتی دراوە.

لێرەوە گرنگینەدان بە قورئان و هەجرکردنی و تێنەگەیشتن لە ئایەتەکانی، سەرەڕای کەوتنە داوی تەلمود و تەفسیراتی کەڵەکەبووی بەسەرچوو، گەورەترین قەیرانی بۆ عەقڵی موسڵمانان دروستکرد کە بووە لوتکەی تراژیدیا و کارەساتەکانیان. زوڵمی گەورە لەمێژووی موسڵماناندا بەهۆی سوڵتان و واعیزەکان و فیکری کەهەنوتیەکانەوە بووە، دامەزرێنەرانی حەقیقی (تەلمودی موسڵمانان*) کە لە روانگەی تەفسیر و ریوایەتەکانی تەلمودەوە، خوێندنەوە بۆ ئایەتەکان دەکەن بەهۆی گرنگیدانیان بەو سەرچاوەیە. لەپاشان سەدان و هەزاران و بگرە ملیۆنان ئەحکامی شەرعی لەسەر ئەو بەناو (سەرچاوە)یە بنیاتنرا و دەنرێ. ئینجا وەک (دین) و (قورئان)یش بە پیرۆز سەیر دەکرێن و لەلایەن شەریحەی عەوامی خەڵکەوە پەیڕەو دەکرێن.

مۆدێرنیستە نەدیتکە کەم زانستەکانیش، "تەلمود"ی چەکی "بەرگری" موسڵمانانیان لەدەستگرتووە و وەک توحفەیەکی گرانبەها دژ بە دین بەکاریدێننەوە، گوایە ئیسلام مافی ژنی پێشێل کردووە و کەرامەتی لەکەدارکردووە، ئەوەتا دەقی دینی لەسەرە (ناقصات العقل والدين)! بەڵێ لە سایەی فیکری کەهەنووت و بە گوێرەی (فەرموودەکانی تەلمود)، یەکەم خیانەت، یەکەم سەرپێچی و خراپەکاری، ئافرەت کردوویەتی! کەواتە ئافرەت سەرچاوەی خیانەت و غەزەبی خودایە، چونکە یەکەم تاوان لە ئەزەلدا کە روویداوە لەسەر دەستی ئەو بووە بەوەی هانی (ئادەم)ی داوە لە "درەختی نەمری" بخوات، بۆیە ئافرەت سەرچاوە و هۆکاری وەدەرنانی مرۆڤایەتیش بووە لە بەهەشتدا!

سەرنجی بوخاری بدەن کە بە "أصح كتاب بعد كتاب الله" دادەنرێ و لەهەمانکاتدا یەکێکە لەسەوابیتە فیکرییەکانی (ئەهلی سوننە) کە قابیلی قسە لەسەرکردن نییە! لەوێدا هاتووە: عن ابی هريره عن النبی قال: (لولا الحواء لم تخن أنثى زوجها الدهر) متفق عليه "رواه البخاري في صحيحه في كتاب الأنبياء (3152) و (3218), و رواه مسلم في كتاب الرضاع باب: لولا حواء لم تخن أنثى زوجها الدهر (1470), و رواه الإمام أحمد في مواضع عدة من المسند". ریوایەتەکە دەڵێ: (گەر "حەوا" نەبووایە هەرگیز بە درێژایی رۆژگار هیچ ژنێک خیانەتی لە مێردەکەی نەدەکرد) پەیامی شاراوەی ریوایەتەکە دەڵێ: ژن وەک سەرچاوەیەکی خیانەتکار، هۆکاری گوناە و تاوان و دەرکردنی مرۆڤ بووە لە بەهەشت (خیانەت بە مانا باوەکەی نا، وەک خیانەتەکەی خێزانی لوت پێغەمبەر کە بە واتای خیانەتی عەقیدی بوو نەک خیانەتی هاوسەری). گوایە حەوا، ئادەمی هانداوە لە درەختەکە بخوات وەک سەرپێچییەک لەفەرمانی خودا.

ئەم ریوایەتەی (لولا الحواء) پێچەوانەی چەندین دەقی قورئانە و لەگەڵ تێکستە ئیلاهییەکان دژەگیر و ناکۆکە. هەڵوەستەیەک لەسەر ئەو چەند ئایەتە بکەن ئەوسا لە حەقیقەتی رووداوەکە تێدەگەن کە چۆن هەردووکیان بە (جووت) ئیشارەتیان پێدراوە لە مەقامەکاندا ((ولا تقربا هذه الشجرة)) ((فوسوس لهما الشيطان)) ((فدلاهما بغرور)) ((فلما ذاقا الشجرة)) ((وناداهما ربهما ألم أنهكما)) ((وأقل لكما)) ((قالا ربنا ظلمنا أنفسنا)) بەڵکو لە چەند شوێنێک راستەوخۆ باوکە ئادەم بە سەرپێچیکار دانراوە بەوەی کە پەیمانی لێوەرگیراوە نزیکی درەختەکە نەکەوێت، بەڵام ئەو پەیمانەکە لەبیر دەکات. لە پاشان داوای لێخۆشبوون دەکات ((ولقد عهدنا الى ادم من قبل فنسي ولم نجد له عزما)) ((فوسوس اليه الشيطان...)) ((وعصى آدم ربه فغوى)) ((ثم اجتباه ربه فتاب عليه وهدى))، ئایەتەکان رێک دژ بە دەقە هەڵبەستراوەکەی (لولا الحواء)ن کە لە حەیسیاتی حەدیسە هەڵبەستراوەکەدا بانگەواز بۆ شەیتانیبوونی (ژن) دەکات! وەک سەرپێچییەکەی ئیبلیس لەفەرمانی خودا و فیزکردنی بەسەر ئادەمەوە. بە وردی سەرنج لەو لێکچوونەی نێوان (شەیتان و ژن) بدەن: لە کاتی چوونە حەجدا شەیتان بە بەرد رەجم دەکرێ، بەڵکو بە "دارلاستیک" و تەنانەت تاکە نەعلیشی ئاراستەکراوە، بەهەمان شێوە لە کاتی زیناکردنی ژنی بە مێرد، دەبینین بەوپەڕی وەحشیگەرییەوە بە بەرد رەجم دەکرێ! خۆم چەندین دیمەنی واقیعی و مەشهەدی تراژیدی جەرگبڕم بینیوە لە ئینتەرنێتدا لەکاتی رەجمکردنی ئافرەت، دیمەنەکان ویژدان دەهەژێنن، تەحەمولیان دەوێ تا کۆتایی بەدیاریانەوە بیت. ئەم وەحشیگەرییە لە رەحم و بەزەیی و جوانی و سەماحەتی ئیسلام و تەعالیمە مەزنەکانی دوورە.

سەرنج بدەن چۆن "ژن و شەیتان" وەکو یەک رەجم دەکرێن، واتە ژن وەک ئەهریمەن تەماشا دەکرێ و بە شەیتان شوبهێنراوە. باوەڕ ناکەم تا ئێستا پیاوێکی بە ژن لەسەر زیناکردن رەجم کرابێت! چیرۆکی (ماعز و غامیدیە)ش درامایەکی ئەفسانەیی هەڵبەستراوی خەیاڵاتی ئومەوی و عەباسیەکانە و دوورە لە راستییەوە! لە کاتێکدا نە رەجمی شەیتان لە حەج و نە رەجمکردنی ژن (بگرە لە وڵاتی مندا کچ بە تەور و تەڵقە لەسەر یەک نوکە کۆتایی بە ژیانی دێت. ئەمە نیشانەی "شەرەف و شەهامەت"ە لەناو کۆمەڵگە خێڵەکییەکاندا!) لەسەر زینا لە تەشریعاتی قورئاندا بناغەیەکیان نییە و هەردوو حوکمەکە لە ئیسرائیلیات و ریوایاتی تەلمودەوە وەرگیراون. ئەو حوکمە هەمەجییە (رەجمکردنی ئافرەت لەسەر زینا) ئاخۆ رەگی لە کوێوە هاتووە؟ لە ئەڵقەیەکدا دەپەرژێمە سەر ئەم باسە. بەهەمان شێوە رەجمکردنی شەیتان لە حەج بەهیچ شێوەیەک لە قورئاندا باسی لێوە نەکراوە. بەڕاستی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەم تەوەرانە: ئاخۆ بۆچی لە قورئاندا حوکمی (جەڵد) بۆ (زینا) باسکراوە بەڵام باسی (رەجم) نەکراوە؟ بۆچی بچوکترین شەعیرەی حەج کە (حەلقی قژی سەرە) باسکراوە، بەڵام ئاماژەیەک بۆ بەناو روکنی (رەجمکردنی شەیتان) نەکراوە؟! لە ئەڵقەیەکدا تیشک دەخەمە سەر ئەو تەوەرەیەش.

رەتکردنەوەی رەجمکردنی شەیتان بەواتای دیفاعکردن نییە لە (شەیتان)، چونکە ئەو بە نەفرەت کراوە تا رۆژی دوایی. بەڵکو ئەمە تەبرئەکردنی دینە لە خوزەعبەلات. هیوادارم ئەمە روون بێت.

دیارە بە لەخشتەبردنی باوکە ئادەم لەلایەن دایکە حەواوە، ژن سەرگەردان بووە، چونکە بووەتە مایەی نەهامەتی و شەڕو شۆڕ و (شووم) لەسەر زەوی!

کاتێک لە ئایەتەکان رادەمێنین ئەم حەقیقەتە خۆی بەیان دەکات کە دایکە حەوا و باوکە ئادەم هەردووکیان لێیان قەدەغە کرابوو نزیکی درەختەکە بکەون، لێ راستەوخۆ (ئادەم) بە سەرپێچیکار دانراوە (ئەمە رێک دژ بەو فکرەیە کە دەڵێ حەوا ئادەمی لە خشتەبردووە و سەرپێچییەکەی بەو کردووە. ئەمە بۆ ئەوە گوتراوە تا بە چاوێکی سووک سەیری ژن بکرێ و بڵێن ئاینی ئیسلام زوڵمی لێکردووە و مافی ئافرەتی پێشێل کردووە وەک تانەدانێک) لەپاشان ئادەم تەوبە دەکات و پاک دەبێتەوە، شکۆدار و پایە بڵند دەبێت لەلای خودا ((ثم اجتباه ربه فتاب عليه وهدى)). کە لە ریوایەتەکەی (لولا الحواء) یش ورد دەبینەوە، دەزانین چ زەرەر و زیان و ستەمێکی گەورەمان لە پەیام و خودی پێغەمبەرەکەی کردووە. ئەوساکە هەستی لەکەداریمان دەبزوێت کە بەڵێ ستەمێکی نارەوامان تەنانەت لە خودی ئافرەتیش کردووە بەوەی یەکەم تاوانی دراوەتە پاڵ بەناوی دینەوە، هەروەها بووەتە سەرچاوەی خراپەکاری و تاوان و گوناه لەسەر زەوی. ئیدی چۆن بە چاوێکی سووک و عەیبە و عەورەت و "حورمە" سەرنج نەدرێ؟ من قسە لەسەر واقیعی رۆژهەڵات بەگشتی و وڵاتە بەناو ئیسلامییەکان بەتایبەتی دەکەم. نامەوێ لێرەدا دوور بکەومەوە، چەندان فەرموودەی هەڵبەستراوی دیکە هەن لەچەشنی: (ما ينبغي لأحد أن يسجد لأحد ولو كان أحد ينبغي أن يسجد لأحد لأمرت المرأة أن تسجد لزوجها لما عظم الله عليها من حقه) شوعەیب ئەلئەرنەئوت دەڵێ: حديث صحيح إسناده حسن.

نەفسی ریوایەت (لو أمَرْتُ أحدا أن يَسْجُدَ لأحد لأمَرْتُ المرأةَ أن تَسْجد لزوجها من عظم حقّه عليها) بەطويرَةي مالِثَري (الدرر السَنِية) بەگوێرەی ماڵپەڕی (الدرر السنيه) کە تایبەتە بە (ریوایات و فەرموودەکان) سەحیح کراوە. شێخ ئەلبانیش زۆربەی ئەو ریوایەتانەی کە بەمشێوە هاتوون سەحیحی کردوون. ئەم ریوایەتە شیعە و سوننە بە چەندین رێگەی لەیەک نزیکەوە گێڕاویانەتەوە و بە فەرموودەیەکی راست و سەحیحیان داناوە. سەرنجی کتێبی (الكافي ــ للكليني ج 5 ص 507)بدەن، سەنەدی ئەو بەناو فەرموودەی سەحیح کردووە ــ هەروەها تەماشای پەرتووکی (من لا يحضره الفقيه ــ شێخ سەدوقي ج 3 ص 438) بکەن ئەویش دەڵێ سەنەدی سەحیحە).

پێم غەدرە و لەسەر دڵیشم گران ئەم "ریوایەتە تەلمودیە" بکەمەوە کوردی، چونکە شوورەیی و "عار"ە بە کوردی کردنەوەی ئەم تێکستە کەهەنوتیە باوک/ نێرسالارییە، بێگومان بۆ تەحقیرکردن و چەوساندنەوە و تێرکردنی شەهوەت و نەهەمی سێکس و نەشوە و نەزەواتی بێ سنووریان ئەم (تێکستە) بەڕادان دراوە! پێغەمبەری خودا بەریئە لەو خوزەعبەلات و توڕاهاتە (سەڵات و سەلامی خودا لەسەر ئەو ئەزیزە مەزڵومە). ریواتەکە با نەشچووبێتە واری جێبەجێکردن و هەتا ئەگەر جێبەجێش نەکرابێ، گوایە لە مەقامی فەزڵ و گەورەیی پیاو بەسەر خێزانەکەیدا گوتراوە، بەڵام کاریگەری و کارتێکردن و کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە.

لە چەند وڵاتێکدا سوژدە بۆ دامەن و عەورەتی هەردوو رەگەز دەبردرێ کە لەسەر شێوەی بت دروستکراون، گوایە ئەمەش جۆرە شەعیرەیەکە و وەک تەقوسات تەماشا دەکرێ. من ئەو تەقوسات و تەقالید و عاداتە بەوەوە نابەستمەوە، بەڵام کارەسات ئەوەیە بۆچی ئەم ریوایەتە لەناو تەلمودی موسڵماناندا هەبێت؟! لەوە سەیرتر (ناسرەددین ئەلبانی) و چەند شارەزایەک لەبواری "فەرموودەناسی" بە سەحیحیان داناوە!

ریوایەتێکی دیکە هەیە : (استوصوا بالنساء خيراً فإن المرأة خلقت من ضلع أعوج، وإن أعوج ما في الضلع أعلاه... هتد)سەرنجی ئەم لینکە بدەن:

http://fatwa.islamweb.net/fatwa/index.php?page=showfatwa&Option=FatwaId&Id=18218

بێگومان فەرموودەیەکی سەحیحە چونکە بوخاری ریوایەتی کردووە! بە کورتی ریوایەتەکە دەڵێ: "ژن (مەبەستی لە دایکە حەوایە)، لە پەراسوویەکی فەلەج و خواری پیاو (مەبەستی لە باوکە ئادەمە)، دروستبووە!" سەرنج بدەنە پەراسووی خوار و فەلەج!.

لەفەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە (... عن أبي بكر قال: لقد نفعني الله بكلمة سمعتها من رسول أيام الجمل، بعد ما كدتُ أن ألحق بأصحاب الجمل فأقاتل معهم، قال: لما بلغ رسول الله أن أهل فارس قد ملكوا عليهم بنت كسرى، قال: "لن يفلح قوم ولّو أمرهم إمرأة") بەواتای: سەرناکەوێ ئەو هۆزەی یان ئەو گەلەی ژن بکاتە گەورە و چاوساغ و هەڵسوڕێنەری کاروباری خۆی لە ژیاندا! یان کە دەڵێ (إطلعت في الجنة فرأيت أكثر أهلها الفقراء واطلعت في النار فرأيت أكثر أهلها النساء!).

هۆکارەکەشی، واتە هۆی زۆربوونی ژنان لەناو ئاگردا، یان بۆچی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی دۆزەخ ژنانن، گوایە لەم (فەرموودە)یەدا بەروونی وەڵام دراوەتەوە کە دەڵێ: عن أبي سعيد الخدري قال: خرج رسول الله في "أضحى أو فطر" الى المصلّى فمرّ على النساء فقال: (يا معشر النساء تصدّقْنَ فإني رأيتكنّ أكثر أهل النار) فقلن: و بم يا رسول الله؟ قال: (تكثرن اللعن وتكفرن العشير ما رأيت من ناقصات عقل و دين أذهب للب الرجل الحازم من إحداكن) قلن: وما نقصان ديننا وعقلنا يا رسول الله؟ قال: (أليس شهادة المرأة مثل نصف شهادة الرجل) قلن: بلى، قال: (فذلك من نقصان عقلها أليس إذا حاضت لم تصل ولم تصم) قلن: بلى، قال: (فذلك من نقصان دينها) ئەمە چ مەنتیق و چۆن بیرکردنەوەیەکە؟!

لە ریوایەتێکی موسلیمیشدا بەمشێوە هاتووە: (عن جابر بن عبدالله قال: شهدت مع رسول الله, الصلاة يوم العيد فبدأ بالصلاة قبل الخطبة بغير أذان ولا إقامة ثم قام متوكئا على بلال فأمر بتقوى الله وحث على طاعته و وعظ الناس وذكرهم ثم مضى حتى أتى النساء فوعظهن وذكرهن فقال: "تصدقن فان أكثركن حطب جهنم" فقامت إمرأة من سطة النساء سفعاء الخدين فقالت: لم يا رسول الله؟ قال: "لأنكنّ تكثرن الشكاة وتكفرن العشير" قال: فجعلن يتصدقن من حليهن يلقين في ثوب بلال من أقرطتهن وخواتمهن).

لەمە تراژیدیتر و باڵاتر دەبێ چی بێت؟! "خێرات بکەن چونکە زۆربەتان پووش و پەڵاشی دۆزەخن!" بە کوردی کردنەوەی ئەم ریوایەتانە تەنیا کات بەفیڕۆدانە وەک کیبریتی فرسەت لەدەستدایەکەی (مەحوی)، کە مایەی حەسرەتە کاتێک (کاتی زێڕینی) خۆمان بەم "فیاسکۆخانە"یە بەسەربەرین.

بێ سڵەمینەوە دەڵێم، ئەوپەڕی نەنگی و لەکەدارییە بۆ زانا و مەلا و (فەرموودەناسان)، تەرجەمەکردنەوەی ئەم کارانە بە عیبادەت تێبگەن (مەبەست لە بە کوردی کردنەوەی ئەو ئابڕووبردنەیە "فەزیحەتی ریوایات") ئەم کارە نەنگییە بە تەوێڵیانەوە، چونکە بەمە زوڵمێکی گەورە لە خودی ئیسلام و لە پێغەمبەریشی دەکەن لەرێگەی ئەم ریوایەتە درۆینانەوە جا با هەزار جار لە (بوخاری) و (موسلیم) دا هاتبن. ئەمە تەشویهکردنی سورەتی ئیسلامە و جێبەجێکردنی ئەجێنداکانی تەوراتی مونحەریفە، مەشروعی "عەهدی قەدیم" و "عەهدی جەدیدە" لەبەرگی "کەعب" و ریوایاتی تەلمودی "ئەحبار"دا.

سەرنجی ئیمام نەوەوی و حافیز ئیبن حەجەر و ناسر سەعدی و ئەلبانی و عوسەیمین و کێ و کێ بدەن لەمەڕ شرۆڤەکاری و راڤەکردنی ئەم فەرموودە هەڵبەستراوانە، ئەوسا دەزانن چ بەلوا و ناسۆر و بەڵایەک کەڵەکەی کردووە لەناو توراسدا کە وەک گێژەڵووکە و گەردەلولێکی توند گەمارۆی موسڵمانانی داوە لەچەندین لاوە! ئەوساکە هەست بە مەسافەی دووری نێوان ریوایات و ئایەتەکانی قورئان دەکەن کە چۆن موسڵمانان و زاناکان شوێنکەوتەی (تەلمود) و گیرۆدەی ریوایات بوونە بێ ئەوەی هەستی پێبکەن و بەوە بزانن کە بوونەتە کۆیلەی "سەحیحی" بوخاری و پردی پەرینەوەی (تەلمود).

ئیدی لەو دیدگا شێواوانەوە، سەیری رەگەزی مێیینە دەکرێ و خوێندنەوەی بۆ دەکەن. بە گرنگییەوە سەیری رێنماییەکان و تەعالیمەکانی کتێبی خودا نەکراوە بۆ تاوتووکردنی بابەتەکان، بەتایبەتی کێشە و دۆخی دژواری ژنان، بەڵکو پشتگوێ خراوە. شەکوانامەکەی پێغەمبەر لەسەر موسڵمانان لەرۆژی مەحشەردا باشترین گەواهیدەرە ((وقال الرسول يا رب ان قومي اتخذوا هذا القرءان مهجورا)). تکایە چیتر پەڕەکانی قورئان بە بیانووی سەردەم و دامەنی تەلمود، ون مەکەن و مەبڕن! چونکە بە درومانی (کۆن) جلی (نوێ) و بیری نوێخوازی بەرهەم نایەت.

لە رۆژئاوا (تاک) بناغە و کۆڵەگەیە بەهۆی باوەڕبوونی پتەویان بە (ئازادیی رەها)، لێ لە ئەورووپای سەدە تاریکەکانی ناوەڕاستدا وەک رۆژهەڵاتییەکان، خێزان بە کۆڵەگە و بناغەی جڤاک دادەنرا نەک (تاک). لە وڵاتە بەناو ئیسلامیەکانیشدا بەهەمان شێوە، گوایە خێزان بناغە و کۆڵەگەی کۆمەڵگەیە. ئیدی بەهۆی بەرزکردنەوەی ئەرزشی (تاک) بەسەر نرخ و بەهای (خێزان) لە کۆمەڵگەی ئەورووپیدا، حاڵەتێکی نامۆ و ناتەندروست فەراهەم هات، ئەویش هەڵوەشانەوە و لەبارچوونی شیرازەی خێزانی بوو. لەولاشەوە داکۆکیکردن لەسەر رەوتی خێزان و بێ موبالاتی بە تاک و پشتگوێخستنی مافەکانی، بووە هۆی ستەم و دروستکردنی بیری دۆگما و دیکتاتۆریەت و سەرهەڵدانی کەلتووری باوی باوکسالاری و پەرەنمابوونی فیقهی سوڵتان و فەرهەنگی پیاوسالاران بەتایبەتی لە رۆژهەڵات و تایبەتیتر لە وڵاتە بەناو ئیسلامیەکاندا.

ئەو کەلتوورە، پشتئەستوورە بە تێکستی تەلمودی و دەقی دروستکراوی مێژوویی هەڵبەستراو کە رەخنە لێگرتنی یەکسانە بە دەرچوون لە دین و دیدی (باب و باپیران)، کەچی شەڕی گەورەی قورئان لەگەڵ ئەم بیرو دید و دین و فۆرمە بەسەرچووە ستۆکانەدایە. قورئان شەڕی گەورەی مەعریفی و فیکری لەمێژە راگەیاندووە دژ بە ناعەقلانیەت و نیزامی تەبەقی و تەمیزی عونسری و عورف و تەقالیدە باوەکان.

فەرموون بۆ وردبوونەوە لەو دەقە ئیلاهیانە:

((واذا قيل لهم اتبعوا ما انزل الله قالوا بل نتبع ما الفينا عليه آباءنا أو لو كان آباؤهم لايعقلون شيئا ولا يهتدون)) "البقرة 170"

((قالوا أجئتنا لتلفتنا عمّا وجدنا عليه آباءنا)) "يونس 78"

((قالوا وجدنا آباءنا لها عابدين)) "الانبياء 53"

((واذا قيل لهم اتبعوا ما انزل الله قالوا بل نتبع ما وجدنا عليه آباءنا)) "لقمان 21"

((قالوا بل وجدنا آباءنا كذلك يفعلون)) "الشعراء 74"

((بل قالوا انا وجدنا آباءنا على امة وانا على آثارهم مهتدون وكذلك ما ارسلنا من قبلك في قرية من نذير الا قال مترفوها انا وجدنا آباءنا على امة وانا على آثارهم مقتدون قال اولو جئتكم باهدى مما وجدتم عليه آباءكم قالوا انا بما ارسلتم به كافرون فانتقمنا منهم فانظر كيف كان عاقبة المكذبين)) "الزخرف 22 – 25".

((واذا قيل لهم تعالوا الى ما انزل الله والى الرسول قالوا حسبنا ما وجدنا علية آباءنا اولو كان آباؤهم لايعلمون شيئا ولا يهتدون)) "المائدة 104"

**ماویەتی...**

---

*** ئێمە چەندین "تەلمود"ی موقەددەسمان هەیە، تەعالیم و ئاداب و فەرمانەکانی وەک دین و عیبادات وەرگیراون و وەردەگیرێن. دەبینین کە چۆن لە ژیانی رۆژانەی موسڵماناندا، تەعالیمەکان بەرجەستە دەکرێن و پراکتیک کراون لەبری تەعالیم و فەرمایشتەکانی کەلامی موحکەمی خودا.**

> چیتر پەڕەکانی قورئان بە بیانووی سەردەم و دامەنی تەلمود، ون مەکەن و مەبڕن! چونکە بە درومانی (کۆن) جلی (نوێ) و بیری نوێخوازی بەرهەم نایەت

> نە رەجمی شەیتان لە حەج و نە رەجمکردنی ژن لەسەر زینا لە تەشریعاتی قورئاندا بناغەیەکیان نییە



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# دەبێ ئەردۆغان بکوژن

بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی خەڵکانێک کە شارەزای مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکیا نین و لە خۆوە قسەیان دەکرد، ئەمجارەش پارتی داد و گەشەپێدان هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی بردەوە. چینی کەمالیست و عەلمانیی تورکیا نائومێد و پەرێشان بوون. ئەوان وایاندەزانی کە ئەگەر فەتحوڵڵا گولەن و جەماعەتەکەی پشتی ئەردۆغان بەربدەن، ئەردۆغان پشتی دەشکێت، بەڵام مەیدانەکانی میتینگی ئەردۆغان (نالێم ئاکپارتی) نیشانی دا کە خەڵکێکی زۆر هێشتاش سەرباری هەموو شتێک خۆی لە ئەردۆغان بەخاوەن دەزانێت.

زۆر کەسم بینی لەو ماوەیەدا، لە ئیستانبوڵ و شوێنانی دیکە، دەیانگوت لەبەر هیچ نەبێ تەنها لەبەر جەسارەت و جورئەتی ئەردۆغان لە هەمبەر چارەسەری پرسی کورد دەنگی پێدەدەین. ساڵێکە نەیهێشتووە کەس خوێن لە لووتی بێت، کەس جەنازەی بۆ ناچێتەوە. ئەوە کەم نییە لە کاتێکدا کە حیزبەکانی دیکە بە بەدەپەشەوە پرۆژەیان بۆ چارەسەری پێ نییە. بۆ بەدەپە پرۆژەی بۆ چارەسەری پێ نییە؟ پرسیار رەنگبێ ئەوە بێت کە ئەدی ئەوە نییە داوای مافی کورد دەکات؟ بەڵام ئایا داواکردنی مافی کورد بەسە؟! نەخێر. لێرە دەبێ حیساب لەسەر سایکۆلۆژییەتی تورکیش بکرێت کە هەشتا بە دوژمنایەتی کورد و هەموو دەوروبەریان گۆش کراون. بۆیە ئەوەی ئەردۆغان کردوویەتی و دەیکات، تەنها چارەسەری کێشەی کورد نییە، بگرە چارەسەری کێشەی تورکیشە لە تورکیا.

تورکەکان لە تورکیا کێشەیان لەگەڵ هەموو شتێک هەیە، لەگەڵ حیجاب، لەگەڵ دین، لەگەڵ زمان و لەگەڵ نەتەوەی دیکە، ئەوان خۆیان پێ توێژێکی جیاوازی تورکیایە کە خاوەنن و ئەوانی دیکە میوانن. رەمزی سەرکەوتنی ئەردۆغان ئەوەیە کە ئەویش خۆی لە تورکیا میوانە و لە سایکۆلۆژییەتی میوان تێدەگات. ئەو میوانانەی کە بە درێژایی مێژووی تورکیا بەس خزمەتکار بوونە. لە هەموو شوێنێک کە پێویست بووبێت قوربانییان داوە، بەڵام دوایی لە دەستکەوتدا بوونەتە تەماشاچی. ئەردۆغان باش لەوە تێدەگات کە مانەوەی تورکیا بەو بەهایانەوە بەندە کە کۆمەڵگایەکی کۆزمۆپۆلیتان خاوەنیەتی. ئەو بەهایانەش بریتین لە زمان، ئایین، مەزهەب، نەتەوە و هتد... ئەوانەی رکابەریی ئەردۆغان دەکەن بێخەبەرن لەوەی کە هێشتا کۆمەڵگای تورکیا دوای چەندین دەیە بۆ کۆمەڵگایەکی یەکدەستی رۆژئاوایی تەحویل نەبووە. ئەوان لە شوێنە ئیلیت و پڕ زەرق و بەرقەکانی تورکیادا دەژین و ژیان بە پێوەری ئەوێ بنیاد دەنێن و بێخەبەرن لەوەی کە ئەوێ تورکیا نییە. ئەوێ تورکیایەکە کە ئەوان لە زەینی خۆیاندا دروستیان کردووە و تورکیای راستەقینە ئەو دەنگانەن کە بۆ ئەردۆغان دەچن.

ئەردۆغان (نەک حیزبەکەی) لەمڕۆی تورکیادا بێ ئەڵتەرناتیڤە و کەس نییە بتوانێ بەو جەسارەتەوە مل لەبەر ملی بنەما نەگۆڕەکانی کۆماری تورکیای سەردەمی ئەتاتورک بنێت. کەس ناتوانێ وەک ئەو هەم لەگەڵ پەکەکەدا دانوستاندن بکات و هەمیش بتوانێ سوپا بە هاوەڵ و لایەنگری خۆی بهێڵێتەوە.!

سەرکەوتنی ئەردۆغان لەم هەڵبژاردنانەدا چاوەڕوانکراو بوو، موفاجەئە نەبوو، چونکە ئەوانەی دژایەتییان دەکرد، تەنها چەکێک کە لەبەردەستیان بوو، ئەو هەڵانە بوو کە سەرۆکێک وەکو مرۆڤ دەیانکات.

لەمڕۆوە ئیتر ئەردۆغان دەستی پتر کراوەیە لەوەی کە هەم ئەوانەی نەیاری ئەون (نەک ئۆپۆزیسیۆن کە بەشێوەی یاسایی کاری خۆی دەکات) لەسەر رێگەی ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی و وڵاتەکەی لابدات و هەمیش هەنگاوی کاراتر بە دوو ئاراستەی چارەسەری پرسە مەزهەبی و ئیتنییەکان (کورد و عەلەوی) بهاوێت. بۆیە ئەم سەرکەوتنەی ئەردۆغان زۆر گرنگە، چونکە چارەسەری ئەم پرسانە لە تورکیا هاوکات کلیلی چارەسەری گەورەترە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەوانەی دژی ئەردۆغان و بیرو بۆچوونەکانین، ئیتر ئەو راستییەیان بۆ سەلما کە ناتوانن لە رێگەی شانتاژ و تۆماری دەنگی و هتد کۆتایی پێ بهێنن. تەنها شتێک کە لە دەستیان دێت ئەوەیە وەک چۆن تورگوت ئۆزالیان لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیا سڕییەوە، ئەویش ئاوا بسڕنەوە.



قەرەنی قادری

# حەسەنی رووحانی لە هەشت مانگدا

حەسەنی رووحانی هەر لە سەردەمی بانگەشەی هەڵبژاردندا، ئاماژەی بەدوو خاڵ دا کە زیاتر لە 30 ساڵە کۆمەڵگەی رەنگاوڕەنگی ئێرانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. رووحانی، چەندان جار "رەخنە"ی لە کەشوهەوای پۆلیسی و کەلتووریی ئێران گرت و بەڵێنی دا لە کاتی بەدەسەڵات گەیشتندا "کاری کەلتووری بەو کەسانە دەسپێرێت کە بواری ئەوانە". هەروەها ئەوەشی راگەیاندبوو کە "بێشک ئازادیی رادەربڕین و رەخنەگرتن مافی هەموومانە. هەر ئەو رێگەیە دەگرمە بەر کە رەفسەنجانی و خاتەمی گرتبوویانە بەر". "کرانەوەی دۆخی سیاسی و کەلتووری" و "نەهێشتنی دۆخی ئەمنی" لە ئێراندا، لە دروشمە سەرەکییەکانی بانگەی هەڵبژاردنی رووحانی بوون. هەر لەو کاتەدا رووحانی ئەوەی راگەیاند کە: "کرانەوەی دۆخ لە زەرەری هیچ کەسێک نابێت."

سەبارەت بە پرسی نەتەوە رەنگاوڕەنگەکانی دانیشتووی ئێرانیش، بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی "مافی قەوم، دین و مەزهەبەکان" لە 10 خاڵدا وەکو بەرنامەی کاری خۆی بۆ داهاتوو گەڵاڵە کرد. هەر ئەم بۆچوونانەی رووحانی بوون کە لایەنگرانی رەفسەنجانی و محەممەدی خاتەمی پشتیوانیی خۆیان بۆ رووحانی دەربڕی. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای ئەوەی کە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان هەڵبژاردنەکەیان بایکۆت کرد، بەڵام "ریفۆرمخوازە کوردەکان" پشتیوانییان لە رووحانی کرد، بەو مەبەستەی کە بەرنامە 10 خاڵییەکەی خۆی سەبارەت بە "قەوم"ەکان جێبەجێ دەکات. هەر ئێستا هەشت مانگ بەسەر حوکمڕانیی رووحانیدا دەرباز بووە، نە تەنیا هیچ کام لە 10 خاڵەکەی جێبەجێ نەکردوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لافاوی لەسێدارەدان لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر بووە، تەنەنات بچووکترین داواکاری "ریفۆرمخوازە کوردەکان"یش، واتە پۆستێکی باڵای حکومەتیشی بە کوردێک نەداوە. ریفۆرمخوازە ئێرانییەکانیش کە داوای "کرانەوەی سیاسی"یان دەکرد، بۆ ئەوانیش رەوتەکە پێچەوانە بوو. لە ماوەی شەش مانگ لە سەرکۆماریی رووحانیدا، زیاتر لە 200 کەس لە ئێران لە سێدارەدران کە ژمارەیەک لەوان، لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بێشک یەکێک لە پاشهاتەکانی لەسێدارەدانیش، برەودان بە ترس و تۆقاندن و کپکردنی داخوازییەکانە لە کۆمەڵگەی مینیاتۆریی ئێراندا.

چەند رۆژ بەر لە ئێستا، ئەحمەد شەهید راپۆرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران، لە دوایین توێژینەوەی خۆیدا باسی لەوە کرد کە لە ساڵی 2014دا، "لانیکەم 175 کەس لە ئێران لەسێدارە دراون". تەنانەت بان کی مۆن سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەوبارەیەوە دەڵێت: "چاپەمەنییەکانی ئێران، کاغەز یان ئینتەرنێت هەروا سنووردارن و بەر بە بڵاوکردنەوەی هەندێکیان دەگیرێت.

هەر ئێستاش لەسەر دەربڕینی بیروڕا، خەڵک زیندانی و دەستبەسەر دەکرێن. لە سەردەمی رووحانیدا، ژمارەی لەسێدارەدانەکان روویان لە زیادبوون کردووە". عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی ئێران لە وەڵامی بان کی مۆندا گوتی: راپۆرتی بان کی مۆن، لە رێکخراوی CIA و مووسادەوە وەرگیراوە. عەلی عەکبەر ویلایەتی راوێژکاری خامنەیی بۆ کاروباری نێونەتەوەیی دەڵێت: "بان کی مۆن داردەستی ئەمریکایە". ئەم چەشنە هەستیاری و وەڵامدانەوەیە نیشاندەری ئەوەیە کە کەشوهەوای ئەمنیی ئێران هەروا خەستتر دەبێتەوە. بێشک هۆکاریش بۆ ئەمە زۆر روونە. لە ماوەی هەشت مانگاندا، بەردەوام لەلایەن دامەزراوە بەهێزە مەزهەبییەکان و هەروەها لەلایەن خامنەییەوە، بە شێوازی جۆراوجۆر هێرش دەکرێتە سەر پرسی "کرانەوەی سیاسی و کەلتووری" لە ئێراندا. چەند رۆژ بەر لە ئێستا بوو کە خامنەیی لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەندامانی "مەجلیسی خیبرەگان"، "نیگەرانیی خۆی" سەبارەت بە پرسی فەرهەنگی دەبڕی و داوای لە بەرپرسانی فەرهەنگیی دەوڵەت کرد "بە لایەنی کەلتووریی ئیماندارییەوە سەرقاڵ بن و ئەوەشیان لەبەرچاو بێت کە بزانن چی دەکەن." بەڵام بەشێکی بەرچاو لە پایەبەرزەکانی ناو کۆماری ئیسلامی بە چڕی هەوڵی ئەوە دەدەن گرێی ئەتۆمی، دانوستاندنی ژێنێڤ و کێشەی ئابووریی ئێران، بکەنە پرسی سەرەکی و کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران بخەنە پەراوێزەوە. لەبەر ئەوە کۆنسێرڤاتیڤەکانی کۆماری ئیسلامی بە رێبەرایەتی خامنەیی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە کە چیتر ئیزن نەدەن دۆخی کۆماری ئیسلامی بۆ سەردەمی سەرکۆماریی محەممەدی خاتەمی بگەڕێتەوە. ئەم دۆخە ئاڵۆزەی ئێران، "ریفۆرمخوازە کوردەکان"یشی تووشی کێشە و بێهیوایی لە رووحانی کردووە، هەر لەبەر ئەوەیە کە پەنا بۆ هاشمی رەفسەنجانی دەبەن تا دەوری "ردێنسپی"یان بۆ بگێڕێت.

بەڵام "ریفۆرمخوازە کوردەکان" دەبێ ئەوە بزانن لە سەرووی حەسەنی رووحانییەوە، چەند دامەزراوەی مەزهەبیی بڕیاربەدەست و کەسایەتیی یەکلاکەرەوە هەن کە بە خێرایی بەر بە "کرانەوەی سیاسی" لە ئێراندا دەگرن. "ریفۆرمخوازە کوردەکان" ئەوەندەی بیر لە پرسی شیعە و سوننی و دانانی پارێزگارێکی کورد دەکەنەوە، ئەوەندە بیر لە لەسێدارەدانەکان و دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ نەهێشتنی کەشوهەوای پۆلیسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ناکەنەوە. هەروەها دەبێ ئەوەش باش بزانن کە سیاسەت لە کۆماری ئیسلامیدا، لەسەر دوو بنەمای مەزهەبی شیعەی سەفەوی "مەزهەبی رەسمی" و شۆڤینیزمی رەزا شا "ئێرانی یەک نەتەوە و یەک زمان" بەڕێوەدەچێت. ئەم دوو خاڵەش، دوو کۆڵەکەی سەرەکین بۆ دەسەڵاتێکی چڕی مەزهەبی و سیاسی لە ئێراندا.



عەدنان عوسمان

# هەمووی یان هیچ

## نە حکومەتی بنکە تەسک نە بنکە فراوان، بەڵکو حکومەتی رزگاری نیشتمانی

کەم میللەت هەیە لە جیهاندا وەکو کورد رووداوەکانی دووبارە بن، خۆ گەر پەندوەرگرتن لە دووبارەبوونەوەی رووداوەکان بووایە، دەبووا کورد لە پێشەوەی ئەو گەلانە بووایە کە هەڵەکانی دووبارە نەکردایەتەوە!

نە شێخی مەزن توانی سەرجەم و تەنانەت زۆرینەی خێڵەکان لەدەوری مەملەکەتەکەی کۆبکاتەوە، نە مەلا مستەفای بارزان.

سەرباری ئەوەی بەشێکی کاریگەری نوخبەی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان لەدەرەوەی مەرجەعیەتی ئەو سەرکردانە و شۆڕشەکەیاندا بوون، بەڵام بە تێکشکانی شۆڕشەکە، بۆ ساڵانێک جوڵانەوەی کوردایەتیش تووشی خامۆشی هات.

ئەم واقیعە دەبێت هەمیشە زەنگێکی مەترسی بێت بۆ هەموو لایەک کەوا ئاسەواری هیچ شکستێک لە بازنەیەکی بەرتەسکدا نامێنێتەوەو پریشکی بەر هەمووان دەکەوێت.

ئەم ساتەوەختەی کورد لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە تۆکمەکردنی بەرەی ناوخۆ و بەرپرسیاربوونی سەرجەم هێزە کاریگەرەکان لە نەخشەدانان بۆ چارەنووس و داهاتووماندا هەیە.

بارودۆخی سووریا و تورکیا، نزیکبوونەوەی هێزە تیرۆریستەکان لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، تێکچوونی بەردەوامی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و دەستبردنی ناوەند بۆ سزای ئابووری و نانبڕین و هەڕەشەی توندتر و ...هتد، ئەمانە بەشێکن لەو کێشانەی کاریگەری گەورەیان لەسەر ئایندەی کوردستان دەبێت و گەر بەرەی ناوخۆ لە چوارچێوەی ئیجماعێکی نیشتمانیدا رێکنەخرێت و هەموو لایەک بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێ و چارەنووسمان رادەستی مەجهول و سیاسەتی ئینفعالیانەی رۆژ بکەین، ئەوا بە دڵنیاییەوە رۆڵێکی ترسناکیان دەبێت لە ئاراستەکردنی رووداوەکاندا. لەهەر وڵاتێکی دیموکراسیدا، حکومەت یان رەنگدانەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردنە کە دەکرێت هێزە سەرکەوتووەکان پێکیبهێنن، یان چەند لایەنێک کابینەیەکی بنکە فراوان لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا پێکدێنن. واتە یان حکومەتی لایەنی زۆرینەیە یان زۆرینەی لایەنەکان.

بەڵام لەکاتی نائاسایی و دژواردا ئەو حکومەتانە ناتوانن وەڵامدەرەوەی بارودۆخەکە بن، بەڵکو پێویست بە حکومەتێکی فریاکەوتنی نیشتمانی دەکات.

ئەم جۆرە حکومەتە بۆ دوو مەبەستی سەرەکییە: یەکەم بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆیە لە رووی پلاندانان و گەشەپێدان و بوارە ئابووری و سیاسی و سەربازی و ئاسایشەکانەوە، دووەمیش بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان و تێپەڕاندنی قۆناغێکی دیاریکراوە.

لەم ساتەوەختەدا ئەوەندەی پێویستمان بە بەهێزکردن و بە دامەزراوەییکردن و یەکخستنی دەزگا گرنگەکانی کۆمەڵگا هەیە ئەوەندە نابێ بیر لە موحاسەسەی لایەنەکان بکەینەوە.

راستە هەر لایەنە بەگوێرەی قورسایی خۆی مافی لە پۆستەکاندا هەیە، بەڵام دەبێت ئەو پرۆسەیە بەشێک بێت لە یەکخستنی تواناکان و یەکڕیزیی لایەنەکان و بەرنامەی کاری هاوبەش.

پۆلیس، ئاسایش، پێشمەرگە ئەو سێکوچکەیە کە بەرەی ناوخۆ و دەرەوەمان بەهێز دەکات و سەرجەم ئایندەمان لەسەر توانایی و کاراییان دەوەستێت. هەر بۆیەش دەبێت لە چوارچێوەی حکومەتێکی تایبەتدا ئەم دەزگا هەستیارانە یەکبخرێن و رێکبخرێن و بەهێز بکرێن.

کوردستان لەم کاتەدا پێویستی بە حکومەتی رزگاریی نیشتمانی هەیە. ئەم حکومەتەش دەبێت بەرنامەیەکی چاکسازی و گۆڕانکاری پیادەبکات. ناکرێ چارەنووسی گەلەکەمان بخەینە دەستی گرووپێکی بەرژەوەندیخواز کە تەنها بیریان لای بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان و هەیمەنەی خۆیان بێت. دەبێت سەرجەم دڵسۆزانی نێو حیزبەکان فشارێکی توند دروستبکەن بۆ گۆڕینی ئاراستەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی حکومەت و رزگارکردنی لە گرێکوێرەی پشکی لایەنەکان بەرەو دانانی بەرنامەی رزگاربوونی ئابووری و سیاسیی هەرێم و بنیاتنانی ژێرخانێکی تۆکمە بە بەشداری هەموو لایەک.

حکومەتی بنکەفراوان کە تەنها بە مەبەستی بەشدارکردنی لایەنێکی زیاتر بێت لە کابینەکەداو دابەشکردنی پۆستەکان بێت، ناتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەم قۆناغە بێت و لە مەترسی دووبارەبوونەوەی کارەساتەکان بمانپارێزێت. تەنها وەڵامێک بە واقعی ئێستا پێکهێنانی حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانییە کە پلانێکی رۆشنی بەهێزکردنی دامودەزگاکان و چاکسازی و یەکخستنەوەی دامەزراوەکانی هەبێت و هەموو لایەک لە چوارچێوەی یەک نەخشەی عەمەلیدا کاری تێدا بکەن.



نوری بێخاڵی

# جا (گۆڕان) نەگەیشتووەتە کوێ؟!

هاوکارم (مەحمود یاسین کوردی) لە ژمارەی رابردووی هەفتەنامەی (رووداو)دا وتارێکی بەناوونیشانی (گۆڕان گەیشتە مەکتەبی سیاسی یەکگرتووش!) بڵاوکردووەتەوە. وتارێک هەرنا بەلای منەوە سەرنجڕاکێش بوو. وتارێک، ناوەڕۆکەکەی کەم و زۆر لە بیرۆکەیەکی پێشووتری من نزیک بوو دەربارەی سیاسەتی زیرەکانەی (گۆڕان) لە تێپەڕاندنی شەپۆلەکانی دەنگ و رەنگی خۆی بە ناڕاستەوخۆ بۆ ناو هێزە سیاسییەکان و تەنانەت دەزگا میدیاییەکانیش لە کوردستاندا. بیرۆکەیەک کە دەمێکە دەمەوێ بیکەمە وتارێک و پێموایە ئێستا کاتی هاتووە.

شتێک، کە لە تۆڕی میدیایی (رووداو) دا جێی خۆشحاڵییە و پێموانییە لە هیچ دامەزراوەیەکی میدیایی کوردستاندا هەبووبێت و هەبێت، ئەوەیە کە کارمەندەکانی لە باکگراوندی سیاسی و ئایدیۆلۆژی جیاوازەوە هاتوون و بە هەمان باکگراوندیشیانەوە لەناو دەزگاکەدا درێژە بە کار دەدەن. بەو مانایەی کەسیان ناچار بە چوونە ژێرباری ئایدۆلۆژیا و سیاسەتێکی دیاریکراو نەکراون و تەنها شتێک کە مەرجی پابەندبوونە، دیوە پرۆفیشناڵی و پیشەییەکەی کاری میدیاییە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە رووداو خاوەنی گوتارێکی سیاسی (مەبەست حیزبی و ئایدیۆلۆژی رووت و دیاریکراو) نییە، کە ئەمەیان جیاوازە لەو پەیام و ستێرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەی کردوویەتییە سەرمەشقی کاری خۆی. پەیامێکی نەتەوەیی — نیشتمانیی داماڵراو لە لایەنگیری شۆڤینییانە و بارگاوی بە پرەنسیپ و بنەما پیشەییەکانی کاری راگەیاندن. کەچی هەست دەکرێ لە سێبەری ئەم پانتاییە کراوەیەی (رووداو)دا، گوتارێکی سیاسی دیاریکراو چەکەرە دەکات کە دواجار زیان بە (رووداو) خۆی و پەیامەکەی و کارە پرۆفیشناڵییەکەی دەگەیەنێت و لەبەردەم وەرگرەکانیدا دەیخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی.. چۆن؟

روونتر بڵێین، ئەم هەلومەرجە کراوەیەی دەزگاکە وایکردووە، کە بە ئاگایی، یان بە نائاگایی بەڕێوەبەرانی کەناڵە جیاوازەکانی ئەم تۆڕە (تەلەفزیۆن و پۆرتاڵ و هەفتەنامەی رووداو)، هەست بە چڕۆکردنی گوتارێکی سیاسی دیاریکراو لە بەرهەمەکانیدا بکرێت. گوتارێک ئەوانە درکی پێدەکەن کە لە گەمەی زمان و بەلاغەتی سیاسی و هونەر و مانۆڕی دارشتنی هەواڵ دەگەن. ئیدی چ زمانی نووسینی وتارەکان بێت، یان جۆر و سروشتی دارشتنەوە و رووماڵی ئەو هەواڵ و راپۆرت و رێپۆرتاژ و بەدواداچوونە رۆژنامەوانیانەی پەیوەندییان بە رەوشی سیاسی کوردستان و بەتایبەتی ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکانەوە هەیە.

ئەو گوتارە سیاسییەی کە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بە ئاگاییەوە بێت، یان نائاگایی و بەبێ بەرامبەر ریکلامی بۆ دەکرێت، هەڵگری هەمان ئەو زمان و دونیابینییە سیاسییەیە کە بزووتنەوەی (گۆڕان) و دەزگا میدیاییەکانی هەیانە، وەک چۆن جار جارەش تۆنی هەندێ گوتاری خەوتووی ئیسلامییەکان و بەتایبەتی رەنگدانەوەی بیرکردنەوەی ئیخوانی (یەکگرتوو)ی بەسەرەوە دیارە. بۆ مێژووش، ئەو زەمینەی هێدی هێدی چەکەرەکردنەی ئەم فۆرمانە لە گوتار، کەمتر پەیوەندی بە کەمتەرخەمی عەقڵی بەڕێوەبردنی تۆڕەکەوە هەیە، بەڵکو زیاتر گرێدراوی دونیابینی کراوەی ئەو عەقڵە لەلایەک و لەلایەکی دیکە زادەی نەعرەی خەوتووی ناوەوەی خاوەنەکانیانە، وەک چۆن رەنگە خراپ سوودوەرگرتن لەو فەزا کراوەیەی (رووداو)یش بەشێک بێت، بۆ درێژەپێدانی ئەو گەمەیەی کە رەنگە لە ئایندەدا بە قازانج بۆ (رووداو) و دەستکەوت و دەستپێشخەرییەکانی لە بواری میدیادا نەشکێتەوە.

ئەگەر ئەم دەرکەوتەیە لە بێئاگایی و نیازپاکییەوە بێت شتێکە، ئەگەریش بە ئاگاییە و بە مەبەستی گەمەیەکی سیاسی و لەپێناو مەرام و مەبەستێکی سیاسی بکرێت، نەک ئاسایی نییە، بگرە خودی تۆڕەکە و پەیامە پرۆفیشناڵییەکەی دەخاتە ژێر پرسیاری قورس. چونکە ئەوە نە ئەرکی (رووداو)ە بێتە نێو گەمەی سیاسی حیزبەکان و حاکمی راوێژکاری دابەشکردن و بەشینەوەی پۆست و ئیمتیازەکانی کابینەی حکومەت و هێڵە گشتییەکانی پارسەنگ و هاوسەنگی هێزە رکابەرەکانی کوردستان یەکلا بکاتەوە و نە لەگەڵ خودی پەیامەکەی خۆیشیدا دێتەوە کە گەیاندنی هەواڵ و بەخشینی زانیارییە بە وەرگرەکانی خۆی.

بۆ نموونە، کارکردنی ناڕاستەوخۆ لە میانی گەمەی زمان و بەلاغەتی سیاسی و بەناوی شرۆڤەی هەواڵ و سیاسەت لەسەر تێکشکاندنی (یەکێتی) و چاوباشقاڵێ لەگەڵ (گۆڕان) کە سەرچاوەی تێڕوانینیان بۆ گەمەی سیاسی و رکابەری لەگەڵ (پارتی)دا یەک سەرچاوەیە و لە یەک کوانووی مێژوویی و ئایدۆلۆژییەوە هەڵدەقوڵێت، خزمەت بە پەیامی پیشەیی (رووداو) ناکات و هەرگیز بەم مانۆڕە ناتوانێ پەنجەی تۆمەت و زمانی گومانی خراپی هەردوو هێزی یەکەم، بە ئیسلامییەکانیشەوە کە سێبەریان لەوێدا هەن، لەسەر خۆی خاوبکاتەوە!

من پێشتر و لە وتارێکدا و هەر لێرە قسەم لەسەر هۆکاری پەکخستنی پێکهێنانی کابینەی نوێ کردووە. لەوێدا بە راشکاوی ئاماژەم بە مەترسی دووبارەکردنەوەی سیناریۆی بەغدا لە دژی (گۆڕان) لە کوردستان کردبوو. مەبەستم سیناریۆی دوورخستنەوەی (عەلاوی) و موجامەلەی (مالیکی) کە عێراقی بە ئەمڕۆ گەیاند و کورد تێیدا گەورەترین زیانمەندی پشتیوانیکردنی (مالیکی) بوو، وەلێ ئەوە بەو مانایە نییە مادام (گۆڕان) وەزارەتی ناوخۆی پێنادرێ، ئیدی دونیا خراپ دەبێت و ژیان دەوەستێ!

لەوێدا ئاماژەمان بە گەمە ناشیرینەکەی (یەکێتی) و دڕدۆنگی (پارتی)یش کردووە، لەوەی تا هەنووکەش نەیتوانیوە خۆی لە نێو بەرداشی ململانێی ئەو دوو حیزبەی کە یەک تێڕوانینی مێژوویی و ئایدیۆلۆژی لە رکابەریکردنی (پارتی) کۆیاندەکاتەوە، خۆی یەکلایی بکاتەوە.

بەهەرحاڵ، لەکاتێکدا هەموو لایەنە براوەکان پشکی خۆیان لە دروستکردنی ئەو قەیرانە و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بەردەکەوێت و شەڕی زیاتری هەر هەموویان لەسەر پۆست و ئیمتیازات و بەشە هەریسەی دەسەڵاتە و بە مووش دەنگی دەنگدەرەکانیان و داخوازییەکانیان لە خەیاڵدا نییە. بۆیە بەبۆچوونی ئێمە، ئەگەر وابڕوات، پێشنیاز دەکەم بزووتنەوەی (گۆڕان) دەزگای (وشە) و کەناڵە میدیاییە ئاشکرا و سێبەرەکانی خۆی دابخات و ئەو بودجەیەی لەو بوارەدا خەرجی دەکات، بۆ مەکۆکان و کار و چالاکی هەڵسوڕاوەکانی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان تەرخانی بکات. چونکە بەم هەناسەیەوە (رووداو) پێی خۆش بێت، یان نا، بە ئاگاییەوە بێت، یاخود نائاگایی، بە ناڕاستەوخۆ کارەکە بۆ (گۆڕان) تەواو دەکات و پەیامەکەی دەگەیەنێتە شەقام و هێزە سیاسییەکان و وەک مەزڵومی یەکەم و کۆتایی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان نیشانی دەدات و دواجاریش هەر (رووداو) باجی زمانی تۆمەت و گومانی ماکینە راگەیاندنە ئاشکرا و سێبەرەکانی (گۆڕان) و ئیخوانەکانی کوردستان دەداتەوە کە پێی دەڵێن (کەناڵی نەوتەکە و تەلەفزیۆنەکەی پارتی)!



سەرۆ قادر
saro.qadir@gmail.com

# تەنگژەی عێراق و کوردستان و لێ دەرچوونی

ئەو تەنگوچەڵەمانەی، عێراق بۆ کوردستانیان دەنێتەوە، وەرزی یەکەمی ساڵی 2014ی تەواو کرد. تا ئێستا عێراق براوەیە و گورزەکانی خۆی لە کوردستان دەوەشێنێ. ئێمە خۆمان لە تەنگژەی سیاسی دوای هەڵبژاردندا بووین، عێراق قۆستییەوە و شادەماری ئابووریی کوردستانی لەکارخست.

بۆ لەو کاتەدا، عێراق جەنگی ئابووری لە دژی کوردستان دەستپێکرد؟ ئایا ئێمە بەشێکین لە دەوڵەتێک کە بۆمان لە هەل دانیشتووە و تەمای لەناوبردنمانی هەر ماوە؟

کوردستان، لە چ ڕوانگەیەکەوە ستراتیژی خۆی بۆ مانەوە داڕشتووە؟ دەیەوێ عێراقی بێت؟ بۆ ئەو مەبەستە، چۆن بیر دەکاتەوە؟ دەکرێ بپرسین کوردستان بۆی هەیە مژاری عێراقیبوون دەستنیشان بکات؟

دەوڵەتی عێراق، بە درێژایی مێژووی خۆی، قۆناغێکی دۆستانەی لەگەڵ کوردستان نەبووە. ستراتیژی عێراق لەسەر بنەمای تواندنەوەی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە عەرەبی داڕێژراوە. ئەوە تەنیا قسەی ڕووت نییە، بەڵکو مێژوویەکی خوێناوی بەدواوەیە. دەوڵەتێک دەستی بچێتە ڕاگواستن و وێرانکردن و ئەنفال و کۆمەڵکوژی بە چەکی کۆکوژ، ئیدی لەوە زیاتر چی بکات تا بە کردەوە، نەیاریی خۆی نیشان بدات؟

دەوڵەتی عێراق، هەر کەس و لاباڵ و تایفەیەک بەڕێوەی ببات، هەر لەگەڵ کوردستان ناگاتە هیچ ئەنجامێک. چونکە لە ناخی کۆمەڵگای عەرەبیی عێراقدا بوارێک بۆ دانپێدانان بە دەوڵەتێکی پۆلۆڕالی نەتەوەیی و دینی نییە. ئەو سەردەمانەی سوننییەکانی عەرەب فەرمانڕەوا بوون، ستراتیژییان لەسەر بنەمای بێدەنگکردنی شیعە و تواندنەوەی کورد داڕشتبوو. ئێستا کە شیعەکان فەرمانڕەوان، بۆ بێدەنگکردنی سوننەکانی عەرەب و نەهێشتنی کورد کار دەکەن. دەوڵەتێک بڕیاری بڕینی بودجەی کوردستان بدات، ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت، ئەنفال دەستپێدەکاتەوە.

پێویستە ڕای گشتی کوردستان بە ئاگایی سیاسی هەڵەی خۆیدا بچێتەوە کە چەندین دەهەیە دانیشتوانی کوردستان بە عێراقیبوون و واقیعیبوون گۆش دەکات. لە ڕاستیدا لە ناخی کۆمەڵگای کوردستان و بزووتنەوە سیاسیەکەشیدا، نیازێک بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ستراتیژی کۆمەڵگای عەرەبی و لاباڵە سیاسییە جیاوازەکانی نییە. کورد هەمیشە بچووکترین سیستەمی کارگێڕی خۆی بە ئاقاری بنەمای سەربەخۆیی نەتەوەیی پاڵ دەدات، بۆیە زوو دەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ سیستەمی عەرەبی کە ئەویش بە نۆبەی خۆی، لەسەر بنەمای تەک ئیتنیکی و دژایەتیکردنی غەیرە عەرەب گۆش کراوە.

بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، ئایدیۆلۆژیای تەقییە بەکاردێنێ و هیچ کاتێک بەڕوونی نیازەکانی کوردستانی بۆ سەربەخۆیی دەرنەبڕیوە. ئەوەش زیاتر هانی ئایدیۆلۆجیای توندڕۆی عەرەبی عێراق دەدات، بیر لە ژیان بە هاوکوفیی لەگەڵ کورد نەکاتەوە. ئەوە لە کاتێکدا ڕوانگەی کەلتووری عەرەب، جەنگی هەموو جیهانی دەستپێکردووە، چونکە بە عەرەبی- ئیسلامیکردنی هەموو کەلتوورەکانی دنیا، بە ریسالەتی جیهادی خۆی دەزانێ.

ئەگەر لە خۆمان بپرسین بۆچی بزووتنەوەکەمان چووەتە ناو قاوغی تەقییە؟ بۆ لێتێگەیشتنی پێویستمان بە وردبوونەوەی سەرلەنوێ، لە چۆنیەتی پێکهاتنی ناسیۆنالیزمی کورد هەیە. بۆ ئەو کارەش، دەبێ لە واقیعی سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردی لە ناو سێکوچکەی کەلتووره باڵادەستە گەورەکانی دراوسێمان بکۆڵینەوە. ناوەڕۆک و شێوەی ناسیۆنالیزمی کورد، شەرمنانە و خۆبەکەمزانە. ئەو شەرمنی و خۆبەکەم زانینە، چۆن دروست بوو؟ تێگەیشتن لەو حاڵەتە لەوانەیە ڕێ نیشاندەرمان بێت بۆ داڕشتنەوەی سەرلەنوێی خواستەکانمان.

ئا لێرەدایە ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی بە تەقییە، غەدر لە کۆمەڵگای کوردستان دەکات و هیچ کاتێک داسەکنانی پێ نابەخشێ، چونکە تەعبیر لە خواستەکانی ناکات.

ئایدیۆلۆجیای بە تەقییەی نەتەوەیی ئێمە، کەشێکی لەبار نییە بۆ هەڵکەوتن و خۆنیشاندانی سەرکردەکانمان. وەک لە مێژووشدا هەیە، سەرکردەی پێکهاتە دینی و غەیرە دینییەکانی بە تەقییە هەرگیز نەبوونەتە ڕابەری مەزنی جیهانی. تەقییە سایکۆلۆجیای ترس و بێ پشتیوانی و خۆگونجاندن و سازش دروستدەکات. هەر ئەوەش هانیان دەدات بە دوای پاساوداندا بگەڕێن. باشترین پاساویش ئەو واقیعبینییە کە ئێمە کردوومانەتە بنەمای بیرکردنەوەی سیاسیمان.

هیچ کاتێک، کۆمەڵگای ناودەوڵەتی لە خۆیەوە بە هانای میللەتانەوە ناچێ و سنووری مافەکانیان بۆ دیاری ناکات. ئەوە میللەتانن دەبێ خواستی خۆیان دەرببڕن و لەسەری سووربن. جا لە هێنانەدیدا لەوانەیە قۆناغبەندی تێبکەوێ و لە قۆناغێکی دیاریکراودا سازش هەبێ. لێرەوە ناواقیعیەتی جۆری ڕەفتاری بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی ئێمە، لە پەیوەندی بە ئەمریکا و جیهان دەردەکەوێ. ئێمە ئەگەر خۆمان داوای سەربەخۆیی نەکەین، هیچ کاتێک لە ڕێککەوتنە ناودەوڵەتییەکاندا حسابی میللەتێکی سەربەخۆمان بۆ ناکەن. ئەو حسابنەکردنە هەموو مافەکانمان دەگرێتەوە.

لەلایەنی هەرێمایەتیشەوە، دوو دەهەی ئەخیرمان نیشانیداوە، تورکیا و ئێران و سووریا دژمانن، بەڵام ئەو ئەهریمەنە نین کە نەکرێ نەخێریان پێ بگوترێ. ئەگەر ئیرادەی سەربەخۆ هەبێت، لەم بارودۆخەی ئێستای جیهاندا، هیچ دراوسێیەکمان ناتوانێ ڕاستەوخۆ پەلامارمان بدات. هەڵبەت شەرمنی و خۆبەکەمزانیی سایکۆلۆجیای سەرکردەیی ناو بزووتنەوەی کوردستان پاڵی پێوەدەنێ هەمیشە لایەکی کێشەکانی بباتەوە تاران و ئانکارا و دیمەشق.

ئەوەی ئێستا کوردستانی لە بەرامبەر عێراق لاواز کردووە، بێ ئیرادەیی و لێڵیی فکرە، نەک سەرچاوەکانی خۆپاراستن و هێز. وەختێک ئیرادە نەبێت، هیچ سەرچاوەیەکی هێز بە هانای میللەتان ناگات. بێ ئیرادەیی کۆمەڵگا دەخاتە ناو بێ بەرنامەیی و پەرت و بڵاوی دەکات. ئێستا ئیرادەی میللەتی ئێمە پەرت بووە. ئەوە لە کاتێکدایە زۆرترین سەرچاوەی مرۆیی و زەمینی و وزەییمان لەژێردەستدایە، کەچی لە پشتەوەی پەردە، ڕاوێژکارە چەند پلەییەکانی پایتەختەکانی دراوسێمان، مژار بۆ سەرکردەی زۆربەی حیزبەکان دادەنێن. ئەو تەنگوچەڵەمەیەی ئێستا، نیشانیداین، کورد لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، یەکڕا و کۆک نییە.

لە پرۆگرامی حیزبە کاریگەرەکاندا جیاوازییەکی کوشندە هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستان، گەشەپێدانی ئابووری (کە تێزی نێچیرڤان بارزانییە) و پاراستنی باڵادەستیی خۆی کردووەتە ئامانج. یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ناوخۆیدا ناکۆکە و بەدەست لەتبوونەوە گرفتارە. بزووتنەوەی گۆڕان، کۆکردنەوەی لایەنگر و پاشماوەکانی یەکێتی نیشتمانی کردووەتە ستراتیژی خۆی و زۆر گرنگی بە پرسە سەروەرییەکان نادات. هەردوو حیزبە ئیسلامییەکان (یەکگرتوو و کۆمەڵ) تازە بیر لە دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی دەکەنەوە و ڕوانگای نەتەوەیی خۆیان تەعدیل دەکەن. PKK بە وجودی چەکداری و کاریگەری سیاسییانەی خۆی، لە نێوان حیزبەکانی باشووردا پارێزێن دەکات و هەمیشە تەرەفێکی گیروگرفتە.

وەک دیارە، هیچ پرۆگرامێکی هاوبەش نییە. ئەوە خاڵی لاوازیی کوردستانە لە پەیوەندی لەگەڵ عێراق و دەوروبەریدا. پێموایە ڕۆڵی سەرۆکایەتی فریادڕەس لە کۆکردنەوەی ئیرادە و فکری هاوبەشی تێکڕای بزووتنەوەکەدا دەردەکەوێ.

سەرباری ئەوەش، پێویستە نوخبەی ڕووناکبیری کوردستان، هاوکاری بزووتنەوەی سیاسی بکات و لە ساغکردنەوەی ستراتیژی سەربەخۆییدا بەشداری بکات. دوور وەستانی ڕووناکبیران، فکری سیاسی کوردستان لە سەرچاوەکانی خۆی بێبەش دەکات.

ئاماژەکان وا نیشان دەدەن، وەرزی گفتوگۆ بۆ یەکدی قبووڵکردنی عێراق و کوردستان کۆتایی هاتبێ. سەرۆک وەزیرانی عێراق، نوری مالیکی کە بە هێزترین سیاسەتمەداری عێراقی دوای 2003یە، بەردەوام کێشەکانی لەگەڵ کوردستان ئاڵۆزتر و زیاتر دەکات و بە ئاشکرا کینە بەرامبەر بە کورد تاودەدات. دوا نموونەی ئاخافتنی سەرۆکی عێراقی عەرەبی بەکارهێنانی خیتابی خوێن لەبەرامبەر خوێنە. بەخۆشحاڵییەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی لە بەرامبەر ئەو داخ لە دڵییەی مالیکی، پێشنیازی پێکەوە دانیشتن بۆ کۆتاییهێنان بەو هاوبەشییە دەکات کە عێراق بەردەوام پێشێلی دەکات. کورد، جیا لە مژاری سەربەخۆییەکی هێمنانە هیچی دیکەی لە پێش نەماوە. بۆیە پێویستە کۆتایی بە سیاسەتی تەقییە بهێندرێ و بەڕوونی ئەو ستراتیژییە نوێیە بخرێتە بەردەمی عێراق و ئەمریکا و هەموو لایەنە پەیوەندیدارە جیهانی و هەرێمییەکان. هەڵبەت بە گیانێکی سەردەمیانە، وەک هەمیشە بە تەساموح و لێکحاڵیبوون. کاتێک ستراتیژی سەربەخۆیی ببێتە ئامانج، بەو مانایە نابێ کە پەلە لە جیابوونەوە بکرێ. دەشێ پلانێکی پشوودرێژ بۆ ئەو ئامانجە دابندرێ و لەگەڵ عێراق و کۆمەڵگای ناودەوڵەتی باسی قۆناغبەندی و زەمانی پێویست بۆ ئامادەکاری بکرێ. هیچ سەربەخۆییەک بەبێ هاوکاری نێودەوڵەتی ناکرێ. زەمانی ئەوە هاتووە، پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان باسی بەردەوامی ئێمە بێت.



هێمن عەبدوڵڵا

# دەنگدەر تەقەش دەکات

دیموکراسی وشەیەکی گوناهە و هەموو کەس پێیدەوێرێ. تەنانەت ئەوانەی بڕواشیان پێی نییە، وەکو زەنگیانەی ڕەنگاوڕەنگ دەیکەن بە باڵای خۆیانەوە. بۆنموونە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی هەموو شتێکە تەنیا دیموکراتی نییە. حیزبە چەپەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەمریکای لاتین ئامادە نین ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێ لچێکی دەسەڵاتەکەشیان پێشانی نەیارە فیکرییەکانیان بدەن، کەچی لە ناوی ڕێکخراو و پارتەکانیاندا هەرگیز دیموکراسی غائیب نییە. دیموکراسی کچێکی نازدارە کە هەموو کوڕێک، جا خۆشیبوێت یان نا، حەزدەکات لەگەڵ ئەو ناوی بهێنرێت و دەنکی بێت.

بیر لە دیموکراسییەکەی باشووری کوردستان بکەنەوە. بەر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو، هێندەی ئەو گەڵا پاییزییانەی لە درەختەکان دەوەرین پارتە سیاسییەکان بەڵێنیان بە دەنگدەران دا کە خۆشگوزەرانیان بکەن و خەمیان بخۆن. کەچی درەختەکان گەڵای نوێیان گرتەوە و خەریکە دەوەرن، بەڵام پارتەکان لەسەر پێکەوەکارکردن (تۆ جارێ لە بەجێهێنانی بەڵێنەکانیان گەڕێ!) ڕێکناکەون. لە ڕۆژئاوای کوردستان ئیدارەیەکی خۆماڵی دامەزراوە و لە قوتابخانەکانەوە بگرە تاوەکو دەگاتە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و تەنانەت ناوی پارتی خاوەن دەسەڵاتیش وشەی دیموکراسیی پێوەیە، بەڵام فرەحیزبی و بەشدارکردنی خەڵک لە حوکمڕانیدا لە قۆناخی ئاخ بۆ هەڵکێشاندایە. بەزمی کابرای ئاینداره کە گوتوویەتی "بەقسەم بکەن بەڵام بەکردەوەم نا!".

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕەوشەکە لەوە باشتر نییە. لەوێ دوو حیزب هەن کە دیموکراتن، بەڵام تەواو دیموکراتی نین. تاوەکو چەند ساڵێک پێش ئێستا کاربەدەستانی ئەو حیزبانە ئامادەنەبوون تەنانەت لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامانیش وێنەیان یان لێدوانیان بکەونە تەنیشت یەکدی. لە یەک کەمپی پەنابەرێتیدا دەژیان و وەکو دوو کۆریاکە بەشی سەرەوە هەقی خوارەوەی نەبوو. ڕێبەرانی ئەو حیزبانە مێشکیان پڕکردووین لە باسی گرنگیی دیموکراتیزەکردنی ئێران، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێت نەیانتوانیوە لەنێوخۆیاندا بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن و فرەیی قبوڵ بکەن.

لە باکووری کوردستانیش دیموکراسی لەسەر کاخەز و نێو کتێبانەوە تەشریفی نەهێناوەتە نێو دنیای واقیع. لە هەڵبژاردنە لۆکاڵییەکانی ئەمجارەی تورکیادا، ئەوەی بەنێوی کوردەوە لە میدیا جیهانییەکاندا تۆمارکرا، شەڕە تفەنگ و چەقۆی نێوان کاندیدەکان بوو. ئەو وێنانەی گوازرانەوە وێنەی خوێن و پێکدادان و کەللەڕەقیی دەنگدەران بوون. دیسان لەوێش پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە کاتێک لەنێوخۆماندا دیموکراسییانە بیرناکەینەوە، چۆن دەتوانین چاوەڕوانیی ئەوە لە داگیرکەرانی کوردستان بکەین دیموکراسی بن لەگەڵمان؟ کاتێک خۆمان نموونەی ئەو گۆڕانکارییە نین کە دەمانەوێ لە دەوروبەرماندا ڕووبدات، چۆن دەتوانین ئەو چاوەڕوانییەمان لەو دەوروبەرە هەبێت؟

ڕەنگە ئێمە بەهەڵە لە دیموکراسی تێگەیشتبین. هێندە هەڵە کە پێمانوابێت دیموکراسی بەمانای پرسەگورگانەکردن بە خەڵک و دواییش پشتگوێخستنیان دێت. هەڵبەت خەڵکیش یادەوەریی لاوازە و ئەوەی زوو بیردەچێتەوە. مانگی نیسان لە باشووری کوردستان مانگی بەڕێوەچوونی پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردن دەبێت. جا هەر ئەو خەڵکەی لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا پرسەگورگانەیان پێکرا، دێنەوە سەرشەقام. زۆریش تووڕەیان بکەیت لەپێناو پارت و کاندیدەکانیاندا تەقەشت لێدەکەن.



دەیڤد ڕۆمانۆ *

# پوتین پشتگیریی دەوڵەتی یەکگرتووی کورد دەکات

ئێستا سەرنجم ڕاکێشان بۆ بابەتەکە، لەڕاستیدا ڤلادیمێر پوتین هیچ پشتگیرییەکی بۆ دەوڵەتی یەکگرتووی کورد ڕانەگەیاندووە. ئەو جیهانەی تێیدا دەژین پڕە لە نادادپەروەری بەرامبەر گرووپ و نەتەوەی جیاواز. لەڕاستیدا ئەوەی پوتین گوتی لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە ئەمە بوو: "نەتەوەی ڕووسیا بووە گەورەترین نەتەوە لە جیهاندا کە سنوورەکان جیای کردبێتەوە".

> هەر بەشێکی کوردستان ئەگەر بڕیاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی دا، باشترە زۆر پشت نەبەستێ بە یاساو پرەنسیپ و ڕووداوە هاوشێوەکانی پێشوو

بوونی 27 ملیۆن ڕووسی لە دەرەوەی ڕووسیا، بەوانەشەوە کە لە ئەمریکا و ڕۆژئاوای ئەورووپا دەژین، وادەکات کە قسەکەی پوتین ڕاست بێت کاتێک دەڵێت لەدوای ساڵی 1991ەوە نەتەوەی ڕووسی بووە بە گەورەترین نەتەوە کە سنوورەکان جیای کردبێتەوە. بەڵام ئەگەر باس لە ژمارەیەک لە خەڵک بکەین کە لە وڵاتی خۆیان دابڕێندراون بەهۆی گۆڕانکاری لە سنوورەکاندا، ئەوا نەتەوەی ڕووسی گەورەترین نەتەوە نین لە جیهاندا. بوونی 30 تا 40 ملیۆن کورد لە جیهاندا بەبێ بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هیچ شوێنێکی جیهاندا، ئەو شەرەفە نەخوازراوە بە کورد دەدات. پاش ئەوەی ئۆکرانیا لەساڵی 1991 سەربەخۆیی وەرگرت، کورد بوونە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهاندا.

لە پاش ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کریمیا و لکاندنی ئەو هەرێمە بە وڵاتەکەیەوە، وادەردەکەوێ کە پوتین بڕوایەکی بەهێزی هەبێت بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ نەتەوەکان. زۆرینەی بە ڕەگەز ڕووسییەکانی هەرێمی کریمیا خوازیاربوون هەرێمەکەیان ببێتە بەشێک لە دەوڵەتی ڕووسیا، وەک دەبینن، پوتین خۆی ناچار بینی بۆ بەدیهێنانی خەونی ڕووسەکانی ئەو هەرێمە. بەپێی وتەی ڕووسەکان، لکاندنی کریمیا بە ئۆکرانیاوە لەساڵی 1954 هەڵەیەکی مێژوویی بوو، بۆیە وا دەردەکەوێ ئەو هەڵەیە پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەبێت.

دەزانم کە زۆرینەی کورد حەزدەکەن ئەم جۆرە شتانە لە جیهاندا ڕووبدات. هۆکارەکەشی ئەوەیە هەتا سنوورە دیاریکراوەکانی جیهان بایەخیان کەمتر ببێتەوە باشترە. باوەڕیان وایە، هەتا زیاتر خەڵک باس لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان بکەن، چانسی ئەوە زیاترە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کۆتاییدا دان بەو مافەدا بنێ بۆ کوردیش. هەروەها بەهیوان کە ناعەدالەتییەکان لە کێشانی سنوورە سیاسییەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی ڕاستبکرێتەوە. کریمیا، باشووری سوودان، ڕۆژهەڵاتی تەیموور و کۆسۆڤۆ، ئەمانە هەموو مۆسیقان بۆ گوێی کورد.

بەڵام ناتەواویەک لە ئاوازی ئەو مۆسیقایەدا هەیە: ئەویش دووڕوویی جیهان و دەنگی زوڵاڵی ئەو ناعەدالەتیانەن کە بەرامبەر گرووپ و نەتەوەیەکی دیاریکراو دەکرێ. بۆ نموونە کاتێک دێتە سەر مەسەلەی سووریا، پوتین باس لە سەروەریی خاک و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان دەکات. گرنگ نییە کوردی سووریا چەندە ڕیفراندۆم دەکەن و چەند هەڵبژاردن سازدەکەن، هیچکام لە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان بە ڕووسیای داکۆکیکەر لە مافی بڕیاردانی چارەنووسیشەوە دان بەماف و کۆششی کوردی سووریادا نانێن. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژئاوای ئەورووپا بەهەموو شێوەیەک پشتگیرییان لە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کۆسۆڤۆییەکان و دروستکردنی کۆماری کۆسۆڤۆ دەکرد، هیچ بەلایانەوە گرنگ نەبوو ئەگەر دروستکردنی ئەو قەوارەیە پێشێلکاری مافی سربییەکان بووایە. تەنانەت کەوتنە بۆردومانی سربیا لە کاتێکدا کە ڕووسیای هاوپەیمانی سربیا لاوازتر بوو لەوەی هیچ کاردانەوەیەکی هەبێت. ئێستا کە یەکێک لە هاوپەیمان و هاوڕێکانیان هەرێمێکی لەدەست دەدات، لە پڕێکدا بابەتی وەک "ئەمە پێشێلکاریی تەواوی سەروەریی ئۆکرانیایە" دەبێتە جێی گرنگی بۆیان.

بۆیە هەر بەشێک لە بەشەکانی کوردستان ئەگەر بڕیاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی دا، باشترە زۆر پشت نەبەستێ بە یاساو پرەنسیپ و ڕووداوە هاوشێوەکانی پێشوو. تەنها ئەو نەتەوانەی کە وڵاتە زلهێزەکانیان لە پشتە سوود لەم دوو ڕووییە وەردەگرن.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# کێشەی عێراق تیرۆر و دیموکراسییە؟

هەموو دەستەبژێری سیاسی عێراق بەیەک ئاواز قسە دەکەن، ئەوان هەمیشە ئەم قەوانە لێدەدەنەوە کە عێراق کێشەی تیرۆری هەیە و پێویستی بە دیموکراسیشە، ئەم دەستەبژێرە ماوەی 11 ساڵە لەسەر ئەم ئاوازە دەخوێنن، کەچی هێشتاش نە تیرۆر بنەبڕکراوە و نە دیموکراسیش بنجی داکوتاوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەردەوام تیرۆر لە عێراقدا بەهێزتر دەبێت و دیموکراسیش تادێت بێ ماناتر دەبێت.

لە دیدارەکەی سلێمانیدا کە مانگی ڕابردوو زانکۆی ئەمریکی لە عێراق ڕێکیخستبوو، دیسانەوە ئەم ئاوازە کەوتەوە کار.

"عێراقی نوێ ڕووی لە دیموکراسی ناوە و هێزە تاریکەکانیش ناخوازن عێراق بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێت" ئەمە ئەو شێوازی گوتارە بوو کە کەسایەتییە سیاسییەکانی کۆکراوە لەو دیدارەدا قسەیان پێدەکرد.

ئەمەش گوتاری دەستەبژێری سیاسی عێراقە لەدوای 2003. هەر کەسیش لەم گوتارە لابدات و بەم ئاوازە نەخوێنێ دەکرێتە دەرەوەی یاریگاکە وەک کەسایەتی سیاسی میسال ئالوسی.

11 ساڵە ئەم ئاوازە لەعێراقدا ئیش دەکات و ئەم قەوانەش لێدەدرێتەوە و ڕۆژ بەڕۆژیش عێراق بەرەو نادیموکراتیبوونی زیاتر هەنگاو دەنێت و هێز و گرووپە تیرۆرستییەکانیش زیاتر پەل دەهاوێژن و بەهێزتریش دەبن و ڕۆحی هاووڵاتیانی سڤیلی عێراق دەستێنن.

ئەم ئاوازی "دیموکراسییە" ئەم قەوانی "تیرۆر"ە بە تەنیاش وەک دەنگێک و گوتارێکی تیۆری نارۆشن نەکەوتووەتە کار، بەڵکو بەسەدان هەزار دۆلاریش بۆ ئەم قەوان و ئاوازە خەرج دەکرێت، بێ ئەوەی نە دیموکراسی هەنگاوێک بچێتە پێشەوە و نە تیرۆریش هەنگاوێک پاشەکشە بکات.

تیمی دەستەبژێری ئەم ئاوازە کە لەدوای 2003وە بە چانس و بە ئەمانەت ئەم وڵاتەیان درایە دەست، ئەم ئاوازە بەبەردەوامی دەڵێنەوە، بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش ڕاوەستن و لەخۆیان بپرسن: تائێستا چیمان کردووە؟ بەکوێ گەیشتووین؟ چەندێک عێراقمان بەرەو دیموکراسی بردووە و چەندێک تیرۆریشمان لاواز کردووە؟

ئەوان بەردەوام وەک سەرخۆشی مەست و حەیران ئەم قەوانە لێدەدەنەوە بێ ئەوەی ئاگایەکی هۆشیارانەیان لە بارودۆخە ڕاستەقینەکە هەبێت.

بێگومان هەموومان دەزانین تیرۆر کێشەیە و دیموکراتیەتیش سیستمێکی نموونەییە بۆ ڕێکخستنی هەر وڵاتێک، ئەمە ئارگۆمێنتێکی هێندە نوێ نییە کە پێویستی بە سەلماندن بێت، بەڵام ئایا ئەو تیرۆر و دیموکراسیەتەی بژاردەی سیاسی عێراق لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا و لە بورجە عاجییەکانی خۆیاندا باسی دەکەن ئەو تیرۆرەیە کە دەبێت لەناو ببرێت و ئەو دیموکراسیە ڕاستەقینەشە کە دەبێت بچەسپێنرێت.

من پێموایە دەستەبژێری سیاسی عێراق کە باس لە چەسپاندنی دیموکراسیەت و لەناوبردنی تیرۆر دەکات، بەهیچ شێوەیەک مەبەستیان ئەو دیموکراتیەتە ڕاستەقینەیە نییە کە کۆمەڵگاکان ئاتاجیان پێیەتی و بەهیچ شێوەیەکیش بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و بەڕێگایەکی دروست دژی ئەو تیرۆرە نین کە تیرۆری ڕاستەقینە و ماکینەی چنینەوەی ڕۆحی عێراقییەکانە.

ئەو دیموکراتیەتەی دەستەبژێری سیاسی عێراق باسی دەکات، خاڵییە لەهەرچی بەهای دیموکراتیەتی ڕاستەقینە، وەک شەفافیەت، دادی کۆمەڵایەتی، نەزاهە و گواستنەوەی ڕاستەقینەی ئاشتیانەی دەسەڵات.

ئەم دەستەبژێرە دیموکراسیەتێکی دەوێت کە ببێت بە زامنی دابینکردنی بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیان، وەک تا ئێستا بووەتە بەرژەوەندی ماددی و ئیمتیازاتی دیبلۆماسی و مسۆگەرکردنی ژیانێکی بۆرجوازیانەی جیاواز لە زۆرینەی هاووڵاتیانی دیکە.

ئەگەر گوێ لە گوتاری ئەم دەستەبژێرە بگریت، بەهیچ شێوەیەک — بەقسەش بێت- گوێت لە موفرەدەی "دادی کۆمەڵایەتی" بۆ نموونە نابێت، ئەم حاڵەتە لەڕووی شیکاری دەروونیشەوە نیشانە پرسیار گەلێکی گەورە لەسەر ئەم گوتارە دروستدەکات. بۆچی ئەم نوخبەیە باسی عەدالەت ناکات، بەڵام باسی دیموکراتیەت دەکات؟

دیموکراتیەت چ مانایەکی هەیە لەکۆمەڵگایەکدا کە دادپەروەری بوونی نییە و پرسیار نییە، هەموو ئەوانەی بەشوێن ئاوازی دیموکراتییەوەن لە عێراقدا، ڕقیان لە دادی کۆمەڵایەتییە، چونکە لەبەشێکی زۆری ئەو دەستکەوت و ئیمتیازاتانە بێبەشیان دەکات کە بەهۆی ئەو شێوە تایبەتە لە دیموکراتیەت کە خۆیان مەبەستیانە و حەزیان لێیەتی دەستیانکەوتووە.

بوونی تیرۆر و نەبوونی دیموکراسی لە عێراقدا هۆکاری کێشەکان نین، بەڵکو دەرەنجامی زۆر کێشەی ڕاستەقینەی دیکەی ئەم وڵاتەن کە نەک چارەسەر ناکرێن، بەڵکو باس ناکرێن و دەستەبژێری سیاسی عێراقی نوێ حەزیان لە باسکردنی نییە.

ئەم دیموکراتیەتەی ئێستا لە عێراقدا بەرقەرارە، دیموکراتیەتێکە بەرژەوەندی و ئیمتیازاتی بەکۆمەڵێک کەس بەخشیوە و لە ئەوانی دیکە جیای کردوونەتەوە.

دیموکراتیەتێک کە خاڵییە لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بووە بە خێر و خۆشی بۆ هەندێک و بووە بەماڵ وێرانیش بۆ ئەوانی دیکە. ئەم جۆرە لە دیموکراسی هەرگیز بەسەر تیرۆر و هێزە تاریکەکاندا سەرناکەوێت، مەگەر بە خەیاڵ نەبێت.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more

# ئیسپانییەکان دۆکۆمێنتارییەک لەسەر هەڵەبجە دروست دەکەن

10




خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە
077 1111 0000

Ford
بەرەو پێشتر

نیڤا
بۆ بازرگانی ئۆتۆمبیل سنووردار

REKLAM

HONDA
The Power of Dreams

PILOT

بەشی قیستی مانگانە بە ڕێگەی ئیسلامی بە بێ ڕەهنی عەقاری
ئۆتۆمۆبیلی هۆندا بکڕە و دوای مانگێک یەکەم قیست بدە
التمويل الداخلي متوفر بعقد إسلامي بدون رهن عقاري
إشتري سيارة هوندا و إدفع اول قسط بعد شهر




التسهيلات
TASHEELAT
Tasheelat for General Trading & Cars
100 Meters Road, Nawroz Area,
Next to Real Estate Bank,

- 3ساڵ/100،000کم گەرەنتی
- سێرڤیز سێنتەر
- ئاڵوگۆڕ کردنی ئۆتۆمبیل
- کڕین لە ڕێگەی قستەوە بە بێ بانق

For more information:
0750 598 1111
Honda iraq Honda.iraq
www.tasheelatiraq.com

نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژاوا
فلکەی شادی
شەقامی ١٠٠ مەتری
١٠٠ مەتری
بەنکی عەقاری
HONDA